**فوئاد عەبدولڕەحمان**

# بیر ـ ئاوەز ـ زمان

**سلێمانی ـ ٢٠٠٩**

---

مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)

سلێمانی ـ گەڕەکی سەرچنار ـ ١٢١

کۆڵانی ـ ٤٤ ـ ژ. خانوو ـ ١

---

www.hoshiari.org

govarynovin@yahoo.com

ناوی کتێب: بیر ـ ئاوەز ـ زمان

ناوی نووسەر: فوئاد عەبدولڕەحمان

fuadgomei@yahoo.co.uk

دیزاینی ناوەوەو بەرگ: ئەمیرە عومەر

چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

تیراژ: (١٠٠٠) دانە

ژمارەی سپاردن: (١١٢٨) ی ساڵی ٢٠٠٩

ژ. زنجیرە : (٢٩٢)

لەبڵاوکراوەکانی مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ک)

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| **١. بیری كوردو بازنەی پساوی مێژوو** | ٩ |
| ـ بیر | ٩ |
| ـ بیر وەک ئامرازی بەرهەمی تیۆری | ١٢ |
| ـ ئاوەزی دروستکەرو ئاوەزی دروستکراو | ١٥ |
| ـ ئیپستمۆلۆجیی رووناکبیریی کورد | ١٦ |
| ـ سەرەتای دیاردەی رۆشنبیری | ١٩ |
| **٢. فەلسەفە لە یۆنانەوە بۆ كوردستان** | ٢٦ |
| ـ پێشەکی | ٢٦ |
| ـ مێژووی شاری حەڕان | ٢٨ |
| ـ بزووتنەوەی بیری فەلسەفیو وەرگێڕان لە (حەڕان)دا | ٣٥ |
| **٣. زوروانگەری** | ٥٤ |
| ـ (زوروان) بە کورتە روانگەیەکی تێرمینۆلۆژیو فەلسەفی | ٥٤ |
| ـ سەرچاوەی مێژوویی زوروان | ٦٥ |
| ـ تیۆلۆژیی موغەکان | ٦٨ |
| ـ لێکدانەوەی تیۆلۆجی ئاینی زەردەشتی | ٦٩ |
| ـ نووسینەوەی دەقی وەرگێڕاو | ٧٥ |
| ـ سەردەمی وەرگێڕان | ٧٧ |
| ـ زمانو ئایین | ٧٨ |
| ـ رۆڵی ئیسلام لە رووخاندنو ئاوێتەکردنی رۆشنبیریی کورددا | ٨٠ |
| ـ بزووتنەوەی رووناکبیریی مانییەکان | ٨٤ |
| ـ مانی ئۆمانیس | ٨٦ |
| **٥. سوهرەوەردیو فەلسەفەی رووناکی لە نێوان شەریعەتو حەقیقەتدا** | ٩٢ |
| ـ پێشەکی: بۆچی سوهرەوەردی؟ | ٩٢ |
| ـ مێژینەی فەلسەفەی ئیسلام بەر لە سوهرەوەردی | ٩٤ |
| ـ سەرچاوەکانی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردی | ٩٧ |
| ـ ژیانو دەوروبەرو سەردەمی سوهرەوەردی | ٩٨ |
| ـ لێکۆڵەرەوانی سوهرەوەردی | ١٠٥ |
| ـ بەرهەمەکانی سوهرەوەردی بە پێی مێژووی نووسینیان | ١٠٧ |
| ـ نموونەی پاشماوەبەرهەمی سوهرەوەردی | ١٠٩ |
| **٦. شانامەی حەقیقەت** | ١١١ |
| ـ ئەحقاقی حەقو کۆچی کوردی | ١١١ |


بیر . ئاوەز . زمان

- ڕێبازی ئەهلی حەق ١١٤
- یارسان ١٢١
- سەرنجام ١٢٤
- شاهنامەی حەقیقەت، یان ئەحقاقی حەق و کۆچی کوردی ١٢٥
- هێنری کۆربایین ١٣١

**٧. هرمز خوداوەندی وەرگێڕان (پرۆسەی تێگەیشتن لە تێگەیشتن)** ١٤٠
- پێشەکی ١٤٠
- لێکدانەوە بە واتای خوێندنەوە ١٤٤
- لێکدانەوە بە واتای ڕوونکردنەوە ١٤٨
- لێکدانەوە بە واتای وەرگێڕان ١٥٠

**٨ـ پەیوەندیی وەرگێڕان بە (پۆست کۆلۆنیالیزم)ەوە** ١٥٤

**٩ـ ئەپۆریای هێرمۆنیتیکاو پەردەی زمان (هونەری تێگەیشتن لە دەق)** ١٦٦

**١٠. ماتماتیکی زمانی هۆنراوی کوردی** ١٧٠

**١١. هونەری خاڵبەندی لە چاپدا بە زمانی کوردی** ١٩٦
- پێشەکی ١٩٦
- خاڵبەندی ٢٠٠
- فەرهەنگی نیشانەکانی خاڵبەندی ٢٠٥

**١٢ـ دەقێکی وەرگێڕاو: چەند وانەیەکی مێژووی بیری رامیاریی نوێ** ٢٠٦
- بیری سیاسی لە سەردەمی راپەڕینو لە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمدا ٢٠٩
- مایکیاڤیللیو دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم ٢٢١
- مایکیاڤیللیو مێژینەی شاری (فلۆرانس) ٢٢٣
- بناغەکانی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمی بەهێز ٢٢٨
- کۆسپەکانی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم نەتەوەیی ٢٣٥
- ژیانی رامیاری لە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمدا ٢٤٠

**١٣. رودۆڵف کارنەپ:** نوێنەری پۆزەتیڤیزم ٢٥٢

**١٤. لۆدڤیچ ڤچنشتاین:** گەمەی زمان ٢٥٩

**١٥. ئەلفرێد جولێس ئایر:** زمان، حەقیقەت، لۆجیک ٢٦٢

**١٦. ئێریک هۆبزباوەو نوێکردنەوەی مێژوو:** نرخاندنەوەی پرسیارەکانی مارکس ٢٦٥

خوێنەری هێژاو بەڕێزم:

لە راستیدا ئەم کتێبۆلکەیە بریتییە لە بەشێ لە کۆی کۆمەڵێ نووسینو توێژینەوەو خوێندنەوەم سەبارەت بە بیرو ئاوەزو زمان، کە لە درێژایی بیست ساڵی رابردوو لەلامدا کۆبوونەوە. شایانی باسە، زۆربەی ئەم نووسینو خوێندنەوانە، لە چەند گۆڤارو رۆژنامەیەکدا بڵاوبوونەتەوە. بەڵام بە کارێکی خراپم نەزانی پێکەوە گرێیان بدەمو پێداچوونەیەکیان بکەمو بەم قەوارەیە چاپیان بکەمو بیانخەمە بەردەستی خوێنەرانم.
بە دەرفەتیشی دەزانم، کە سوپاسی هاوڕێم (عوسمان گوروون) بکەم بەرامبەر بەو ئەرکەی لە دوو رۆژدا کێشای لە خوێندنەوی دەستنووسی ئەم کتێبۆلکەیەو دەربڕینی هەندێ تێبینیو رێنمایی بەسوود، لە بارەی نێوەڕۆکو شێوازەکەیەوە، تا بگاتە ئەوەی بەم شێوەیەی ئێستا بێتە بەردەست.

فوئاد عەبدولڕەحمان
سلێمانی ١/ ١/ ٢٠٠٩

# بیری کوردو
# بازنەی پساوی مێژوو

**بیر:**

بیر ئاوێتەو بەرەنجامی بیرکردنەوەی ئادەمیزادە سەبارەت بە جیهانی دەرەوەو ناوەوەی. بیرکردنەوەش هەڵبەت هەرە گرنگترین دیاردەیە لە ئادەمیزاددا، کە بە هۆیەوە لە هەر بوونەوەرێکی بوون جوداتر بێ. بە واتایەکیتر، دەتوانین بڵێین (بیر) زاخاوو ناوەڕۆکی بیرکردنەوەی مرۆڤە بەرامبەر دەوروبەرەکەی، واتە کۆمەڵێ راو بۆچوونیەتی، کە رۆژانە بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی دەری دەبڕێو بەو دەربڕینە (بوون)ی خۆی لە ئاستی شتەکانو کەسانی دی دەستنیشان دەکا. جا





مرۆڤ، لەبەر ئەوەی زیندەوەرێکی بە سروشت کۆمەڵگاییە، ئەو بیرەشی، بە ئەنجام، پێکەوە لەگەڵ بیری کەسانیتردا دەبێتە بیری کۆمەڵگاکەی، کە ئەندامێکە تیایدا. بە واتایەکی دیو بە دەربڕینێکی دی، بیری (مرۆڤ)ی تاک، کە تێکەڵ بە بیری مرۆڤی بە کۆمەڵ دەبێ، دەبێتە شێوە ئایدیۆلۆجیایەکو بوونو تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵەی پێ دەستنیشان دەکرێو لە کۆمەڵێکیتری جیادەکاتەوەو بەرە بەرە ئەو ئایدیۆلۆجیایە قەتماغە دەگرێو دەبێتە رەوشتو دابو نەریتو فەرهەنگو یاساو رامیارێو دەستوورو کولتوورو ئەدەبو هونەر، بە گشتی هەوێنو بەروبوومی ئاوەزی کۆمەڵگاکەو مرۆڤەکانی نێوی، کە رەنگو رەفتاری تایبەتمەندی خۆیان وەردەگرنو بە پاڵپشتی هەندێ دیاردەیتر، وەک زمانو خوێنو خێزانو نەژادو نەتەوەو جوگرافیاو مێژووو ناوی گەلو نەتەوەشیان لێ دەنرێ. کەوا بوو، بە پێی ئەم خەسڵەتە تایبەتەی بیری مرۆڤ، ئاوەزەکەشی دەردەکەوێ. واتە سێ کوچکەی (بیر ـ ئایدیۆلۆجیا ـ ئاوەز) ئەو بناغەیەیە، کە (مرۆڤ ـ گەل ـ نەتەوە)ی لەسەر بنیاد نراوە.

هەڵبەت، بیر وەک ئاوەزو بیر وەک ناوەڕۆک هێند تێکەڵاوی یەکترن، گەلێ بە سەختی بە

ئێمەومانان بۆمان لە یەکتر جیا دەبنەوە، چونکە بەم واتایە دەتوانم روونی بکەمەوە، کە بیر خۆی ئامرازی خۆیەتی، واتە خۆی بەرهەمهێنەری خۆیەتی، بۆیە هەر مرۆڤێکی بیرمەند، کە بیرێ دێنێتە بەرهەم، بێگومان خۆی دێنێتە بەرهەم. بێگومان بیری خۆیشی، لەو داکەوتەوە سەرچاوە دەگرێ، کە تیایدا دەژیو پەروەردە دەبێ. بۆ نموونە: کەسێکی کورد، ئەگەر بە زمانی عەرەبیش دەقێکی نووسیبێ، یاخود بە زمانی تورکی، ئەم نووسەرە تەنها ئەوەی کردووە ئەو زمانەی وەکو ئامرازێ بۆ دەربڕینی بیری خۆی بەکارهێناوە، چ بە نەگەتیڤو چ بە پۆزەتیڤو ئەوە ناگەیەنێ، کە بووبێ بە عەرەب، یاخود تورک. بۆ نموونە: (رۆژهەڵاتناسان) تا بڵێی لە چەمکی رۆژهەڵاتیان زیاتر وەک لە رۆژئاوا بە نووسین کۆڵیوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی خۆیان رۆژهەڵاتی نەبوون، هەر لە دیوی دەرەوەی ناسنامەی رۆژهەڵات ماونەتەوەو نەبوون بە نووسەری رۆژهەڵاتی، چونکە هەمیشە لە دەرەوەی فەرهەنگی رۆژهەڵاتدا بوونو تیایدا پەروەردە نەبوونو خۆیان بەشێ نەبوون لێی. بە واتایەکی دی، ئەو رۆژهەڵاتگەرانە هەمیشە لە روانگەی بیری رۆژئاواییەوە روانیویانەتە رۆژهەڵات. کەواتە، بیرکردنەوە وەک ئامرازی





فەرهەنگێ، بەر لە هەر شتێ، لایەنگیریکردنی بیرمەندەکەیە بە داکەوتو ئەو فەرهەنگە کۆمەڵایەتیو نەتەوایەتییە، کە تیایدایەتی، نەک لە دەرەوەیدایەتی. ئیدی ئەو فەرهەنگەش، چ کەلەپوورو میراتی بێو چ تاکەکەسیو چ روانگە بێ بۆ بوونو مرۆڤو جیهانو گەردوون، هەر لە خاسییەتو موڵکایەتیی تایبەتی ئەو رووناکبیرەدا دەمێنێتەوە. کەواتە بەم واتایەش دەتوانین بڵێین، کە هەر مرۆڤێ لەم زەمینە، وەکو بەردەکەی (سیزیف)ی بە کۆڵەوەبێ، بیەوێو نەیەوێ، مێژووەکەی خۆیی بە کۆڵەوەیە. هەروەها بیەوێو نەیەوێ، ئەو بیرەی هەیەتی، مۆرکو میراتیو پاشماوەی داکەوتە شارستانیەتەکەی تیادا بۆ کەڵەکە بووە.

## بیر وەک ئامرازی بەرهەمی تیوری:

بێگومان، ئەوەی ئێمە ناومان لێ ناوە ئاوەز (عەقڵ)، بە پێی خاوەنێتیەکەی ناوی لێدەنێین، بۆ نموونە: ئاوەزی فەیلەسووفو ئاوەزی گەلو ئاوەزی میللەتو ئاوەزی یۆنانیو ئاوەزی عەرەبو ئاوەزی ئینگلیزو ئاوەزی تورکو ئاوەزی کوردو.. هتد. بەڵام بۆ خوێندنەوەی هەر جۆرە ئاوەزێ، هەڵبەت ئاسانترین ریگا خوێندنەوەی ئاوەزی

(خۆ)یە، واتە من دەمەوێ، هەر لێرەوە شوێنپێی سوكرات هەڵگرم، كە دەڵێ: "خۆت بناسە". مەبەستیشم بۆ هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە (ڕێبازە) لەوەوەیە، كە وەكو (لالاند) دەڵێ: لە "ئاوەزی دروست بوو" بگەم. واتە ئەو ئاوەزەی بە موو لە مێژوو جیا نابێتەوە. واتە نەك ئەو ئاوەزە گەردوونییەی، كە (هێراكلیتۆس) ناوی لێ ناوە (لۆگۆس) ـ ئاوەزی گەردوونی، بەڵكو ئەو هەمە ئاوەزەی، كە ئەناكساگۆڕەس ناوی لێ ناوە (نۆس).

واتای وشەی (ئاوەز) هەر لە سەردەمی یۆنانییە كۆنەكانەوە (گریك)، تا ئەم سەردەمە نوێیەی ڕۆژئاوا، لە بواری (زانین ـ المعرفە)دا بووەو بەكارهاتووە، كە (ریزن، راشن)، واتە زانینی هۆ، كە بە تایبەتی لە سەردەمی ڕەواقییەكانەوە داهاتووە، كە باوەڕیان وا بووە، كە دانایی ئەوەیە مرۆڤ، بە پێی یاسای سروشتی، واتە بە پێی لۆگۆس (ئاوەزی گەردوونی) بژی. لە زمانی عەرەبیشدا، ئەم زاراوەیە (العقل) لە بناغەدا پەیوەندیی بە ڕەفتارو ڕەوشتەوە بووە، چونكە واتای (عقل) لغاو دەگەیەنێ، واتە مرۆڤ دەبێ لغاوی هەبێو كاری چاكە بكاو كاری خراپە نەكا، واتە مرۆڤێ ئەگەر (عقل)ی بوو، مانای ئەوەیە،





ڕەفتارو ڕەوشتی باشی هەیە. بەڵام لە زمانی كوردیدا، بەرامبەر بە وشەی (عەقڵ) (كە لە زمانی عەرەبییەوە ئەم وشەیەمان ڕاستەخۆ وەرگرتووە) (هۆشو ئاوەز)مان هەیە، كە هەردوو زاراوەكە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە كاری مێشكەوە، نەك ڕەفتارو ڕەوشتەوە، هەیە، كە بەرامبەرەكەی (هەست)ە، واتە مرۆڤێ ئەگەر هۆشو ئاوەزی هەبێ، واتە هەستیارە. بەرهەمی ئەو هۆشەش (بیر)ە، كە لە فەرهەنگی كوردیدا بە واتای شوێنی (قووڵ)یش دێ، واتە شتی هەرە بنەوەو ناوەوەو شاراوەو پەنهانو بە گران پێزانینیو درككردنیو پەی بۆ بردنی.

كەواتە (عەقڵ)و (ئاوەز)و (بیر) لە بنەمادا ئامرازی زانینی چاكەو خراپەیە، هەڵەو ڕاستییە. مرۆڤی ئاقڵ (دانا) (زانا) ئەو كەسەیە، كە ڕاستی زانیبێو هەڵەی نەكردبێ. لێرەشەوە دەتوانین ئەوە بڵێین، كە جیاوازیی نێوان واتای (ئەقڵ) لای یۆنانیەكانو ڕۆژئاواییەكانو نێوان ڕۆژهەڵاتییەكان ئەوە بووە، كە ئەوان ئاوەزیان هەمیشە بە بابەتەوە (بابەتی جیهانو سروشتو بوون)ەوە بەستۆتەوەو ئەمان ئاوەزیان هەمیشە بە خودەوە (مرۆڤەوە) بەستۆتەوە. بێگومان ئەم جیاوازییەش هەموو مێژووی بیركردنەوەی ڕۆژئاوایی لە

رۆژهەڵاتی تاکو ئێستاش جیاکردۆتەوەو دابڕیوە، کە هەموو بناغەی ئەو دوو جیهانە رۆشنبیرییە (رۆژهەڵاتی)و (رۆژئاوایی)یەی لەسەر دامەزراوە.

## ئاوەزی دروستکەرو ئاوەزی دروستکراو:

هەڵبەت بەرهەمی ئاوەزیش دوو بواری روونی هەیە: بواری دروستکەر، کە فەیلەسووفو دانایان خاوەنینو بواری دروستکراو، کە رۆشنبیران خاوەنین.

(ئاوەزی دروستکەر) بێگومان لەگەڵ رەورەوەی مێژوودا، هەرچی رووداوی فەرمانڕەواییو رامیاریو ئابووریو کۆمەڵایەتی هەیە، کە لە نێو بچێ، فەرهەنگو کەلەپوورو رۆشنبیری لە نێو ناچێو لە بیر ناکرێو بەردەوام بە نەمریو زیندوویی دەمێنێتەوە، لە مێشکی شاراوەی (نەستی) کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا دەمێنێتەوەو مۆرکو نیشانەی تایبەتمەندیی ئەو کۆمەڵگا مرۆڤایەتییە دەبێ. کەواتە، ئەو پەیوەندییە توندو پتەوەی، کە لە نێوان ئاوەزو رووناکبیریدا هەیە، پەیوەندیی (نەست)ە. واتە بنەمای هەر ئاوەزێ رووناکبیرییە کۆمەڵایەتییەکەیەو بە هۆی (نەست)ەوە ئەو رووناکبیرییەش لە ئاوەزدا دروست دەبێ. بە واتایەکیدی، دەتوانین بڵێین، کە رووناکبیری خۆی





بەرهەمهێنەرو دروستکەری خۆیەتی، یان خۆی بەرهەمهێنراوو دروستکەری خۆیەتی.

## ئیپستمۆلۆژیی رووناکبیریی کورد:

بۆ ئەوەی بە ئاسانترین رێگە لەوە بگەین، کە بنەمای ئاوەزی کورد چییەو چۆن دروست بووە؟ دەبێ لەو ئامرازانە بگەین، کە بوونەتە هۆی دروستکردنی ئەو بنەمایە کە رووناکبیریی کوردی، یاخود نەستی کوردی لێ پێکهاتووە. بە واتایەکیتر، چۆن بتوانین لە بیرو باوەڕو بۆچوونو روانگەو تێڕوانینو رەوشتو ئاکارەکانی کورد بگەین لە نێو درێژایی مێژوویەکدا، کە تا ئێستا یەکجار بە کەمی لێکۆڵراوەتەوەو زۆر بە پچڕپچڕیش گەیشتۆتە بەردەستمان.

هەڵبەت ئەم مەسەلەیەی، کە ئێمە پەنجەی بۆ رادەکێشین، یەکجار قووڵە، لەبەر تاقە هۆیەکیش، کە ئەوەیە، شێوەی (نەست) خۆی لە خۆیدا شێوەی (خەون)ی هەیەو نە ساتو کاتی دیاریکراوی هەیەو نە پێوانەو رێبازی تایبەتی بۆ لێکدانەوەی هەیە. دەزانین، کە تەنها دەرگایەک هەبێ لێیەوە بچینە ژوورەوە، رابوردووو مێژوومانە. ئەوەی ئیمڕۆش تاکو ئێستا لە بەردەستماندا بێ، مێژووی رووداوو کارەساتەکانمانە، تا رادەیەکیش مێژووی

زمانمانە، بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، هەبێو نەبێ، مێژووی (نەستی مەعریفیمانە)، کە وەکو وتم شێوەی هەر لە خەون دەچێ.

کەواتە مێژووی رووناکبیری، هەر وەک مێژووی نەست وایە، هەمووی بەسەر یەکدا کەڵەکە بووەو بە نێو یەکدا کەڵەکە بووە، وەکو سپرینگێکی لوولەیی، هەرچی خاڵێکی بە هەر جێگایەکیەوەیەتی قۆناغێکی رۆشنبیرییە، کە دەخولێتەوە، هەر هەمان ئەو بیرە دەنوێنێ، کە لە قۆناغی پێشتر بووەو لە قۆناغی دواتریش دەبێ، چونکە هەموو قۆناغەکان یەک بنەمایان هەیە، کە ئەویش، هەر وەکو فرۆید روونیکردۆتەوە، بنەمای (نەست)ە، نەستیش پڕو سیخناخە لە ئارەزووو ئاواتی شاراوەو پەنهانو باری دەروونیو مێشکو بایۆلۆژیی جیاجیا، پڕە لە بیرکردنەوەی تاکە کەسانی نێو کۆمەڵ، کە مێژوو هەمووی بەسەر یەکدا کەڵەکە کردووە، هەموو وزەو ئارەزووەکانی منداڵیو هەرزەکاریو پیاوەتیو پیریی تەمەنی مێژوویی کۆمەڵگایەکە، کە بە ئاسانی بە منو تۆ ساڵەکانی ناژمێردرێ.

بەو جۆرە، ئەگەر باوەڕمان وەها بێ، کە روانگەو بیرو باوەڕو کەشو بۆچوون هەریەکەو تایبەتە بە قۆناغێ لە قۆناغەکانی





بەرەوپێشچوونو پێشکەوتنی بیرو کەلەپوورو فەرهەنگو رۆشنبیریی مرۆڤایەتییەوە، دەبێ باوەڕیشمان بەوە هەبێ، کە هەموو ئەو روانگەو بیرو باوەڕو کەشو رەفتارو رەوشتو بۆچوونانە لە کۆتاییو بەسەرچوونی ئەو قۆناغە دەوەستنو تەواو دەبنو کۆتاییان پێ دێ. لە دوای ئەوە قۆناغیتر، کە دەستپێدەکا، بیروباوەڕو روانگەو رەوشتی زۆر تازەتر دەستپێدەکا. بە واتایەکیتر، ئەگەر وا بێ، دەبێ وا بزانین، کە هەر قۆناغێ پێناسەیەکی خۆی دەبێ ببێو پێناسەی کۆن دژی پێناسەی تازە بێو تازە دژی تازەتر بێو کۆن دژی کۆنتر بێو.. هتد، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا دەبینین مەسەلەکە وا نییەو هەرچی فەرهەنگو رووناکبیریمان هەیە هەمووی لە (نەست)ی کۆمەڵایەتیو نەتەوەیەتیماندا کەڵەکە بووەو بە هەوڵی قەلاچۆکردنیشمان لە نێو ناچێ. بۆ نموونە: هەرچیمان لەناو بچێ زمانمان لە نێو ناچێ. من بڕوام وایە، هەرچی بیری کۆنو نوێی ئێمە هەیە لە هۆشو هەستو نەستماندا زیندووەو دەژی. ئەگەرچی ئیمڕۆ ئەو بیرە کۆنە بەکاریش نەهێنین، هەر لە نێو نەچووەو بە زیندوویی ماوەتەوە. بێگومان هەر ئەم دیاردەیەشە، کە سیستمی

مەعریفی (ئیپیستمۆلۆژیی رۆشنبیری)ی ئێمەی پێکهێناوە.

کەواتە دەبێ بزانین، کە دیاردەی رۆشنبیری، کە (نەست) بوو، ئیتر مێژووی دەستنیشانکراوی نییەو تەنها دەتوانین وەکو بزووتنەوەیەکی بەردەوام بەرەوپێشەوەچوو تەماشای بکەین، کە هەرگیز گەڕانەوەی بەرەودواوە بۆ نییە.

## سەرەتای دیاردەی رۆشنبیری:

هەندێ لە مێژوونووسانی رۆژئاوا، سەرەتای سەردەمی پەیدابوونی دیاردەی رۆشنبیرییان بە چوارده سەده لە پێش لەدایکبوونی (مەسیح)ەوە دەستنیشانکردووە؛ پاشان، کە ناویان لێ ناوە قۆناغی بیری یۆنانی (گریک)، پاشان هاتوون چەند قۆناغێکیتریشیان بۆ دەستنیشانکردووە، کە پیایدا تێپەڕیوە، وەک: قۆناغی بیری فەرەنسیو ئەلمانیو ئەوروپایی بە شێوەیەکی گشتی لە سەدەی هەژدەهەمی زایینیدا بۆ نموونەو تا دەگاتە قۆناغی دوایین، کە قۆناغی سەدەی بیستەمە. کەواتە ئەو مێژوونووسانە، بە پێی بیرو هۆشی خۆیان، تەمەنی دیاردەی رۆشنبیرییان بە نزیکەی بیستو هەشت سەدە لێکداوەتەوە.





هەندێکیتر لە مێژوونووسان سەردەمەکانی دیاردەی رۆشنبیرییان کردووە بە سێ بەشەوە: سەردەمی کۆن (گریکی - لاتینی)و سەردەمی نێوەڕاست (مەسیحی)و سەردەمی نوێ. بەڵام دیارە ئەو مێژوونووسانە، بە پێی بیرو بۆچوونی خۆیان، مێژوویان رێکخستووە، نەک تەمەنی دیاردەی رۆشنبیرییان لێکدابێتەوە، چونکە وەکو گوتمان، تەمەنی رۆشنبیری (بیر)ەو بیرێکی قووڵەو پڕە لە ئەندێشەو ئەفسانەو هەستو نەستو وەکو خەونێکە نە سەرەتای دیارە نە کۆتایی.

ئێمە رەنگە بتوانین هۆشیاریی مێژووییمان هەبێ، بەڵام هەرگیز ناتوانین مێژووی هۆشیاریمان هەبێ. لەبەر ئەوە، بە رای من هەر نووسەرو مێژوونووسو باسکارێ، ئەگەر بێتو بیەوێ ئەوە بکا مێژووی میللەتو نەتەوەکەی دیاری بکا، هەرگیز لەو کارە، لە سەدا سەد سەرناکەوێو ئەوە جگە لە رەگەزپەرستیو دەمارگیریی نەتەوەیی نەبێ، هیچیتر بە دەست ناهێنێ. ئێمە دەتوانین مێژووو قۆناغ بۆ سەردەمی رووداوەکانو فەرمانڕەوایانو ئابووریو رامیاریو کۆمەڵایەتیو تەنانەت دیاردەی هۆزانو ویژەش دەستنیشان بکەین، بەڵام هەرگیز ناتوانین دەستنیشانی مێژووی دیاردەیەک بکەین، کە (لە خەون بچێ).

کەواتە، لە مەدا چاکتر وایە خۆمان نەخەینە گێژاوی لاساییکردنەوەی نە مێژوونووسە رۆژئاواییە سەرمایەدارییەکانو نە مێژوونووسە عەرەبو فارسو تورکە رەگەزپەرستو نەتەوەپەرستو نەژادپەرستەکان. نموونەیەکی سەیر لە یەکێ لەو باسکارە عەرەبە نوێیە بەناوبانگانە دەخەمە بەرچاو، کە (محمد عابد الجابري)یە، کە لە کتێبەکانیدا، هەرچی کەلەپووری عەرەب نییەو هەر لەبەر ئەوەی ئیسلامی بووە، بە ناوی عەرەبەوە تۆماری کردووەو تەنانەت ئەو بەرهەمانەشی بە بەرهەمی عەرەبیو بە بەرهەمی (عەقڵی عەرەبی) زانیوە، کە بە زمانی عەرەبی نەنووسراون، کە لەگەڵ ئەوەشدا دانی بەو رایەدا ناوە، کە هۆشو رۆشنبیری نابێ بە پێی مێژوو و قۆناغو سەردەم بەش بەش بکرێ. زۆربەی زۆری مێژوونووسانی رۆژهەڵاتی نزیکیش، کە نزیکترینن لە ئێمەوە، ئەگەر رەگەزپەرست نەبووبن، هەڵەی وایان نەکردووە، مێژوو بۆ هۆشیاریی عەرەبی، یاخود ئیسلامی دابنێن، تەنها ئەوەیان کردووە سەردەمی ئیسلامییان کردووە بە چەند بەشێکەوە: سەردەمی جاهلیو سەردەمی ئیسلامیو سەردەمی راپەڕین، هەروەها هەر سەردەمێ لەو سەردەمانەیان کردووە بە چەند





سەردەمێکی کورتترەوەو هەر سەردەمێکی کورتیشیان کردووە بە چەند سەدەیەکەوە، چ لە رووی بەسەرهاتو رووداوەکانەوەو چ سەبارەت بە وێژەو هونەرو بگرە ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاریش.

نووسەرانی مێژووی فارسیش، هەر بە هەمان شێوە، مێژووی (فارس)یان بەو جۆرە کردووە بە چەند سەردەمو چەند سەدەیەکەوە. ئەوجا لێرەدا، ئێمەی کورد، ئەگەر بێتو بۆ لێکدانەوەی تەمەنو مێژووی رۆشنبیریمان رکێفی ئەو سیستەمی دابەشکردنانە بکەین، کە مێژوونووسە رۆژئاواییەکان، یاخود مێژوونووسە عەرەبەکان، یان فارسەکان، یان تورکەکان بۆ خۆیان دیارییان کردووەو پێڕەوی دەکەن، ئەوە بە بۆچوونی من، مسۆگەر، چەندین بازنەی پساوو ونبووی ماوەی مێژوویيمان لە نێوەندەکانی زنجیرەی ئەو سیستەمانەدا هەر بە ونبوویی دەمێنێتەوەو بە رای من، هەر بازنەیەکیش لەو بازنانە، ئەگەر بێتو بە پساویو ونبوویی بمێنێتەوە، ئەنجامەکەمان بە سەقەتیو بە ناتەواوی بۆ دێتە دەست. دەبێ ئێمە دان بەوەدا بنێین، کە مێژووی کورد هێشتا لە سەرەتای نووسینەوەیەتیو دەبێ تەقەللای زۆر زۆر بدەینو ماوەی زۆرمان دەوێو لێکۆڵەری زۆر

دڵسۆزو زیرەکو شارەزامان دەویٚ تا بتوانن هەرچی لاپەڕە ونبووەکانی مێژوومان هەیە بیدۆزنەوەو هەرچی پەڕەی دڕاوو داوەشاویش هەیە بژارو کاکڵەی بکەنو پێکەوە لە یەکی بدەنو بە پوختی بیخەنە بەردەستمان. بێگومان دەبیٚ ئەو کەسە دڵسۆزو زیرەکو شارەزایانەشمان، کە باسیان لێوە دەکەم، بتوانن پەی بە نهێنییەکانی خەونامەی نەستی مەعریفیی کورد ببەن. واتە تواناییی ئەوەیان لادا دروست بووبیٚ، کە خۆیان بە تەواوی بگەڕێننەوە بۆ سەردەمەکانی رابوردووی کوردو وەکو مرۆڤەکانی رابوردوو خۆیان لە واتای هەر وشەیەک بگەن، کە چۆتە سەر زاریان. دەبیٚ ئەو سەردەمە رۆشنبیرییانە بەو جۆرە بخوێننەوە، کە وەکو خۆیان تیایدا ژیابن. واتە؛ بە مێشکی کۆنی باووباپیرانمان، وەکو کەسێکی ئەو سەردەمە کۆنە بیخوێننەوە، نەک بە مێشکێکی تازەی وەکو کەسێکی ئەم سەردەمە. ئەگینا، لە زۆر زمانی دەربڕینی ئەو سەردەمە حاڵی نابن، یان بە سەقەتیو بە هەڵە لیٚی حاڵی دەبن. کەواتە، ئێمە ئەگەر بمانەویٚ مێژووی خۆمان بە تەواوی بخوێنینەوە، دەبیٚ بەر لەوە بتوانین دووبارە بینووسینەوە؛ بەو جۆرەی کە بەرگی مێژووی خۆمانی بکریٚ بە بەردا، نەک بەرگی مێژوویی





کەسانیتر. من لێرەدا مەبەستم ئەوەیە کە، مخابن، ئەو مێژووەمان، کە تاکو ئێستا کۆکراوەتەوەو نووسراوەتەوە، کاویٚژکردنەوەو دووبارەکردنەوەی مێژووی کەسانیترە، رەنگە لە زۆر رووەوە پەیوەندیی بە (رووحی) مێژووی ئیمڕۆوە نەبیٚ.

بە بۆچوونی من، بناغەی راستەقینەی نووسینەوەو خوێندنەوەی مێژووی ئێمە، رووداوو بەسەرهاتو ناوە رابوردووەکان نییە، بەڵکو فەرهەنگو کەلەپوورە، چونکە هەر کەلەپوور (رووح)و گەوهەری مێژووە.

ئەو مێژووەی ئێمە وەکو وانە لە قوتابخانەکانو دانشگاکانو لە زۆربەی پەڕتووکی مێژوویيتردا دەیخوێنین، مێژووی بەرەو تایەفەو چینەکانو بنەماڵەکانو پیاوە بەناوبانگەکانو ناودارانە.. واتە ئەوەی ئێمە دەیاننووسینەوەو دەیانخوێنینەوە مێژینەو مێژوونامەن، بە بەش بەش، خەڵتەی مێژوون، نەک (هەمە مێژوو، یاخود مێژوو بە هەموو).

بەر لە هەر کاریٚ دەبیٚ دووبارە نووسینەوەی مێژووی کورد، بە رای من، لە نووسینەوەی (رووح)ی مێژووی کوردەوە دەست پێبکا. (رووح)ی مێژووی کوردیش، وەکو وتم: کەلەپوورەکەیەتی،

کە بنەماو سەرچاوەکەی میراتیی ئاوەزو بیری کوردە، کە لە (نەستە کۆمەڵایەتییەکەیدایەتی)، بە هەموو ئەفسانەو ئایینو فەلسەفەو رۆشنبیریو هونەرو زمانەکەیەوە. باشترین رێبازیش بۆ پەیڕەوکردنی، بۆ ئەو کارە، بە رای من، رێبازی گومانکارییە. واتە گومان لە راستیو دروستیی هەموو ئەوە بکەی، کە نووسراوەتەوەو سەر لە نوێ، لە سەرەتا سەردەمی داهاتنی دەقو نووسینو تۆمارکردنەوە پیادا بچیتەوە.





# فەلسەفە

# لە یۆنانەوە بۆ کوردستان

## پێشەکی:

ئاشکرایە تاکو ئێستا، هەر رەنجو کۆششێ بۆ دۆزینەوە، یان تەکاندنی ئەو نووسراوە تۆزلێنیشتوانە درابێ، کە نەریتی ئاوەزو چاندی دێرینی کوردی لە کوردستاندا تیادا تۆمارکراوە، کارێکی ئاسان نەبووە، بەڵام مەحاڵیش نەبێ، گەر دڵسۆزانەو بە هەناسەدرێژیو بە وردی رێگای لێزانیو زانستیی بگرێتە بەر.

ئەوەی لێرەدا بابەتو مەبەستە بە ئەنجام بگەیەنرێ، وەڵامدانەوەی پرسیارێکە: "ئایا کورد لە مێژینەی نەریتی ئاوەزییدا میراتیی فەلسەفیی

هەیە؟ .. بە واتایەکیتر، ئایا کوردستان لە مێژوویدا هیچ مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی تیادا هەبووە، کە بۆی بووبێتە مایەی بەهایەکی فەلسەفی؟

ڕەنگ بێ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، تا ڕادەیەک، سەخت بێ، بەڵام بە دەستنیشانکردنی ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییانەی، کە لە جوگرافیای مێژووی کوردستاندا هەبوون، دەتوانرێ دەلاقەیەکی ڕۆشن بۆ ئەم بابەتە بکەینەوە. ئەوەی تا ئێستاش، لە ئەنجامی پشکنینو گەڕان لەم بارەیەوە خەملابێ، چەند شوێنەوارێکی دێرینن، کە گرنگترین مەڵبەندی چاندی فەلسەفی بوون لە مێژووی خۆرهەڵاتدا، بۆ ماوەی چەند سەدەیەکیش، پاش ڕۆشنگە فەلسەفییەکانی یۆنانو میسرو سوریا، بە تایبەتی لە دوای ساڵی ٣٢٣ی پ.ز، کە (ئەسکەندەری مەکەدۆنی)ی تیادا مردووە، تا سەدەی هەشتەمی زایین، لەو شوێنەوارانەش، وەک (ئەنتاکیا: ئافای: ئەنتیۆخی)و (حەڕان)و (ڕەها: ڕوحا)و (نوسەیبین)و (گوندی شاپوور).

لێرەدا، دەشێ، تەنها ئەوەندە بوار هەبێ، کە بۆ ماوەیەکی کەم، ڕۆشنایی بخەینە سەر یەکێ لەو شوێنەوارانەو لە داهاتووشدا پشکنینو لێکۆڵینەوە بکرێ لەسەر شوێنە دێرینەکانیتر، بە ئومێدی





ئەوەی دەروویەک بێ بۆ زیاتر ڕۆشنکردنەوەی ئەم لایەنە گرنگە، کە تا ئێستا وەک پێویست لێی نەکۆڵراوەتەوە، هەروەها پاڵهێزێکی ڕوونو هاندەرێکی بژێو بێ بۆ ئەو نووسەرو ڕۆشنبیرانەی خولیای ئەم لایەنەن، تاکو بەشێ لەم ئەرکە پیرۆزە بگرنە ئەستۆیانو ئەوانەی لێرەشدا بە هەڵە لێکداربێتنەوەو بۆی چووبین، بە شێوەیەکی زانستانە ڕاست بکرێنەوە، تاکو بە هەموو زیاتر خزمەت بە کەلەپوورو چاندی کوردەواریمان بگەیەنین.

## مێژووی شاری حەڕان:

حەڕان HARRAN شارێکی زۆر دێرینو گرنگ بووە لە مێژووی کوردستاندا، یەکێکە لەو شوێنەوارە دێرینە لەبیرچووانەی کوردستان، کە لەوانەیە لە لایەن زۆربەی ئاخێوەرو ڕۆشنبیری کوردەوە ئەوەندە بەرگوێ نەکەوتبێ. ئەم شارە، کە کەوتۆتە سەر ڕووباری گۆلاو، کە عەرەب کردوویە بە (جوللاب jullab)، لە کۆندا بووە بە کاروانسەرایەک بۆ ڕێگاکانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوا. (یۆنانی)یە کۆنەکان ئەم شارەیان بە Kappav ناوبردووەو ڕۆمە بیزەنتییەکانیش بە کەرخە Carkhaو کەشیشە دیانەکانی ئەو سەردەمەش بە

هێلینۆپۆلیس Hellenopolis ناویان بردووە، کە بە واتای شاری (بێ دین) دێ، چونکە دانیشتوانی، لە کاتی پەیدابوونی ئاییینی (دیان)یشدا، هەر لەسەر بیرو باوەڕی خۆیان بوون.

ئەم شارە، هەر وەکو لە (یاقووت ئەلحەمەوی)دا باسکراوە، قەڵەمڕەوی چوارەم بووەو بە قۆناغ، تاقە رۆژێ لە شاری (ئورفە Urfa)ی ئێستاو دوو رۆژیش لە (رەخا Rakha)وە دوور بووە، شارێکی گەلێ دێرین بووەو خەڵکەکەیشی بیروباوەڕیان وا بووە، کە ئەم شارە زادگای حەزرەتی (براهیم)ی پێغەمبەر بووبێ. ماڵی (سین Sin)ی خواوەندی مانگ)یش بووە. جا بە گوێرەی بۆچوونی ئەلبەیروونی بێ، کە لە (الآثار الباقیة)دا ئاماژەی بۆ کردووە، شاری حەڕان تایبەت بووە بە خواوەندی (سین)و دەشێ هەر لەبەر ئەوەش بووبێ، کە لە شێوەی مانگدا دروستکراوە.

لە سەردەمی خەلیفە (عومەری کوڕی خەتاب)دا، لە ساڵی ١٩ی کۆچی (٦٤٠ ز)دا، ئیسلامەکان، بە بێ جەنگ چوونەتە شارەکەوە، کە لەو دەمەدا گرنگترین شاری هەرێمی (دیار مودەر) بووە. هەر وەکو (ئەل بەلازري)یش لە (فتوح البلدان)دا دەڵێ: "ئەیادی کوڕی غەننام، بە بێ جەنگ شاری (حەڕان)ی داگیرکردووە." (ئەبی عوشەیب)یش لە





(عیون الانباء في طبقات الاطباء)دا نووسیویەتی، کە لە سەردەمی ئومەوییەکاندا، خەلیفە (عومەری کوڕی عەبدولعەزیز) پزیشکگای ئەسکەندەریای گواستۆتەوە بۆ شاری حەڕان. خەلیفە مەڕوانی دووەمیش کردوویەتی بە نشینگەی خۆیو پایتەختی دەوڵەتی ئومەوی. هەر لە سەردەمی ئەویشدا بووە، کە بناغەی مزگەوتی بەناوبانگی حەڕان دانراوەو مزگەوتەکە کراوەتەوە. (ئەل یەعقووبی) لە (التاریخ)دا دەڵێ: "کە خەلیفە مەروان کۆشکەکەی خۆیی تیدا بە ناوی (لباب البین) دروستکردووە، ئەم کۆشکە نزیکەی دە ملیۆن درهەمی ئەو سەردەمەی تێچووە."

لە مێژووی (ئەلتەبەڕی)دا نووسراوە: "کاتێ عەباسییەکان، کە دەسەڵاتیان بەسەر ئێرانو عارەبستانی عیراقو بەشی خۆرهەڵاتی کوردستاندا سەپاندووە، خەلیفە (مەڕوانی کوڕی حەکەم)یش لە دوا هەوڵدانیدا بۆ گەڕانەوەی خیلافەتەکەی، لە شاری (حەڕان)ەوە بە سوپایەکی دوانزە هەزار جەنگاوەرەوە بەرەنگاریی عەباسییەکان بۆتەوە، بەڵام نەیتوانیوە خۆی لەبەر ئەو شاڵاوەدا رابگرێ. بەم چەشنە، ئەم شارە چۆتە ژێر دەسەڵاتی عەباسییەکانو کۆشکەکەشی دەکەوێتە بەر تاڵانو وێرانکردن، تاکو سەرەتای سەردەمی حوکومڕانیی

خەلیفە (هارونی ڕەشید)یش هیچ بایەخێکی ئەوتۆی پێ نەدراوە، بەڵام پاش ماوەیەک، کە کەوتۆتە نەخشەکێشان بۆ ئاوەدانکردنەوەو گەشاندنەوە، ئەم شارە بۆ جارێکیتر بەر ئەو بایەخپێدانە کەوتۆتەوە." هەروەکو (ابن الندیم البغدادي) لە (الفهرست)دا دەڵێ: "جۆگەیەک لە ڕووباری (گۆلاو)ەوە بۆ شارەکە براوە. کاتێکیش خەلیفە (مەئموون)، لە ساڵی ٢١٥ی کۆچی (٨٣٠ ز)دا هێرشی بۆ سەر بیزەنتەکان بردووە، بە نێو ئەم شارەدا تێپەڕیوە. جا، کە زانیوێتی دانیشتوانەکەی (بێ دین)ن، زۆری لێکردوون، کە ئایینێ بۆ خۆیان هەڵبژێرن، ئیتر یان ببن بە موسوڵمان، یان هەر ئایینێکیتر، کە ئیسلام ڕێگەی بدا. ئەگەر بیانەوێ بە بێ ئایین بمێننەوە، ئەوا بە زەندیق سەیردەکرێنو نەفرەتیان لێدەکرێو لەناو دەبرێن. ئەوانیش بۆ ئەوەی لە مردن خۆیان بپارێزن، داوایانکردووە ڕێیان بدەن ببنە (سائیبی)، کە ئیسلام پاوانی نەدەکرد." هەرچەندە ئەو ئازادییە ئایینییەشیان تا سەر بۆ نەلواوە، چونکە لە سەردەمی سەدەی پێنجەمی کۆچی (یانزەی زایینی)دا دیسانەوە نائاسوودە کراونەتەوەو دواپەرستگاشیان تاڵانکراوەو رووخێنراوە.





دوای ئەوە شاری حەڕان کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی بنەماڵەی (نومەیری)یەکانەوە، کە عارەبی دەشتەکیو دەوارنیشین بوون. یەکەمین سەرگەورەو دەسەڵاتداریشیان کەسێ بووە بە ناوی (وەساب) (٣٨٠ - ٤١٠)ی کۆچی (٩٩٠ - ١٠١٩)ی زایینی.

شایانی باسە، لەسەر یەکێ لە دەروازەکانی قەڵای شارەکە ناوی (مانی)ی لێهەڵکۆڵراوە، کە سێیەمین سەرگەورەی ئەو بنەماڵەیە بووە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەو (مانی)یە تا مردنی، کە نزیکەی ٤٥٦ی کۆچی (١٠٦٣ز) دەکا، فەرمانڕەوایی ئەم شارەی کردووە. کاتێ، کە ئەو بنەماڵەیە فەرمانڕەوایی خۆیان بە (فاتمییەکان)ەوە بەستۆتەوەو چوونەتە پاڵیان، ئیتر شاری حەڕان یش، تا نزیکەی ساڵی ٤٧٥ی کۆچی (١٠٨١ز) بۆتە یەکێ لە شارەکانی دەوڵەتی فاتیمی، بەڵام لە دوای ئەوساڵەوە، ئیتر کەوتۆتە ژێر ڕکێفی لایەنگرێکی سەلجوقەوە بە ناوی (ئوخەیلدی شەرەفولدەولە)و لە لایەن (یەحیای کوڕی ئەلشاتر)یشەوە فەرمانڕەوایی کراوە. هەرچەندە، پاش دوو ساڵ حەڕانەکان بۆ ئازادی وەدەستهێنان لە دژی ئەو فەرمانڕەواییەو دەسەڵاتی سەلجوقەکان ڕاپەڕیون، بەڵام زۆر بە خێرایییو دڕندانە سەرکوتکراونو نائومێد بوون. خاچدروشمەکانیش Crusaders ،

که له ساڵی ١١٠٤ی زایینیدا شاری ئێدیسا Edessa یان داگیرکردووه، ئاوی جۆگەکەیان له حەڕان بڕیوه.

کاتێ (عیمادەدینی زەنگی) میرنشینی زەنگیی له موسڵدا دامەزراند، له نزیکی ساڵی ٥٢١ی کۆچی (١١٢٧ز.)، شاری (حەڕان)ی کرده بەشێ له دەسەڵاتڕەوی خۆی. له سەردەمی میر (نورەدین)یشدا ساڵی ٥٤٤ی کۆچی (١١٤٩ز.)و دواتریش له لایەن سەلاحەدینی ئەیوبییەوه بایەخو گەشەی پێدراوەو مزگەوتەکەی فراوانتر کراوه. ئیتر لەو دەمەوه، دوو فەرمانڕەوای تیادا دەسڕۆ بووه. یەکێ بۆ سەرانسەری شارەکەو ئەویتر بۆ قەڵاکەی.

(ابن الاثیر) دەڵێ: "له دەوروبەری ٥٥٧ی کۆچی (١١٩١ز.) سوڵتان سەڵاحەدین ئەو شارەی خستە ژێر دەسەڵاتی (الملک العادل)ی برایەوه، ئەویش ئەوەندەیتر قەڵاکەی مەزنترو ئاوەدانتر کرد."

شایانی باسه، که له سەدەی شەشەمدا دوو جار بوومەلەرزه لێیداوه، جارێ له ساڵی ٥٠٨ی کۆچی (١١١٤ز.)و دووەمجاریش له ساڵی ٥٥٢ی کۆچی (١١٥٧ز.).

مێژوونووسی ئیسلامی (ابن شداد) دەڵێ: "له نێوان ساڵانی ٥٩٩ی کۆچی (١٢٠٢ز.)، بۆ ٦٢٦ی





کۆچی (١٢٢٩ز.) حاجیب (عەلی) له لایەن سوڵتانی ئەیوبییەوه (الملک الاشرف) کراوه بە فەرمانڕەوای شاری حەڕان.

خوارزمییەکان، که له مەنگۆلستانەوه هاتوون، له ساڵی ٦٣٥ی کۆچی (١٢٤٠ز.)دا شارو قەڵاکەیان داگیرکردووه، بەڵام پاش سێ ساڵ ئەیوبیەکان له لایەن (الملک الناصر)ەوه توانییان جارێکیتر بیخەنەوه ژێر دەسەڵاتی خۆیان. ئەمانیش پاش ماوەیەک فەرمانڕەواییان، ئەوەندەی نەخایاندووه ئەو دەسەڵاتکزییەشیان رێی بۆ مەنگۆله - تاتارەکان خۆشکردووه، که زۆر بە ئاسانیو بە هێرشێکی دڕندانەوه خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بدەنو چییان بکەوێتە رێ تاڵانو وێرانی بکەن.

(ئەبولقاسم)، که کوڕەزایەکی شێخی حەیات بووه (تاکو ئێستاش گلکۆی له دەوری شارەکە ماوه) لەگەڵ (هۆلاکۆ)دا رێککەوتنێکی کردووەو قەڵای شارەکەی داوه بەدەستەوه.

له ساڵی ٦٦٢ی کۆچی (١٢٦٢ز.)، (تەقیەدین ئەحمەدی کوڕی تەیمیه)، که گەورەپیاوێکی ئایینیی ئەو سەردەمە بووه، هەر لەو شاری (حەڕان)ه لەدایکبووەو پاشان چۆته شاری دیمەشق له ساڵی ٦٧٠ی کۆچی (١٢٧١ز.)دا بە زەبری هێزێکی (عەلادین تیبەرس)ەوه توانیوێتی تەنگ بە مەنگۆلەکان

هـــەڵچنیو ناچاریـــان بکـــا تـــا ئـــەولای موســـڵو (مـــاردین)یش پاشەکشـــێ بکـــەن، بـــەڵام مزگـــەوتو دیواری شارەکەو زۆربەی هەرە زۆری خانووەکانیان وێرانکراوە.

لـە سـاڵی ٧٠٣ی کـۆچی (١٣٠٣ز.)دا مەمالیکـەکان هەڵمـــــەتیان بردۆتـــــە ســــــەر مەنگۆلـــــەکانو شـکاندوویانن. قەڵـەمڕەوی ناوچـەی جزیـرە، کـە شاری (حەڕان)یش ئەو سەردەمە بەشێ بووە لێـی، کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی مەمالیکەکانەوە. ئیتـر لـەو مێژووەوە ئەم شارە گرنگو پڕ لە کارەساتە، تـاکو ڕۆژگـاری ئیمڕۆمـان، بـە وێرانـەو بـێ ئـاوەدانی ماوەتەوە.

## بزووتنـــەوەی بیـــری فەلســـەفیو وەرگێـــڕان لـــە (حەڕان)دا:

شـاری حـــەڕان، هـــەر لـــە ســـەرەتای ســـەردەمی عەباسـییەکانەوە، رواڵـەتێکی ڕۆشـنبیریی فراوانـی تیادا بینراوە. دەشێ بگوترێ، کـە لـەو سـەردەمەوە گرنگترین مەڵبەندی ڕۆشنبیریو دووەم خوێندنگـەی فەلسـەفەی لـە دوای (ئاکادیمیـا)[1]کـەی ئیفلاتـوونو

---

[1] - وشەی (ئاکادیمیا)، سەرچاوەکەی (ئاکادیمۆس)ە، تێکەڵە لە ئەفسانەگەری (متۆلۆجیی)و لە مێژووی کۆن پێکەوە. لەم دوو سەرچاوەیەوە دیارە، کە ناوی ئاکادیمۆس





پێشتر قەدمۆس (کادمۆس) بووە، کە وەک سەرچاوە مێژووییەکان باسی دەکەنو لە زۆربەی ئینساکلۆپیدیەکاندا هاتووە، کەسایەتییەکی مێژوویيو ئەفسانەیی تێکەڵاو بووە، لە نێوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زاییندا دەرکەوتووە. کەسێ بووە لە نەژادی فینیقیەکانو بە ڕێگەی بازرگانیی دەریاییی ئەوسەردەمە دێرینە گەشتی کردووەو گەیشتۆتە لای گریکەکان لە یونانی کۆن. بێگومان فینیقیەکانیش لە هەرە کۆنترین نەژادەکانی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بوون، بەڵام لەو ناوچە جوگرافیەدا گوزەرانیان کردووە، کە ئیمڕۆ وڵاتی لوبنان دەگرێتەوە. هەروەها مێژوو دەڵی (قەدمۆس) لای فینیقیەکان خوداوەندی بارانو ڕەشەباو بادەو مەی بووە، کوڕی (سووڕ) بووەو برای ئوروپ (ئوروپا) بووە. بەڵام ئەوەی زۆر گرنگە، کە قەدمۆس (کادمۆس) پیتەکانی ئەلفبای لە فینیقیەکانەوە گوێزاوەتەوە بۆ لای یۆنانەکان (ئەسینا). هەڵبەت ئەو کارەی کادمۆس بۆ یەکەمجار لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بۆتە خاڵی گۆڕاندنو وەرچەرخان لە مێژووی شارستانیی مرۆڤایەتیدا، کە تاکۆ ئێستاش بۆتە بناغەی بیری مرۆڤایەتیو بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری بە گێتیدا. دیارە وەک دەگوترێ، ئەو (ئەلفبا)یەی کادمۆس لە فینیکیاوە بردوویەتی بۆ یۆنان، بەرەبەرە پاشان بە خێراتر بۆتە ئامڕازی هەرە گرنگ بۆ بڵاوبوونەوەی نووسینو ئامڕازی دەربڕینی بیرو بیرکردنەوە لە نێوەندی مرۆڤاندا. کەواتە دیارە بەهۆی (کادمۆس)ەوە وشەو بیرو دانایی نووسراوەتەوە. کەواتە کادمۆس لە مێژوودا بە بیرو پەنجەو خامەی یۆنانە کۆنەکان بۆتە هێما بۆ بڵاوکردنەوەی داناییو هونەرو زانست. بۆتە باوکی بیستو دوو پیتەکەی ئەلفبا، کە بوونەتە ئامڕازی نووسین بۆ بڵاوکردنەوەی بیرو زانستو

هونەر لە هەموو زمانە ئەوروپاییەکانو بۆتە شێواز تەنانەت بۆ نووسینی هیندیو عەرەبیو عیبریو.. هتد. وەکو رۆماننووسی فەرەنسی ئەناتۆڵ فرانس دەڵێ: "کادمۆس بەنخترینو بەبەهاترین دیاریی پێشکەش بە یونانەکانو بە جیهان کردووە، کە ئەویش بیستو دوو پیتە، کە ئەلفبای فینیکەکانی لێ پێکهاتووە." لە لایەکی دیەوە دەڵێ: "کادمۆس مامۆستای مامۆستایانی جیهانە، کە مەشخەڵی رۆشنبیریی بۆ گریکەکان بردووەو ئەوانیش ئەو مەشخەڵەیان بۆ جیهانی رۆژئاوا بردووە.

وشەی کادمۆس پەیوەنیی راستەوخۆی بە ئاکادیمیاکەی (ئەفلاتۆن)ەوە هەیە. پەیوەندییەکەش لە دوو لایەنەوەیە؛ لایەنی یەکەم ئەو ئەلفبای زانینو هونەرو داناییەیە، کە ئەفلاتوون کردوویەتی بە ئامرازی پێگەیاندنی پەروەردەیی خوێندکارەکانی، کە لەو سەردەمەیدا، لە سەدەی سێیەمی پێش مێژووی زاینیدا بۆ زانست وەرگرتن لە دەوری کۆدەبوونەوە. هەڵبەت هەر لەبەر ئەوەشە فەلسەفەکەی (ئەفلاتۆن) زیاتر بە ئاکادیمیای ئەفلاتۆن ناسراوە. لایەنی دووەم ئەو درەختە بووە، کە (ئەفلاتۆن) خوێندکارەکانی لەبندا گردکردۆتەوە، بۆ ئەو مەبەستەو ئیدی ئەو درەختە بە ناوی ئاکادیموس، کە زۆر لە وشەی (کادمۆس)ەوە نزیکە ناوبانگی دەرکردووە.

من خۆم گەیشتمە ئەو راستییە، کە دووەم خوێندنگا لە جۆری ئاکادیمۆس لە مێژوودا، جێگەی لە سەر خاکی کوردستاندا بووە. بە بەڵگەو سەرچاوەی مێژوویی باوەڕپێکراوەوە، ئەو خوێندنگایە لە شاری (حەڕان) بووە، کە شوێنەواری تاکو ئێستا لە کوردستانی باکووردا هەر ماوە. لە شاری (ئورفە)وە زۆر دوور نییە. ئەو خۆێندنگایەی حەڕان





گرنگترین مەڵبەندی وەرگێڕانی بە درێژایی ژیاری ئیسلام تیادا دامەزراوە. زۆر لە داناو زانا بەناوبانگەکانی ئیسلام ئاماژەیان بۆ گرنگیی ئەم شارە کردووە لە هەموو روویەکەوە، لەوانە: ئیبنونەدیم، ئەلشەهرستانی، کە لە (الملل والنحل)دا بە دوورو درێژی لەسەری دواوە، محەمەد جەمیل ئەلشەتتی لە (مختصر طبقات الحنابلة)دا وێڕای ئەوەی لە گرنگیی شارەکە دواوە، ئاماژەی بەوەش کردووە، کە بنکەی دینزای حەنبەلیەکان بووە. ئەم ناودارانەو چەند کەسانیتری وەکو ئەوان زۆربەی چالاکیو بزووتنەوەی باوەڕو چۆنێتیی بیرکردنەوەی حەڕانییەکانیان لە نووسراوو یادداشتەکانیاندا نمایان کردووەو ناوی ئەو حەڕانییە بە تواناو هەڵکەوتووانەیان بردووەو ئاماژەشیان بەو کارنامانەیان کردووە، کە رۆڵێکی

گرنگترین رۆڵی لە مێژوودا بینیوە وەک خوێندنگا بۆ پێگەیاندنی خوێندکارانی فەلسەفەو داناییو وەرگێڕانو زانستەکانیتر. ئەو خوێندنگایە ئەو شارە دێرینەی کوردستاندا رۆڵی هەرە گرنگی لە پێگەیاندنی هەندێ لە فەیلەسووفاندا بینیوە، بۆ نموونە (ئەبو نەسر ئەلفاڕابی) (ساڵی ٩٥٠ی زایینی لەدایکبووە) لەو شارەدا نامیلکە فەلسەفیەکانی ئەرستۆو ئەفلاتۆنی خوێندووە. هەروەها (ئیمامی غەزالی) (ساڵی ١٠٥٨ لەدایکبووە) زانستی ماتماتیکو ئەندازیاریو پێوانو گەردووناسیی لەوێ خوێندووە.

بژێویان لە رەوتی مێژوودا گێڕاوە، وەک: (سابتی کوڕی قەڕە)، کە چەندین نووسراوی سروشتناسیو میتافیزیکاو ئەستێرەناسیی لە یۆنانیی کۆنەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عارەبی. هەروەها (ئەلبۆتانی) (بە زمانی لاتینی ئەلباتینیۆس Albatenius ی پێ دەوترێ)، کە یەکێکە لە ئەستێرەناسە بەناوبانگەکانی مێژوو. هەر لەوانەوەڕا دەگەینە ئەو بیرو بۆچوونەی، کە ئەم حەڕانییانە، بۆ یەکەمجار، ئەستێرەناسیی بابلو پەندو دانستنامەکانی ئێرانو بیری فەلسەفیی یۆنانییەکانیان گوێزاوەتەوە نێو ڕێبازی ئیسلامەوەو هەر بە هۆی ئەوانیشەوە فەلسەفەی خۆرهەڵاتی ــ ئیسلامی هاتۆتە کایەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە ئەم شارە گرنگە، دەشێ مەڵبەندی ڕێبازی هورمسیو ئامۆژگای ئیفلاتوونیی نوێ (نیوپلاتۆنیزم) بووبێ، هەروەها زەمینەخۆشکەری گوێزانەوەی ئەو بیرە فەلسەفییە خۆرئاواییانەش بووبێ بۆ خۆرهەڵات، بە بەڵگەی ئەوەی کە بیروباوەڕیان، خۆی لە خۆیدا، زۆر لێکچوونی لەگەڵ بیرە فەلسەفییە یۆنانییەکاندا هەبووە؛ باوەڕیان وا بووە، کە هەرچی ئەستێرەیە خوداوەندەو چاودێرو کارگێڕی ئەم جیهانی زەوییەن. با، باران، سەرماو گەرما، زایینو





مردنی هەموو زیندەوەرێ، هەر یەکێ لەمانە ئەستێرەیەکی ئاسمان خوڵقاندوویەتی. هەموو ئەو ئەستێرانەش، کە هەریەکەو خواوەندێکن، پەیوەندیی یەزدانیی مەزنن بە مرۆڤەوە. بێگومان ئەم جۆرە بیروباوەڕەش زۆر جیاوازە لەو باوەڕەی، کە پێغەمبەران نێرراوی خودان بۆ مرۆڤ. واتە حەڕانییەکان بڕوایان بەوە نەبووە، کە پێغەمبەران لە لایەن خوداوە بۆ مرۆڤ نێررابنو بەلای خۆیانەوە پێویستییان بە هیچ پێغەمبەرێ نەبووە، چونکە بەلایانەوە هەموو ئادەمیزاد یەکسانن بۆ پەیوەندیکردن بە یەزدانەوەو گیانی هیچ مرۆڤێکیشیان لە خۆیان بە باڵاتر نەزانیوە، کە پەیوەندیی راستەوخۆی بە جیهانی ئاسمانییەوە هەبێ.

بە واتایەکیتر، بڕوایان بەوە نەبووە، کە ئادەم باوکی مرۆڤی سەرزەمینە، بەڵکە مرۆڤ هەر لە سروشتەوە دروست بووە. جا بۆ ئەوەی بیانەوێ پەیوەندییان بە ئەستێرەکانی ئاسمانەوە هەبێ، دەبوا هەر یەکە دەروونی خۆی لە جیهانی ئەستوویی (ماددی) پاکو خاوێن بکاتەوەو لە ئارەزووی ناپاک خۆی سەرفراز بکا. (ابن النديم)يش، کە لە (الكندي)یەوە وەریگرتووە، دەڵێ: "سائبیەکانی حەڕان لایان وا بووە، کە

ئاسمان ئاوەزانە، هەر بە خۆی دەبوێو چاکەو خراپەش هەر لە گیاندا دەبێو هیچ سزاو پاداشتێکیش بۆ گیان بۆ زوروانێکی داهاتووی دیاریکراو هەڵناگیرێ. بۆچوونیشیان بۆ بوونو نەبوون، کاتو شوێن، بزووتنەوەی بوون هەر وەک بۆچوونی (ئەریستۆ)یە. خوداش تاکەو بێ ڕەنگو بێ وێنەیە، (سۆلۆگسمۆس)ی نییە. واتە بە پێوان ناسەلمێنرێو بە ئاوەزیش پەیی پێنابرێ."

هەر لەم بارەیەوە (البیرونی) گوتوویەتی: "ئێمە لەوە زیاتر نازانین جگە لەوەی، کە ئەو حەڕانییانە خەڵکێکن، کە خوا بە تاکو بێگەرد دەزانن، بەڵام بە چەوتی بیری لێدەکەنەوە ، چونکە نە دەبینرێو نە زیانبەخشەو نە زۆرداره، چاکەشی ناخەنە پاڵ، تەنها ئەوە نەبێ، کە دەڵێن: چاوگی ڕووناکییە." هەروەها لە (الآثار الباقیة)دا گوتوویەتی: "حەڕانییەکان، کە لە سەردەمی دەوڵەتی عەباسیدا (نزیک ساڵی دووسەدو بیستو هەشتی کۆچی) خۆیان خستۆتە ئامێزی دینی سائیبیەوە، پێشتر بە حەنەفیو گومڕا ناسرابوون. لە بەرەبابی ئەوان، کە خاوەنی ئایینی کۆنی خۆرئاوایی ـ واتە یۆنانی ـ بوون، کە لە پاش ئەوەی ڕۆمە یۆنانییەکان بوون بە دیان، ئەمان هەر لەسەر باوەڕی خۆیان ماونەتەوە."





بەڵام پرسیار لێرەدا دەکرێ ئەوەیە، ئەم حەڕانییانە چۆن بوون بە سائیبی؟ واتە بۆچی ئایینێکی تریان جگە لەو ئایینە هەڵنەبژاردووە؟ بە تایبەتی ئایینێکی بەهێزیان لە ڕووی سیاسییەوە هەڵنەبژاردووەو، کە لە هەمان کاتیشدا خەلیفە (مەئموون) زەبری گەورەی لەسەریان هەبووەو بە زەندیقو گومڕا لە قەڵەمی داون؟

(ئەلبەیروونی) لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا دەڵێ: "باوەڕی سائیبی، کە هەندێ لە خەڵکی باشووری عیراقیش پێڕەویان کردووە، بەشێکە لە بیروباوەڕی ئایینەکانی هیندیو فارسیی کۆن، کە ئەستێرەپەرست بوون." لە مێژینەی بیرو بۆچوونیانەوە وا دەردەکەوێ، کە باوەڕیان تێکەڵێ بووبێ لە زەردەشتیو مانەویو پیتاگۆریزم Pethagorismی یۆنانیو هورمسی Hermetismو فەلسەفەی ڕازگەری Gnosism.

لەو پێغەمبەرو دانایانەش، کە پێڕەویان کردبێ، بریتی بوون لە شیت، ئیدریس، بەئادیمۆن، ئاگاتۆدیمۆن، هورمس، (سۆلۆن) باپیری (ئەفلاتوون)، والیس، فیتاگۆرس (پیتاگۆڕەس)و بابە شاسوار (کە زانای ئیسلامی کیندی بە باباوسواری ناوی بردووە)، کە باپیری (ئیفلاتوون)ە لە دایکییەوە. بەم چەشنە باوەڕو

بیرو بۆچوونەیان توانییان پردێکی پەیوەستو بەپیت بسازێنن بۆ گوێزانەوەی بیری فەلسەفیی یۆنان بۆ نێو ژیاری ئیسلام. بە وەرگێڕانو ئەوجا بە لێکۆڵینەوەو لێکدانەوە توانیویانە ئامۆژگارییەکی وەها بهێننە کایەوە، کە وەکو ئاکادیمیاکەی ئیفلاتوونی ئەسینایی بێ لە گرنگیدا. هەر بە ڕێگای ئەو وەرگێڕانو لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیان ببنە زاناو مامۆستای فەلسەفە؛ لێهاتووانەو لێزانانەش هزرو دیمانە فەلسەفییەکانی تایبەت بە خۆیان بڵاوبکەنەوە. گرنگیی ئەم کارەشیان لەوەدا بووە، کە فەلسەفەی یۆنانیو ئایینی ئیسلامیان لە یەک کاتدا خوێندۆتەوەو چوستانەو زرنگانە ڕێبازی نوێیان لە فەلسەفەی ئایینی لێ هەڵگۆزیوە. بۆ نموونە: ئەو بیرو بۆچوونە فەلسەفییانەی، کە تایبەت بووە بە خۆیانەوە دەربارەی بوونو گەردوونو خوداو خوداوەند، توانیویانە بیئاوێزێنن لەگەڵ بیری میتافیزیکییانەی قورئانو تێڕوانینە فەلسەفییەکانی یۆنان. هەروەکو (سابت ی کوڕی قورره)، کە یەکێکە لە وەرگێڕە هەرە لێهاتووەکانیان، هەموو ئەستێرەکانی ئاسمانی بە فریشتە لێکداوەتەوە. لەو کارە گرنگانەیتریان ئەوە بووە، کە هەرچی زاراوەیەکی سریانیو





یۆنانی لە کارنامەکانیاندا بهاتایەتە ڕێگەیان، دەیانگۆڕییە سەر زمانی عارەبیو شێوازی قورئانیان دەدایێ. هەرچی ئەو زاناو دانایانەی ئیسلامیش، کە بەدوایاندا دەهاتن، هەمان چەشنو ڕێبازیان دەگرتەبەرو سەرکەوتووانەش پەرەو گەشەیان بە بەرهەمەکانیان دەدا.

زۆری ئەو ژێدەرو سەرچاوە مێژووییانە ئاماژە بەوە دەکەن، کە ڕێخۆشکەری هاتنی فەلسەفەی یۆنانی بۆ نێو حەڕانییەکان لە شاری ئەسکەندەرۆنەی سووریاوە بووە. سەردەمی ئەو هاتنەش بەر لە ئیسلام بووەو زیاتر لەگەڵ لەشکرکێشییەکانی ئەسکەندەری (مەکەدۆنی)دا دەستی پێکردووەو تا وەدەرکەوتنی ئیسلامو بڵاوبوونەوەشی هەر بەردەوام بووە. کاتێ کە ئیسلامییەکان هاتوونو بە هەموو ئەو هەرێمو ناوچانەی، کە تیایاندا بڵاوبوونەتەوە، زمانی عارەبیان کردۆتە زمانی ڕەسمیو زانستو ڕۆشنبیری بە ناوی ئەوەی، کە زمانی قورئانی پیرۆزەو قورئانیش فەرموودەی خودایە. جا حەڕانییەکانیش، ئەگەرچی موسوڵمان نەبوون، بەڵام لەبەر ئەوەی کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە، ناچار بوونو زمانی ڕۆشنبیریو نووسینو کارنامەکانیان، کە بە سوریانیو فارسیو

یۆنـــانی بـــووە، بیگۆڕنـــە ســـەر زمـــانی عـــارەبیی قورئـــان. لـــەو بابـــەتو رشـــتە نووســـراوانەی لـــەو دەمەدا بـاو بـوونو وەرگێڕانیـان بایـەخی پـێ دەدرا بریتـــی بـــوون لـــە ئەســتێرەناســـی Astronomyو کیمیـازانیو ژیربێـژی (لۆجیـک Logic). کـاتێکیش خەلیفەکانی ئیسلام گرنگیی ئەو زانیارییانـەیان بـۆ دەرکەوتووە، ئەوەندەیتر بایەخیان پێداوەو هـانی پەروایانو لێزانانیان داوە، کە هزرو بیـری خۆیـان بخەنە گەڕ بۆ بەرەوپێشبردنی ئەو زانستانە.

دەشێ لـەم هانـدانو هەوڵدانەیانـدا بـەهێزکردنو فراوانترکردنی دەسەڵاتەکەیان مەبەست بـووبێ. بـۆ نموونە: دەشێ ویستبێتیان بە هۆی زانستی کیمیاوە لە نهێنییەکانی مادەن Meniralو کانزا Metalەکان بزانن، بە تایبـەتی لـە دۆزینـەوەی چـۆنێتی کردنـی کانزایـــەکی کرێـــوڵی هـــەرزانو بێبـــەهای ئـــەو سەردەمانەی وەک جیوە، بە کانزای زیوە یان مسی زەرد، بە زێڕسارا، کە زیاتر مەبەست بـوو. یـاخود ویســـتبێتیان بـــە هـــۆی زارشـــتیو یەزدانناســـی Theology فەلســـەفەی فیزیـــکو میتافیزیـــکو رامیارییەوە نێوەندی دەسەڵاتیان بەهێز بکەنو بیرو رێبازی نەیارو دوژمنەکانیان لە کۆڕی شەنگەبێژیو لێکۆنۆڕینـدا (منـاظرة) لاواز بکـەنو بیانبـەزێنن، بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە بازنـەی بیـری ئیسـلامیدا





نەبوون، وەک مانیو زەردەشتییەکان. لەبەر ئەوە، ئەو وەرگێـڕە حەڕانییانـەیان دەگرتـە خـۆو هانیـان دەدان هەرچییـەک بـزانن لـە خزمـەتی خۆیانـدا بـێ وەریگێڕنە سەر زمانی عارەبی. ئەو هاندانەش بۆتە هۆی ئـەوەی، کـە ئـەو وەرگێڕزانانـە دەستوەردانی وەرگێڕانـــی ئـــەو بـــوارە فرەلایەنانـــە بـــن. لـــەو حەڕانییانـەی لـە مێـژووی وەرگێڕانـی فەلسـەفەی یۆنـــانی بـــۆ زمـــانی عـــارەبی ناوبانگیـــان بـــووە: یۆحەنای پاتریک (لە ساڵی ٢٠٠ی کۆچیدا مردووە)، کە بۆ یەکەمین جار فەلسەفەنامەیەکی ئەرِیستو بـە نـاوی (ئاسـمانو گـەردوون)ی وەرگێـڕاوە، حـەنین کوڕی ئیسحاقی یەزدیدی حەڕانی (لە ٢٦٠ی کۆچیـدا مـردووە)، وەرگێڕانەکـەی یۆحـەنای زۆر پـێ بـاش نـــەبووەو لێزانانـــە چاککـــاریی تیـــادا کـــردووە، ئیســـحاقی کـــوڕی حـــەنین (ســـاڵی ٢٩٨ی کـــۆچی مردووە)، وەرگێڕانەکەی (حەنین)ی بـاوکی هێنـاوەو دەستکاریی تیادا کردووە. لـە سـەردەمێکی دواتـردا، چەنـد وەرگێڕێکیتـر ناویـان دەرکـەوتووە، وەک: ئـەبو بیشـر مـەتتیی کـوڕی یـونس، کـە دووەم شـێکارنامەکەی ئەرِیسـتۆی وەرگێـڕاوە بـە نـاوی (سلۆگیزم Syllogism) (بە واتـای زارشتە پێوانـە/ القیاس المنطقي دێ)، هاوسـەردەمی فـاڕابی بـووەو ساڵی ٣٢٨ی کۆچی مردووە، یەحیای کوڕی عـەدی،

کە لە دوا نیوەی سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوەو چەندین لێزانیتر لەم بوارەدا.

ئەمانە ئەوەمان بۆ دەردەخەن، کە هەر بە هۆی حەرانییەکانەوە، ڕێبازی فەلسەفیی ئەرِیستۆ هاتۆتە نێو ئیسلامەوە، هەروەها ئەوەش دەگەیەنن، کە زەمینەیەکی ڕووناکبیری مەزنی وەک بیری فەلسەفی ــ ئاوەزی بەر لەوەی لە نێو عارەبدا هەبێ هەبوو بێ، بۆ نموونە، (بزووتنەوەی ئەلموعتەزیلە)، لە کوردستاندا هەبووە، ئەگەرچی لە بنەڕەتدا بەشێکی بیروباوەڕی زەردەشتییانەو مانی باوەڕ بووبێ، یاخود دەشێ لەگەڵ لەشکرکێشییەکەی ئەسکەندەردا بەهاری بیری فەلسەفەی یۆنانیو ئەرِیستۆییو ئیفلاتوونی بووبێ، یاخود هورمسیو پاییزی بیری فەلسەفەی یۆنانو نیوپلاتۆنیزم بووبێ.

(ابن الندیم) لە (الفهرست)ەکەیدا دەڵێ: "هۆی فرەبوونی نووسراوە فەلسەفییەکانو زانستە کۆنەکان لەو وڵاتانەی ئیسلامدا ئەوە بووە، کە گوایە مەئموون ـ خەلیفەی عەبباسی لە خەونیدا ئەرِیستۆی دیوەو پێی ڕاگەیاندووە، کە فەلسەفەنامەکانی یۆنان، بە تایبەتی ئەوانەی خۆی وەرگێڕرێتە سەر زمانی عارەبیو بەبێ





مەترسیکردنیش لە ئایینی ئیسلام بخوێنرێتەوە. بۆ ئەو کارەش بودجەیەکی زۆری تەرخان کردووە.

مەئموون لەم کارەدا ویستوویەتی بەهۆی ئەم بزاڤە ڕۆشنبیرییە لە وەرگێڕانی ئەو نووسراوە فەلسەفیو زانستییانە زەمینەیەکی هزری پتەو بۆ نێوەندی دەسەڵاتڕەوییەکەی بخا، تاکو بتوانێ بەکاری بهێنێ لە ڕووی ئەو تەیارو گرۆهە ئایینزایانەی دژی دەڵەتی ئیسلامی سوننی دەبنەوە، وەک مانیو ئیسماعیلیو شیعەکان، کە هەندێ لە کوردو فارسو ئەفغانیو ئازەری پێڕەوی بوون. ئەو دەمەی پێغەمبەر لە حیجاز ـ جەزیرەی عەرەبی بانگی ئیسلامەتیی دادا، زۆربەی کوردستان بەشێ بووە لە ئیمپراتۆرییەتی ساسانی (هەندێ لە مێژوونووسان بە ئێرانی گەورە ناویان بردووە). کە تەشەنەی کردووەو هەموو ئێرانی گەورە لە سەردەمی عەباسییەکاندا بە تەواوی کەوتۆتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە، کوردستانیش، کە بەشێ بووە لەو ئێرانە گەورەیە، بۆتە گۆڕەپانێ بۆ بزووتنەوە ئایینیو ڕامیارییەکانی ئەو سەردەمە، خەڵکی ئەو هەرێمە کۆنانەی ئێرانی گەورە، بەر لە هاتنی ئیسلام ڕەدووی ئایینی زەردەشتیو مانیو مەزدەکی کەتبوون. بەڵام، کە ئایینی ئیسلام هاتو چووە ناویانەوە، ناچار بوون، کە واز لە باوەڕی

پێشینیان بهێنن‌و خۆیان بخەنە ئامێزی ئەو ئایینە نوێیەوە (واتە ئیسلام). بەڵام هەر لەگەڵ ئەوەشدا، لە ئەنجامی زەبری توندی دەسەڵاتدارانی عارەب، کە ئایینی ئیسلامیان کردبووە دەستاوێژێک‌و خواستی داگیرکردن‌و خۆ بە زۆر سەپاندنیان بۆ سڕینەوەی زمان‌و کەلەپووری ئەو گەل‌و نەتەوانەی، کە دەکەوتنە ژێر دەسەڵاتیان پێ دەهێنایە دی، چەندین راپەڕین‌و بزاڤی ئایینی‌و رامیاری، چ بە نهێنی‌و چ بە ئاشکرا، بە زەمینەی کۆنیانەوە دژ بە دەسەڵاتی خەلیفەنشینەکان پەیدا دەبوو. پاڵهێزی ئەو بەرەنگاربوونەوەیەش تەنها ئەو بیرو هۆش‌و فەلسەفەی رێبازەکەیان بووە، کە لە چەند ئایینزاو تەیارێکی ئایینیدا رەنگی دابووەوە، وەک شیعە، ئیسماعیلی، یەزیدی، عەلیوللاهی (عەلی ئیلاهی)، ئەهلی هەققەو سۆفیگەری‌و .. چەندینی‌تر.

کەواتە، دەشێ ئەو بزووتنەوە وەرگێڕانانەی، کە خەلیفە مەئموون هاندەرو بایەخپێدەری بووە، مەبەستێکی ستراتیژیانەی بووبێ دژی بنجی ئەپستمۆلۆژیی نەیارەکانی، بەڵام ئاکامەکەی هاتنی فەلسەفەی یۆنانی بوو بۆ نیۆ ئیسلام، کە لێوەی را فەلسەفەی ئیسلامی هەڵهات‌و گەشەی کرد. وێڕای ئەمانەش، گەر ئەو هاندەری وەرگێڕانە





نەبایە، لەوانەبوو فەلسەفەی یۆنانی بە تەواوی نەگەیشتبایە ئەورووپای خۆرئاوا، چونکە زۆر لە دەستنووس‌و فەلسەفەنامەکانی یۆنانی، پاش ئەوەی کرابوونە عەرەبی، خودی دەقە یۆنانییەکان لێیان بزر دەبووو نەدەدۆزرانەوە. کەواتە دیسان دەشێ بگوترێ، کە بە هۆی ئەو وەرگێڕکارانەی حەڕانییەکانەوە بووەوە، کە فەلسەفەی ئیسلامی داهاتووە. یاخود بە واتایەکی‌تر، فەیلەسوفە ئیسلامییەکان بە هۆی ئەو وەرگێڕدراوانەوە بەو رادەیە کارلێکراو بوون، کە دژی ئایینی ئیسلام نەبوون. بۆ نموونە: (ئەبی مەنسوڕ ئەلفاڕابی (٩٥٠ز) کە لە فاڕاب لەدایکبووە، چۆتە شاری حەڕان، بەهۆی ئەو وەرگێڕە حەڕانییانەوە بە فەلسەفە ئاشنا بووەو وەرگێڕانەکانی ئیفلاتوون‌و ئاڕیستۆی خوێندۆتەوە، ئەوجا بە لێهاتوویی خۆی لەسەر فەلسەفەی ئەو دووانە فەلسەفەکەی خۆی داڕشتووەو سەرکەوتووانەش توانیوێتی شەریعەتی ئیسلامی‌و فەلسەفەی یۆنانی هۆگۆی یەکتر بکا. هەروەک خۆی لە نووسینەکەیدا بە ناوی (کۆکردنەوەی راکانی دانایان (ئەفلاتوونی لاهووتی‌و ئەڕیستۆ) دەڵێ: "زۆر لە خەڵکی ئەم سەردەمانەم دیتووە دژایەتییان لە نێواندا بووە لەسەر دێرینی‌و نادێرینیی جیهان‌و بڕواشیان وابووە، کە شتێزەو

ناکۆکیی زۆر لە نێوان ئەم دوو دانا مەزنەدا هەیە سەبارەت بە سەلماندنی بوونی خولقێنەری یەکەمو کێشەی ئاوەزو گیان، هەروەها کێشەی چاکەو خراپەو رامیاریو رەشتو زارشت. جا لەم دارشتنەمدا ویستوومە رای هەردوو ئەو دانایانە کۆبکەمەوەو ناوەڕۆکی بیروڕایان روون بکەمەوە بۆ رێکخستنی بیروڕای هەردووکیان. بۆ ئەوەی گومانو دوودڵی لەو کەسانەدا نەمێنێ نووسراوەکانیان دەخوێننەوە. ئەو سەردەمەش، کە فاڕابی چۆتە شاری حەڕان، دانای دیانی (یۆحەنای کوڕی حەیلانی) لەوێ بووە، کە شارەزاییەکی تەواوی لە دانایی یۆنانیدا هەبووەو فارابی یش هۆگری ئەو شارەزاییەی بووەو توانیوێتی کەڵکی لێ وەربگرێ. یاخود (ئیمامی غەزالی) (١٠٥٨ز – ١١١ز)، کە بەو رێژەیە گەلێ کەڵکی لەو نامە وەرگێڕراوانە وەرگرتووە، کە پەیوەندییان بە زانستی ژمێرەو ئەندازەو پێوانو شێوەی گەردوونەوە هەبووە. هەروەها کەڵکی لە زارشتی یۆنانییەکانەوە وەرگرتووە، کە زانستێکە زیانی بۆ ئایین نییەو هەموو سروشتیش خودا خولقێنەرو بزوێنەرێتی. هەروەها لە رامیاریشی کۆڵیوەتەوە، لەبەر ئەوەی لە بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانو فەرمانڕەوایانی سەردەمەکەی بووە، لە نووسراوە رەوشتزانی





Ethicsیشی کۆڵیوەتەوە، چونکە لە رەفتارو دەروونی مرۆڤ دواوە. هەروەها (ئەبوبەکری رازی) (٨٦٥ز ـ ٩٢٥ز)یش، کە بە تەواوی کاریگەریی بیروڕای حەڕانییەکانی لەسەر بووەو پزیشکێکی زۆر ناوداری ئەو سەردەمە بووە، چەند نووسراوو وتارێکی لەسەر نووسیون. جا ئەو کارنامانەی، کە هەیبووە دەربارەی پزیشکیو کیمیازانیو ئەپستمۆلۆجی، لە هزرو بیری (گینۆسی)یە هورمسییەکانەوە لە رێی حەرانییەکانەوە وەرگرتووە.

لەو نووسراوانەی ناوی شاری (حەڕان)ی تیادا بردووە، ئەوەی کردووە، کە یەکەمین مەڵبەندی رۆشنبیری بووە لە جوگرافیای مێژوویی، کە فەلسەفەی یۆنانی بە ئیسلامو خۆرهەڵات ناساندووە.

لەو دیاردە گرنگانەیتر، کە مێژوو ئاماژەی بۆ کردووە ئەوەیە، کە هەر لە سەرەتای سەدەی زایینییەوە، حەڕانییەکان بایەخیان بە زانستەکانی کلدانیو تەوژمەکانی فەلسەفەی یۆنانی داوە. گرنگترین رووداوی زانستی، کە لە مێژوودا ناوی شاری (حەڕان)ی پێوە ئاوێزابێ، سەردەمی خەلیفە (المتوکل)ی عەبباسییە، کە ئەنجومەنی خوێندن لە شاری (ئەنتاکیا)وە بۆ ئەو شارە گوێزاوەتەوە، بەر

لەوە، تا ساڵی ٩٩و ١٠١ی کۆچی لە شاری ئەسکەندەریە بووە. بەڵام لە سەردەمی خەلیفە (المعتضد)دا گوێزراوەتەوە شاری بەغدا. بە درێژاییی ئەو ساڵانەی، کە ئەنجومەنی خوێندن لە شاری (حەڕان)دا بووە، وەرگێڕەکان زرنگو لێهاتوویی خۆیان خستۆتە گەڕ بۆ بەعارەبیکردنی زۆربەی نامەو نووسراوە هورمسییەکان؛ ئەم کارەش ئەوە دەگەیەنێ، کە حەڕانییەکان، بەر لە هاتنی ئیسلام، بەشێکی زۆری کەلەپووری رۆشنبیریو فەلسەفەی هورمسییەکانیان خواستووە. دەشێ هەر ئەو وەرگێڕنامانەیان بووبێ، کە هۆکارێکی باڵای گێڕابێ لە پەیداکردنی رێبازەکانی رازگەریو سۆفیگەری لە سەرزەمینی ئیسلام بە گشتیو لە کوردستان بە تایبەتی.





# زوروانگەری

**(زوروان) بە کورتە روانگەیەکی تێرمینۆلۆژیو فەلسەفی:**

(زوروان zurvan، zurwan) وشەیەکە چەندین جار لە توێی گاتاکانی ئاوێستادا دووبارە بۆتەوە، کە بە زمانی ئیمڕۆی ئێمە (کات) دەبەخشێ. بەڵام بە واتای پڕاوپڕی ئاوێستایی کاتی بێ سنوور دەبەخشێ (zurwan akarana)، واتە کاتی بێ سنوورو بێ جەمسەرو هەمیشەییو نەتەنراو، یاخود کاتی بێ بەرجەستەو بێ تەنو قەوارەو لەش. هەروەها لە زمانی پەهلەویدا بە واتای کاتی ئاسمان، یاخود کاتی بەرجەستە، یاخود کاتی تەنراویش بەکار هاتووە.

هەڵبەت مرۆڤ بە هەستکردنی بەوەی، کە بە نێو مێژوودا رۆدەچێ، بۆی دەردەکەوێ، کە دیاردەیەک لە (بوون)دا هەیە، کە (کات)ە، واتە بە سانایی دەزانی (کات) بوونی هەیە، بەڵام چییەو لە چییەوە هەڵقوڵاوە؟ ئەوەیان ئاسان نییە بزانرێ، شت نییە ببینرێ، تاقە رێگایەک هەبێ، کە پێی باس بکرێ زمانەو وەها لێکبدرێتەوە، کە دیاردەیەکی ئەستوویی بێ (material phenomena)و هیچیتر.

سروشتی کات، بە هەستکردنێکی ئاسایی لە هۆشماندا، سێ مەودایە: رابردوو (تێپەڕ)و رانەبردوو (تێنەپەڕ)و داهاتوو. بەڵام ئەوەی هەرگیز بۆمان ئاشکرا نییە جەمسەرەکانیانە، بە واتایەکیتر، سەرەتا کامە بووەو کۆتایی کامە دەبێ. (کات) وا دیارە وەک رووبارێ بێ بە خوڕ بڕواو نەزانرێ ئاوی پێشووی لە کوێ بووبێو ئاوی ئێستای کامە بێو ئاوی داهاتووی لە کوێ بێ. ئایا چەند چرکە لە نێو چرکەکاندا هەیە؟. (کات) ئەگەر سەرەتای هەبێ کامە سەرەتاکەیەتی. ئەی سەرەتای سەرەتاکەیو سەرەتای سەرەتای سەرەتاکەی کامەیە؟ بێگومان ئەم هەموو دووبارە بوونەوەیە گێژەنێکە کێ عەقڵی خۆی تێدەهاوێ!. لە راستیدا، سەرەتای ئەو کەسانەی، کە عەقڵی





خۆیان هاویشتۆتە نێو ئەم گێژەنەوە، هندستانیە کۆنەکان بوون، کە پێنج سەد ساڵ بەر لە مێژووی زایینی لە ئۆپانیشاددا (کات)یان بە سەرچاوەی بوون زانیوە. بە دوو شێوەش لێکیانداوەتەوە: (ناکات)، کە هیچ بەشی نییەو ئێستا هەمیشەیی بەخشیوە لە لایانو (کات)، کە بەش بەشەو ئاساییە. بەڵام ئەو شێوە ئاساییە وەها لێکدراوەتەوە، کە ماددەیەکی خاو بێو هەوێنی بوون بێ، کە بوونیش سەرچاوەی هەموو بوونەوەرە. کات بەلایانەوە بەرجەستەی جیهان بووەو ئۆقیانوسی یەزدانەکانە.

فەیلەسووفی گریکی (پارمینیدس Parmenides) (سەدەی شەشی پێش زایین)و (زینۆ Zeno) باوەڕیان وەها بووە، کە گۆڕان بە ژیربێژی ئەندێشە ناکرێ، چونکە کات، کە گۆڕان دیاردەکەیەتی خۆی لە خۆیدا ئەندێشەیە. بەڵام ئەفلاتوونو ئەفلاتوونیەکانو بووداش باوەڕیان وابووە، کە ژیان ئەندێشە نییەو بەڵکو ئاوی خوڕی نێو رووبارێکە، کە زوروانە. (هیراکلیتۆس Heracleitus) تەنانەت گوتوویەتی، کە زوروان بنەمای هەموو راستیەکە، واتە سەرچاوەی هەموو بوونە. بۆ نموونە گوتوویەتی، کە مرۆڤ هەرگیز ناتوانێ دووجار پێی بخاتە نێو هەمان ئاوی

رووبارێکەوە. کەواتە ئەو فەلسەفەو ئایینانەی، کە باوەڕیان وایە تاقە ژیانێ هەیە، کە لەسەر خاکە وەها بیردەکەنەوە، کە ساتو کاتو تەمەنو سەردەمو زوروان گرنگترینو پیرۆزترینن. چ بەختەوەریو چ ئازارو چ بەهەشتو چ دۆزەخ هەمووی هەر لەسەر زەمیندایە. بەڵام ئەو فەلسەفەو ئایینانەی، کە باوەڕیان بە دوو جۆر زوروان هەیە: زوروانی سەر زەمین، کە ناهەمیشەییو بەسەر چووەو زوروانی ئاسمانیش، کە هەمیشەییە، باوەڕیان وایەکە کاری چاکەو کاری خراپە. پەسەندکردنی ئەم بیروباوەڕەش لە لای میسرییە کۆنەکانو ئیسلام بووە بە ئایین. هەڵبەت دوو تیۆریی تاکانەیو بازنەیەتیی زوروان لە نێو مێژووی فەلسەفەدا رۆڵێکی گەورەی لە بناغەی بیرو کەلەپوورو فەلسەفەو ئاینی مرۆڤایەتی تا ئەمسەردەمەدا دروستکردوە.

فەیلەسوفە کۆنەکانی گریکیش لە بەر لە (سوکرات)ەوە، تا بەر لە (ئەرستۆتالیس)، هەر هەموو راستیو سروشتی (کات)یان بە جووڵانەوەی ئاشکراوە بەستۆتەوەو گوتوویانە، کە کات (چەند)ی ژمارە جووڵانەوەیە، واتە بە جووڵانەوە خۆی دەپێورێو ئەو جووڵانەوەیەش جووڵانەوەی گەردوونە بە گشتی. واتە کات سەرچاوەو هێزی





بزوێنەری بوونو نەبوونەو هیچ پەیوەندیەکیش بە بوونو دروستبوونی مرۆڤەوە نییە. ئەگەر پەیوەندیشی بە بوونی مرۆڤەوە هەبێ، ئەوا پەیوەندیی بە گیانی زیندووی مرۆڤەوە هەیە.

ئیفلاتوون لە دیالۆگەکەیدا گووتوویەتی، کە (کات) دیاردەیەکە لە دیاردەکانی سیستەمی جیهانو مەرجێکی پێویستە بەر لە بوونی کردگار. (کات) لەگەڵ دروستبوونی ئاسماندا پەیدابووە، ئەگەر بێ ئاسمان لە نێو بچێ، کاتیش لە نێو دەچێ. واتە نموونەیەکە لە بوونی زیندوو لە خودا، لە ئەزەلەوە هەیەو هەمیشەییو هەتا هەتاییە، بەڵام بەشی هەیەو وێنەشی هەیە: بەشەکانی رۆژو مانگو ساڵەکانن، کە بە جووڵانەوەی خۆرو ئەستێرەکان دەپێورێنو وێنەکانیشی رابردووو ئێستاو داهاتووەکانن. بەڵام ئەرستۆتالیس دەربارەی (کات) دەڵێ: "(کات) بەبێ جووڵانەوەو گۆڕان نابێ. بۆ نموونە ئێمە، کە هەست بە گۆڕان، یاخود جووڵانەوە ناکەین هەست بە تێپەڕبوونی کاتیش ناکەین. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جووڵانەوە نییە، جووڵانەوە تەنها نیشانەکەیەتی." دەڵێ: "بۆ نموونە ئەوانەی لە ئەشکەوتی (سردیس)دا ماوەیەکی دوورودرێژ خەویان لێکەوتووە، کە ئەو ساڵانەی دوورودرێژیان بەسەردا چووە، ئەویش

نیشانەی ئەوەیە، کە هەست نەکردنیان بە جووڵانەوە وایان باوەڕکردووە، کە (کات) بوونی نییە.

لە پاش ئەرستۆتالیس ئەفلاتوونیە نوێیەکان (ئەفلۆتینو فۆرفۆریۆسی) جیاوازیان لە نێوان دوو جۆر (کات)دا دەستنیشانکردوو: (کاتی سروشتی، کە ئەرستۆ بایەخی پێ داوەو کاتی بنەڕەتو راستەقینەو یەکەمینو گەوهەرو هەمیشەییە، کە ئەفلاتون بایەخی پێداوە) هەڵبەت بەلای ئەم ئەفلاتوونییە نوێیانەوە (کات)ی بنەڕەتو راستەقینە، کە گرنگتر بووە، چونکە ئەمەیان پەیوەندی بە بوونی ژیانو گیانو عەقڵەوە هەیە.

لە دوای فەلسەفەی گریکەوە یەکەم فەیلەسووفی رۆژئاوایی (سانت ئۆگستین) بایەخێکی گەورەی بە کێشەی بوونی (کات) داوە، ئەم فەیلەسووفە لە دانپیانانەکانیدا نووسیویەتی: (بەلامەوە کات درێژەیە. بەڵام درێژەی چییە؟ نازانم. درێژەیە بۆ رۆح؟ لە راستیدا چی بڵێم. خودایە، بۆ نموونە ئەگەر بڵێم: ئەم کاتە لەویتر درێژترە، بەشێوەیەکی گشتی، یان بە تایبەتی. ئەم کاتە دوو هێندەی ئەویترە؟ دەنا من پێوانەی کات دەکەم. دەزانم، بەڵام داهاتووم بۆ ناپێورێ، کە هێشتا نەهاتبێ ئێستاشم بۆ ناپێورێ، چونکە ئێستایە





(واتە بەشبەش نابێو درێژە نییە)و رابردوویشم بۆ ناپێورێ چونکە ئێستای نەماوەو ئیدی بەسەرچووە. ئەی ئیدی چ بڵێم؟ گوتم، کە: ئەو کاتە نییە، کە رابورد، بەڵکو ئەو کاتەیە رادەبوورێ. ئۆگستین هەر لە دانپیانانەکەیدا ئینجا بیر دەکاتەوە دەنووسێ: "عەقڵم تیایدا پێوانەترین کاتە، ئیدی لێمگەڕێو لەوە زیاترم لێ مەپرسە، دەنا من لە نێو تۆدا (کات) دەپێوم، شوێنپێی ئەو شتانە دەپێوم، کە بە نێو تۆدا تێدەپەڕنو کە ئەو شوێنپێیانەش دەپێوم واتا کات."

ئینجا، کە دەچینە فەلسەفەی نوێوە، دەبینین ئیزاک نیوتن کات دەکا بە دوو کات: رەهاو رێژەیی. دەڵێ کاتی رەها، راستەقینەو ماتماتیکییانەیە، گشتییەو هیچ پەیوەندییەکی بە بوونی شتەوە نییەو بە ئاوەز نەبێ لێکنادرێتەوەو هیچ پەیوەندی بە جووڵانەوەوە نییە، بەڵام کاتی رێژەیی پێوانەکردنی ماوەیەکی تایبەتە بە رێگای هەستکردن بە جووڵان. ئەو جۆرە کاتەیە، کە لە ژیانی ئاسمانیدا بەکاریدەهێنینو کردوومانە بە کاتژمێرەکانو رۆژەکانو مانگەکانو ساڵەکانو خولی فەلەکی ئەستێرەکان.

کەواتە ئیزاک نیوتن دەتوانین بڵێین جیاوازی لە نێوان (زوروانی رەهایو نەپێوراو نەژمار)و کات

(ڕێژەیی و پێوراو ئەژمار)دا وەها دەستنیشانکردووە، کە (زوروان)ی دیاردەیەکی میتافیزکی داناوە، بەڵام کاتی بە میتاریاڵ داناوە.

بەرامبەر بە تیۆرە فەلسەفییەکەی نیوتن، (لیبنز) وای بیرکردۆتەوە، کە (کات) سیستەمی یەک بەدوای یەکی شتەکاندا هەن، واتا (کات) رەها نییەو تا بوونی شتەکان نەبن (کات) نابێ.

پاش ئەو فەیلەسووفی ئەڵمانی رەخنەگر (ئیمانوێل کانت Immanuel Kant) زۆر بە قوڵی بیری لە (کات) کردۆتەوەو باوەڕی وابووە، کە (کات) لە راستیدا هیچ دیاردەیەک نییە، واتە بەشێ نییە لەم جیهانەمان، بەڵکو بەشێکە لە جیهانێ، کە لە دەرەوەی ئاوەزو بینینی ئێمەدا بێ. کانت (کات)ی بە دوو جۆر لێکداوەتەوە: میتافیزکیو بڵندایەتی. لە جۆری میتافیزکیدا وای لێکداوەتەوە، کە (کات) بوونی لە پێش بوونی هەر شتێکەوەیە، واتا پێش بوونە، چونکە هیچ شتێ دیاردەی نابێ بە بێ بوونی (کات). بە واتایەکیتر بینینی هیچ دیاردەیەک بە بێ ئەندێشەکردنی بوونی (کات) نابێ، بەڵام (کات) بە بێ بوونی دیاردەش هەر ئەندێشەی دەکرێ.

هەروەها سەبارەت بە (کات)ی بڵندانەیی، کانت وای لێکداوەتەوە، کە هیچ بوونێکی خۆ بەخۆی



بیر . ئاوەز . زمان ..........................................................

نییە، بەڵکو بەشێکە لە ئاوێتەی شتەکانو دیاردەکانی بوونو گەردون بەرجەستە دەکاتو ئێمەش بە ئەزموونی بیری خۆمان پەیی بۆ دەبەینو دەیزانین. لەبەر ئەوە، دەبینین کانت بە توندی دژی هەموو ئەو فەیلەسووفانە بووە، کە (کات) یان بە راستییەکی رەهایی لێکداوەتەوە.

پاش ئەوە دەگەینە لای (هێنری بریگسۆن)، کە دیسان ئەویش بە دوو جۆر (کات) لێکدەداتەوە: (کات)ی زیندوو، کە ناوی لێناوە : ماوە dureeو (کات)ی فزیکی، کە ناوی لێناوە (سات). ئەم فەیلەسوفە هەروەها دەڵێ: تەنانەت بۆچوونی زاناکانیش سەبارەت بە (کات) کە روویەک dimention لە رووەکانی بوونەوەر بێ، لە راستیدا نواندنێکی هەڵەیانەی راستییە.

ئەوەی شایەنی باسە هەرە گرنگترینو بەناوبانگترین رای فەیلەسوفی، لە درێژایی مێژووی فەلسەفەدا سەبارەت بە فەلسەفەی کات، رایە فەلسەفییەکەی (مارتن هایدریگەر)، کە لە کتێبی (بوونو کاتدا) بڵاویکردۆتەوە، کە تیایدا واتای کاتی بە بوونی مرۆڤایەتی یەوە گرێداوە.

(هایدیگەر) نووسیویەتی، کە (سروشتی بنەڕەتی بوونی مرۆڤایەتی خولیایە sorge، واتا سەوداسەرییە لە ئەنجامدانی تواناییەکانی لە نێو

**بووندا، خولیاش سێ شێواز دەنوێنێ: خولیایی بۆ ئەنجامدانی تواناییەکانی بۆ پاشەڕۆژ (داهاتوو)، خولیایی بۆ ئەنجامدانی، کە رابوردن (رابردوو)، هەروەها خولیای بۆ ئەنجامدانی تواناییەکانی ئێستای. کەواتە هایدیگەر دەڵێ: خولیایی سێ شێوازی کاتی (زوروانی) دەنوێنێ. داهاتوو، رابوردوو، ئێستا. بەواتا، زوروان بناغەو بنەمای دروستبوونی خولیایی‌و تەقەللاو سەوداسەری بوونی ژیانی مرۆڤایەتییە. هەر لەبەر ئەو هۆیە، ئاراستەی (دامێنیشی) سەرەکیی کاتیش لە داهاتووەوە دەستپێدەکا. نەک لە ڕابردووەوە، بەڵام هەروەکو هایدیگەر دەڵێ: "داهاتوویەک، کە هەرگیز لە نێو دەچێ‌و نامێنێ، چونکە مردن هەمیشە خۆی بۆ مەڵاس داوە."**

**(ئالفرێد نۆرت وایتهێد Alfred North Whiteheadیش یەکێکە لە هەرە ناودارترین فەیلەسووفە ئەنگالۆ ـ سەکسۆنیەکان، لە ساڵی ١٩٤٧ دا کۆچی دوایی کردووە، کە دەڵێ: "خوڕەی کات راستییەکی میتافیزیکی گرنگە، بەڵام تاقە رێگەیەک هەبێ، کە ئەو راستییەی پێ بسەلمێنرێ، ئەو رێگایەیە، کە بەدیهەتگەرانی وەک فەیلەسووفی فەرەنسایی (هێنری بێرگسۆن Henry Bergson) گرتوویانەتە بەر، کە دەڵێن: پەیبردێکی**





**نائاوەزییانەیە." تەنانەت هەندێ لە فەیلەسووفان هەن، کە دەڵێن: کات لە ئەندێشە بەولاوە هیچی‌تر نییە. بۆ نموونە دەڵێن: تەنانەت بیرکردنەوە لە واتای وشەی وەک رابردووو ئێستاو داهاتوو بۆچونێکی پەراوێزییەو تەنها هەر لە دەربڕینی زمان خۆیەوە هەڵقوڵاوە. ئینجا بیرکردنەوەی وەها، کە گۆڕان هەبێ لە ساتی رابردووەوە رانەبردووو داهاتوو، هەر ئەندێشەگەرییەو هیچی‌تر، چونکە سات ئەگەر لە هەمان کاتدا رابردووو رانەبردووو داهاتوو بێ، ئیتر چۆن دەبێ بپێورێ. واتە دەڵێن نە گۆڕان بوونی هەیەو نە کاتیش واتا دەبەخشێ. ئەگەر هەر خاڵێ دەستنیشان بکرێ، بێگومان ئەو خاڵە لە هەمان ساتدا تێپەڕو تێنەپەڕە. واتە بە بیری ئەو فەیلەسووفانە (کات) دیاردەیەکە نە سەرەتای هەیەو نە کۆتایی، پڕو پتەوەو نە گۆڕانی بەسەردا هاتووە نە دێ. کەواتە فەلسەفەی بەدیهیەتگەری هیچ لایەنێکی سەبارەت بە دیاردەی (کات) نەداوە بەدەستەوە. بە واتایەکی تر، ئەو دیاردەیە بە لایانەوە دەشێ بوونی هەبێ‌و دەشێ نەشیبێ.**

## سەرچاوەی مێژوویی زوروان:

ئەوەی من لەم کورتە نووسینەدا دەمەوێ لێیبکۆڵمەوەو بایەخی هەرە زۆرتری پێ بدەم، بازنەیەکی هەرە گرنگە لە زنجیرەی مێژوویی بیرو باوەڕی دێرینماندا، کە رۆڵی تیۆری (زوروان)ە لە سێ کێڵگەی ئاینیو مێژوویی(مرۆڤایەتیو گەردوونی) زەردەشتیدا رەنگی داوەتەوە. هەروەها زوروانگەرییە، کە گرنگی لەوەدا بووە، کە بزاڤێکی ئاینی ـ فەلسەفیی هێند تایبەتو کاریگەر بووە، کە هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە لە کۆتایی سەردەمی هاخامەنشینەکانو سەردەمی ساسانیەکانەوە تا سەرەتای ئیسلام بە توندی لە لایەن بەرهەڵستکارانی مەزدیانو مانەویەکانو کریستیانو پاشان ئیسلامەوە بەربەرەکانێی کراوە.

هەڵبەت لە مێژووی ئێرانی کۆندا، چیاو بیابانو دارستان سنووری جیاکردنەوەی ناوچە جوگرافییە جۆراوجۆرەکانی رۆژهەڵات لەگەڵ رۆژئاوا بوون. ناوچەکان رۆژهەڵاتی ئێرانی گەورە مەڵبەندی پارسەکانو فارسەکان بوونو ناوچەکانی رۆژئاوای ئێرانی گەورەش مەڵبەندی ژیانی مادەکان بوون، کە خاکی کورستانی ئیمڕۆ دەگرێتەوە.





بە پێی مێژووی نووسراوی یەکەم مێژووناسی گریک (هیرودوت HERODOTUS) مادەکان، کە لە باکوری رۆژئاوای ئێرانی گەورەدا ژیاون، لە شەش هۆز پێکهاتبوون، ناودارترینو گرنگترینیان (موغەکان mago) بوون، کە چینێکی خاوەن نووسەرو خوێندەوارو زاناو ئەستێرەوانو یەزدانناسو ئاینپەروەرو شارەزامەندی کیمیاو ماتماتیکو ئاوازو مۆسیقاو هونەریتر بوون. هەر ئەم موغانەش بوون، کە بوونەتە رابەری ئاینیی مادەکان.

فەرهەنگی ئیمپراتۆریەتی مادەکان ماوەی شەست ساڵ گوڵو گەشەی کردووە. لەو سەردەمەدا ئایینی زەردەشتیش تەواو لە رۆژئاوای ئێرانی گەورەدا بڵاوبۆتەوەو بۆتە ئایینی رەسمیی مادەکانو ئایینی زەردەشتیان لە نێو سنوورو لە دەرەوەی سنووری ناوچەکانی ئێرانی گەورەشدا بە تایبەتی لەو سەردەمەوە، کە بە تەواوی دەسەڵاتی سیاسیشیان لە ژێر سێبەری پاداشتی مادەکانو هاخامەنشیەکانو پاداشتی ساسانیەکاندا بەسەر ئیمپراتۆریەتی ئاشورییەکانو بابلیەکاندا شکاوە. هەر لە ساڵی (٦١٢ـ٦١٤)ەی پێش مێژووی ئاینییەوە هەموو ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستو ئاسوورو ئارامیاو میسۆپۆتامیایان خستۆتە ژێر سایەی

خۆیانەوە، تا دەگاتە دەریای خەزەر (قەزوین) لە ڕۆژئاوادا.

لە ساڵی (٥٤٩)ی پێش مێژووی زاینیدا کۆرۆش، کە زاوای یەکێ لە پادشای مادەکان بووە، فەرمانڕەوایی مادی رووخاندووەو یەکەمین شاهنشایی فارسی دامەزراندووەو دەسەڵاتی بەسەر هەموو رۆژهەڵاتی بچووکو میسۆپۆتامیادا گرتووەو فەرمانڕەوایی کردووە. هەر لە سەردەمی هاخامەنشیەکانیش بە دواوە ئاییینی زەردەشتی بووە بە ئاینی رەسمیی باوەڕپێکراو لە سەرانسەری ئێرانی گەورەدا. بەڵام لە نواندنی دابو نەریتدا قەڵەمڕەوەکان ئازادیو سەربەخۆییان هەبووە.

ئەوەی شایەنی باسە، چ لە سەردەمی مادەکانو چ لە سەردەمی هاخامەنشیەکاندا، ماریفەتەکانی زەردەشت نەنووسراوەتەوە. هۆی سەرەکیش ئەوە بووە، کە پیتی نووسین لەلای مادەکانو هاخامەنشیەکان نەهاتۆتە دیو ئەوەی موغانەکان زانیویانە ئەلفبای زمانی بزماری بابلیەکان semiticو ئارامییەکان بووە. لەبەر ئەوە، لە سەردەمی ساسانیەکاندا بە فرمانی پادشای ساسانیەکان ماریفەتە نەفەوتاوەکانی زەردەشت لە پەرتووکی ئاوێستای پیرۆزدا بە دەستی موغانەکان بە زمانی مادیو بە پیتی تێکەڵی سۆمەریو ئارامی



بیر . ئاوەز . زمان ..............................................

کۆکراوەتەوەو پاش ئەوە لە سەردەمی دواتر بە زمانی پەهلەوی دووبارە نووسراوەتەوە.

## تیۆلۆژیی موغەکان:

موغەکان بە پێی رۆڵو دەسەڵاتو شارەزابوونیانو خەریکبوونیان بە ئاینی زەردەشتەوەو خزمەتکردنیان لە ئاتاشگەداکاندا پلەوپایەی ئاینیشیان بووە. پایەدارترینیان ماگوپاتیەکانیان بوون، کە هەریەکەیان لە ئاتەشگەودایەکداو لە ناوچەیەکدا سەرۆکو رابەری مەغەکانیتر بوون، کە مووبدو ئاگروانیشیان پێ گوتوون.

لە سەرەتای فەرمانڕەوایی هاخامەنشینەکاندا، چ موغەکانو ئاگروانەکانی ئاتاشگەکان، ئازادیو دەسەڵاتی زۆریان هەبووە، چ لە رۆژئاواو چ لە رۆژهەڵاتی ئێرانی گەورەدا بووبن، بە زمانو ئاخاوتنو دابو نەریتو بەرگی قەڵەمڕەوی خۆیانەوە پەیوەست بوون، واتە ئەگەر ئەو موغانە کورد بووبن، کەواتە بە دابو رەسمی ناوچەکانی خۆیان ئاتاشگەدەکانیان بەڕێوەبردووە. تا رادەیەکی زۆریش بە سەربەخۆیی فەرمانڕەوییان لە ناوچەکانی خۆیاندا کردووە، واتە خودموختارییان هەبووە. هەر لەبەر ئەوە (موغەکان)، کە دەستیان

بەکۆکردنەوەو نووسینەوەی ئاوێستا کردووە، هەموو زاراوەکانی زمانە ئێرانیەکانی تێکەوتووە. تەنانەت لە لایەن زمانی گەلانی بێگانەشەوە (کالدیەکانو ئارامیەکانو ئاشووریەکانو بابلیەکانو ئاکادیەکانو سۆمەریەکانو هیبریەکانو گریکەکان)ەوە کاریان لێکرابێ، وشەیان لەوانیشەوە خواستووە. بێگومان ئەو کارە نزیکبوونەوەیەکی زۆری بۆ تێکەڵبوونی فەرهەنگو دابو نەریتی ئایینو زانینو رۆشنبیریی ئەو موغانە بە تایبەتی لەگەڵ فەلسەفەو ئایینەکانی دراوسێدا بە ئەنجام هێناوە. ئەو ئەنجامەش بۆتە هۆی داهێنانی چالاکیی رووناکبیریو ئایینیو تیۆلۆژی لە نێو ئەو موغانەداو کاریگەریان لەسەر بەرەو پێشەوەبردنی بیری ئایینی زەردەشتی.

## لێکدانەوەی تیۆلۆژی ئایینی زەردەشت:

بێگومان لە پاش نووسینەوەی ئاوێستا، بە زمانی پەهلەوی، بەشێکی هەرە تەمومژاویو ئاڵۆزی ماریفەتەکانی زەردەشت کەوتۆتە بەردەمی لێدوانو لێکدانەوە لە نێو موغەکاندا، بە تایبەتی لە نێو موغەکانی ئێرانی رۆژئاوا. ئەویش لەسەر کێشەی کرۆنۆلۆژی (مێژووو تەمەنی بوون) بووە: واتە مەسەلەی (زوروان)، کە لە ئاوێستادا سێ





قۆناغی وەرگرتووە: یەکەم قۆناغی داهێنانی بوون (ئەفراندن) creation، دووهەم: قۆناغی تێکەڵەی بوون chaotic،و سێیەم قۆناغی بەشبوونی بوون separation.

هەلبەت لە ئەنجامی ئەو لێدوانو لێکدانەوەو مشتومڕی نێوان موغەکان: هەندێک لە تیۆری تیۆلۆژی سەبارەت بە راستیی ئەو سێ قۆناغە هاتۆتە ئاراوە، کە رۆڵو کاریگەرییەکی مەزنی لە قۆناغی ئایینی زەردەشتیدا کردووەو بۆ یەکەمجار ئەو ئایینەی لە قۆناغی میتۆلۆجی ـ ئایینەوە گواستۆتەوە بۆ قۆناغی فەلسەفی۔ ئایینی، کە من رەنگە بتوانم ناوی لێبنێم قۆناغی لە دایکبوونی تیۆلۆجی لە هەموو مێژوودا ئەندامی ئەو دیاردەیەش، ئەو لەو سەردەمەدا هەر بۆ یەکەمجار لە مێژوو مەسەلەی گومرایی (هەرتەقە heresy، herstic) هاتۆتە کایەوە.

زەردەشت لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینیدا، دیاردەی ئەم گەردوونەی بە جۆرێ لێکداوەتەوە، کە مەیدانی جەنگێ بێ لە نێوان یەزدانێکی خراپە (کە یەزدانی جیهانی تاریکییە، کە ئەهریمەنە)و یەزدانێکی چاکە (کە یەزدانی جیهانی رووناکییە، کە ئاهورامەزدایە)و زروانیش ماوە (duration) ئەو جەنگە بێ، ئەو جەنگەش بە پیرۆزیو سەرکەوتنی

یەزدانی چاکە کۆتایی پێ بێ. بەڵام ئەوەی لەو باوەڕە زەردەشتییەدا دیارە، کە یەزدان دەسەڵاتی ڕەهایانەی نییە بەسەر هەموو بووندا.

کەواتە دیارە، کە سیفەتی ڕەهایەتی لە لای هیچ یەزدانێ لەو دوو یەزدانە نەبووە، بەڵکو تەنها (زوروان) سیفەتی ڕەهایی وەرگرتووە.

هەڵبەت لە سەردەمی دەسەڵاتداریی ئەسکەنەری مەکدۆنیدا، "لە کۆتاییەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەخمینیاندا" زۆربەی دانیشتوانی شارو گوندەکانی قەلەمڕەوەکانی ئێرانی گەورە (کە کوردستانیش بەشێ بووە لێی) بیروباوەڕی دینی زەردەشتیان بووە. بەڵام هەر لەو سەردەمەدا بەهۆی هەندێ لە یەزدانناسە موبدو موغانانی زەردەشتییەوەو لە ئەندامی بیروباوەڕی یەکتایەزدانیانەوە monism، ڕیبازێکی زەردەشتی نوێ هاتۆتە ئاراوە، کە زوروانگەری بووە. ئەم ڕێبازە نوێیە لە سەرەتاوە قەدەغەکراوەو بە گومڕاو زەندەکی heterodoxy لە قەڵەمدراوە. بەڵام لە دواییدا بە نێو هەموو قەلەمڕەوەکانی ئێرانی گەورەدا تا دەگاتە ئاسیای بچووک بڵاوبۆتەوە. زوروانگەری لە سەرەتاوە، کە دروستبووە هێندەی بیروباوەڕی زەردەشتی ناوبانگو هێزی لە نێو ئێرانی گەورەدا پەیدا





کردووەو تەنانەت زۆر بە خێراییش کاریگەریی زۆری خستۆتە سەر ئایینەکانی تۆ وەک: مەزدەکیو جوولەکەو مانەویو کرستیانو ئیسلام.

هەڵبەت تایبەتمەندیو گرنگیی زوروانگەری لەوەدا بووە، کە هێزێکی ئاسمانیی سێهەمی خۆستۆتە نێو درامای زەردەشتییەوە (کە بنەماکەی دژایەتی تەنها هەر دوو هێزی ئاسمانی بوون: ئاهورامەزداو ئەهریمەن). بێگومان ئەو هێزە ئاسمانییە سێهەمەش (زوروانی ئاکارانا) بووە، کە بە واتای کاتی بێ سنوور دێ، کە چەند جارێ لە ئاوێستادا دووبارە بووەتەوە ئامانجی زوروانیەکانی لەم بیروباوەڕو بۆچوونە نوێیە چارەسەری ئاوەزییانەی کێشەیەکی لۆژیکی سەلماندنی راستیی بنەمای بوونو گەردوون بووە، کە بە بەردەوامی لە نێو موغو موودانو یەزدانناسە زەردەشتیەکانو یەزدانناسانی ئایینەکایتر موشتورموڕی لەسەر کراوە.

زەردەشتیەکان، کە باوەریان بەوە بووە، کە هەردوو خواوەندو هێزی ئاسمانی (ئەهریمەنی یەزدانی خراپەو تاریکی لەگەڵ ئاهورامەزدای یەزدانی چاکەو ڕووناکی دونەن twinsو لە یەک سەرچاوەن). زوروانییەکان گومانیان لەو راستییە کردووە، چونکە گوتوویانە ئەگەر راست بێ

(ئەهریمەنو ئاهورامەزدا) دوانە بن دەبێ گومان نەبێ، کە داهێنەرێ، یاخود باوکێکیان هەبێ. لە گاتاکاندا ئاهورامەزدا خۆی وەها دەنوێنێ، کە باوکی پیرۆزیو چاکەیەو لە هەمان کاتیشدا وەها خۆی دەنوێنێ، کە داهێنەرو باوکی ئەهریمەنیشە. بەڵام زەردەشتیەکان بیروباوەڕیان وەها بووە، کە ئەهریمەن ئاهورامەزدا دژەکەی بووە نەک داهێنەرەکەی جێگاو قەڵەمڕەوی هەردووکیشیان جیا بووە ئاهورامەزدا لە ئاسمانو لە رووناکیدا بووەو ئەهریمەنیش لە بنی زەمینو لە تاریکیدا بووە. واتە هەردوو قەڵەمڕەوەکە کە سنووریان بە یەکەوە بووە.

زوروانییەکان هەڵبەت ئەم بیرەیان بەلاوە ئەفسانەیی بووەو لە ئاوەزو ژیربێژییەوە بەدووریان زانیوە کە سنوور لە ئاسۆدا هەبێ واتە بەلای زوروانیەکانەوە سنووری ئاسمان مەحال بووە لە بری ئەوە بیریان بۆ ئەوە چووە، کە بوون هەمووی لە تێکرا یەک (بوون)ەو هەر هەموویشی لە نێو زورواندایە. ئەم بیروباوەڕەش بۆتە بناغەی ئەفسانەییو ئایینیو فەلسەفیی زوروانییەکان سەبارەت بە سەرچاوەو بنەمای زەردەشتییە مەزدیەکان بیریان کردۆتەوەو گومانیان لە ئاهورامەزدای یەزدانی پاکو پیرۆز بووەو بە





ئەفراندەری (بوون)یان نەزانیوەو بەڵکو زوروانیان بە بە داهێنەری بوون (بە جیهانی رووناکیەکەیو جیهانی تاریکیەکەیەوە) زانیوە.

ئەوەی شایانی باسە هەرە گرنگترین رۆڵ لە مێژووی ئایینی زوروانگەریدا لە سەردەمی ساسانییەکاندا بووە، کە بۆتە ئایینی رەسمیی ئێران.

## سەرچاوەکان:


الدكتور عبدالرحمن بدوی موسوعة الفلسفة الجزء ١و٢

1- Mary boyce, Zoroastrians, their religious and practices routledge.

2- Kegan paul, London, boston and Henley

3- May boyce and Frantz Grene, A history of Zoroastrianism, volume three, leiden, 1991

4- R.C Zaehner, the down and twilight of Zoroastrianism London (1961)

5- james barr, biblical words for time (1962)

# سەرەتای سەردەمی نووسینەوەی دەق لە کوردستاندا

**<u>نووسینەوەی دەقی وەرگێڕراو:</u>**

دیارە دیاردەی بزووتنەوەی نووسینی دەق لە کوردستاندا، وەکو مێژینە، لە سەردەمی ئومەویەکانەوە دەستی پێکردووە. ئەوەی شایانی باسیشە، کە ئەو دیاردەیە، بەر لەوەی لە هیچ قەڵەمڕەوێکیتری ئیسلامییەوە دەستی پێکردبێ، هەر لە ناوچەی کوردستانەوە دەستی پێکردووە. هەر لەبەر یەک هۆ، کە ئەویش ئەوەیە، کە: "کاروباری ئیداریی لە دەوڵەتی ئیسلامیی ئەو سەردەمەدا، هەمووی بە دەستی هونەرمەندە کوردستاننشینە - کوردیو فارسیو ئاشووری (نەستووری)و کلدانیو گریکی - زانەکانەوە بووە،





کە لەژێر دەسەڵاتی ڕۆم یان (عەجەم)دا بوون، ناچار بوون، بۆ ئەوەی پلەو پایەی هونەریو کۆمەڵایەتییان لە دەست نەچێ، بە کردنی ئەو کارە خۆیان بهێڵنەوە. ناچار بوون بە خێرایی خۆیان فێری زمانی عەرەبی بکەن، پاشان منداڵانی خوشیان فێری ئەو زمانە عەرەبییە بکەن، کە بە ڕای من، لە کوردستاندا ئەوە یەکەمین قۆناغ بووە کە تیایدا پەیوەندیی زمانو ڕۆشنبیریی تیایدا لە نێوان کوردو عەرەبدا دروست بووبێ، بە تایبەت لەو بوارەشدا زۆر لە وشەی نێو زمانی فارسیو کوردیو یۆنانی کەوتۆتە نێو فەرهەنگی زمانی عەرەبییەوەو زۆر لە وشەی عەرەبیش کەوتۆتە نێو فەرهەنگی زمانی فارسیو کوردیو یۆنانییەوە.

هەڵبەت زمانی فەرمانڕەوایی - زمانی دەق نووسینەوە - بەر لەوەی ئیسلام دەسەڵاتی بێتە ئەو ناوچانەوە، زمانی فارسیو یۆنانی بووە. زمانی فەرمانڕەوایی دەوڵەتی ئیسلامیش، تەنها لە سەردەمی خەلیفەی ئومەوی (عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان)ەوە، لە ساڵی ٦٥ تا ٨٦ی کۆچی، یەکەمجار دەستی پێکردووە، بە تایبەت لەو کاتەوەی کە (خالیدی کوڕی یەزید) فرمانی بە هونەرمەندو شارەزایانی لە زمانی فارسیو عەرەبیو یۆنانی داوە، کە هەرچی ئەو دەقانە

هەیە، کە پەیوەندییان بە زانستی پزیشکیو کیمیاو ئەستێرەناسییەوە بێ، لە زمانی یۆنانیو فارسییەوە بیانگۆڕنە سەر زمانی عەرەبی. هەر لەبەر ئەوە، ئەو دیاردەی بزووتنەوەی وەرگێڕانە، لەو سەردەمەدا، بە گرنگترین رووداوی مێژوویی، لە بواری رۆشنبیریو فیکریدا دەژمێررێ، کە ئیتر بۆتە هۆی ئەوەی دەزگایەکی تایبەت بۆ ئەو بزووتنەوەی وەرگێڕانە لەلایەن خەلیفەکانی ئومەوییەوە دابمەزرێ. بۆ ئەو مەبەستە، کە ناویان لێ ناوە (بیت الحکمة)، واتە (ماڵی دانایيو زانستو زانینو فەلسەفە).

## سەردەمی وەرگێڕان:

بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان، یەکەمین بزووتنەوەی وەرگێڕانی کەلەپووری فەلسەفیو زانستیو گوێزانەوەی بۆ ناو جیهانی ئیسلام لە سەردەمی (خالیدی کوڕی یەزیدی کوڕی مەعاویە)دا بووە. یەکەم مەڵبەندی ئەو بزووتنەوەیەش لە شاری ئیسکەندەرییە بووەو ئینجا لەوێوە ئەو مەڵبەندە گوێزراوەتەوە بۆ شاری ئەنتاکیە (ئەنتیۆخی)و لەوێوە بۆ شاری (حەڕان)، بەر لەوەی بگاتە بەغدا.





## زمانو ئایین:

دوو بنەمای هەرە گرنگ، کە هەر میللەتێ بەکاری بهێنێ، لە بەشداریکردنو لە دروستکردنی شارستانیەت، زمانو ئایینە، مخابن، کە کورد ئەم دوو بنەمایەی هەرگیز لە مێژوویدا بەکار نەهێناوە. لەبەر ئەوە، هەمیشە هەر لە پەراوێزی شارستانیەتەکانی دراوسێیدا ماوەتەوە. بە واتایەکیتر، نە زمانو نە ئایین هەرگیز لە مێژووی کەلەپووری کورددا رەنگو کاریگەرییان نەبووەو هیچ رۆڵێکیان وەکو هێزی ناسنامەی نەتەوایەتی نەبینیوە. بۆ نموونە: هێزی زمانی عەرەبی لەوەدا بووە، کە قورئانی پێ نووسراوەتەوەو ئایینی ئیسلامی پێ بووە بەو شارستانیەتەی، کە عەرەب مەزنترین رۆڵی تیادا بووە. هەروەها هێزی زمانی فارسی لەوەدا بووە، کە تا بەر لە هاتنی ئیسلام بۆتە زمانی مەزدەکیەکانو بووە بە بناغەی شارستانیەتی ئەخمینیو ساسانی، کە فارس مەزنترین رۆڵی تیادا بووە.

هەڵبەت راستە ئێمە زۆر زانیاریمان لەبەردەمدایەو بە دڵنیاییەوە دەزانین، کە ئاوێستا، کە یەکێکە لە کۆنترین دەقەکانو یەکێکە

لە پەڕتووکە پیرۆزەکان، کە لە بنەڕەتدا بە زاراوەیەک لە زاراوە کوردییە کۆنەکان نووسراوەتەوەو پاشان موغەکان لە کۆتایی سەردەمی ئەخمینییەکانو لە سەرەتای سەردەمی ساسانییەکاندا کۆڵراونەتەوەو بە زمانی فارسیی ناوەڕاست داڕێژراونەتەوەو دەستنووس کراون، بەڵام لە تویی هیچ دەقێکی مێژووییدا، ئەوە ناسەلمێنرێ، کە ئەو زمانە کوردییە (ئاوێستاییە) رۆڵی لە دروستکردنی شارستانیەتی ساسانیدا هەبووە.

راستی ئەوەیە، کە زمان بە تەنها ئامرازی دەربڕینی بیر نییە، بەڵکو ئەو قەوارەیەشە، کە بیری تیا دروست دەبێ. بیرمەندی ئەلمانی هێردەر (١٧٤٤ ـ ١٨٠٣)، لە مەسەلەی پەیوەندیی زمان بە بیرەوە، دەڵێ: "هەر نەتەوەیەک بەو زمانە بیردەکاتەوە، کە پێی دەدوێو بەو بیرەش دەدوێ، کە دەیکاتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو هەر نەتەوەیەک هەموو ئەزموونەکانی لە زمانەکەیدا کۆدەبێتەوەو بە هەموو راستو هەڵەکانییەوە دەگوێزرێتەوە، لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتری. ئیدی هەڵەکانی رابوردووی، ئەگەر بەشێکیش بێ، ئەوا دەبێتە بەشێ لەو کەلەپوورەی، کە زمان لە نەوەیەکەوە دەگوێزێتەوە بۆ نەوەیەکیترو تەنانەت





دەبێتە تێڕوانینی مرۆڤەکانیشی سەبارەت بە گەردوونو چاکەو خراپەو جوانی."

(ئێدوارد سابیر)یش دەڵێ: "زمانی هەر کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتی، کۆمەڵگایەک، کە لە ناو ئەو زمانەدا بیردەکاتەوەو پێی دەدوێ، داڕێژەری ئەزموونەکانێتی، واتە ئەو کۆمەڵگایە بە زمانەکەی جیهانەکەیو داکەوتە کۆمەڵایەتییەکەی دروست دەکا."

(ئادەم شاف)یش دەڵێ: "ئێمە بەو جۆرە بیردەکەینەوە کە دەدوێین."

## رۆڵی ئیسلام لە رووخاندنو ئاوێتەکردنی رۆشنبیریی کورددا:

لە راستیدا پرۆسەی ئاوەدانیی ئیسلامی، لە سەردەمی پێغەمبەرەوە، کە دەستی پێکردووە، تەنها داگیرکردنی وڵاتانو ناوچەو قەڵەمڕەوەکانی دەوروبەری نیوە دورگەی عەرەبی نەبووە، بەڵکو داگیرکردنی بیرو کەلەپووری ئەو نەتەوانەش بووە، کە لەو جێگایانەدا ژیاون.

بێگومان ئاوڕدانەوەمان لە کەلەپوورو نەریتی کورد لە نێو بازنەی ئایینی ئیسلامدا خزمەتێکی گەورەمان دەکا لە خوێندنەوەو تێگەیشتنی ئاوەزی کورد لە قۆناغێکی مێژوویی دوورو درێژداو

دەوڵەمەندییەکی رۆشنبیریی زۆرمان لەو خوێندنەوەو تێگەیشتنەدا بۆ دەردەکەوێ، بە تایبەت لە بواری داهێنانی خوداناسی (یەزدانناسی)و سۆفیگەریو فەلسەفەو زانستدا لە شارو شارۆچکەو گوندەکانی کوردستانو رۆڵی ئەو داهێنانە لە مێژووی ئایینیو فەرهەنگی هەموو ناوچەو نەتەوەکانی دراوسێ. هەڵبەت ئەو رۆڵی داهێنانەش لەدایکبووی هەر ئەو ساتە نەبووەو بەڵکو درێژەی نەریتی ئایینیو بیری کۆنتر لەو سەردەمە بووە. هەر لە مەزداییو مانەویەکانەوە دەستی پێکردووە تا گەیشتۆتە بواری بزووتنەوەی وەرگێڕانو بەشداریکردن لە ململانێی رێبازو قوتابخانەکان.

نرخو بایەخی هەرە گەورەی رۆڵی کورد لە بیری تیۆلۆژیو فەلسەفیو سۆفیگەریو مێژووییدا، لە سەرەتای شارستانیەتی ئیسلامی، لە قۆناغی بزووتنەوەی وەرگێڕان: لە سەدەی دووی کۆچییەوە دەستی پێکردووە: چاکترین رێگەی بۆ ئەم راستییە مێژووییە: لە (الفهرست)ی ئیبن ئەلنەدیم دا هەیە، کە ئاماژەی بۆ ئەو سەردەمە تیایە کە (بە تایبەت لە ساڵی ٣٧٧ ی کۆچی)، زۆر دەقی فەلسەفیو زانستیو ئایینی، بەهۆی وەرگێڕەکانی ناوچەکانی کوردستان (حەرانو نوسەیبین)، لە زمانی کلدانیو





فارسیو یۆنانییەوەتیا وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی، کە زمانی دەسەڵاتی ئیسلام بووە.

بەڵام لەو سەرچاوەیە گرنگتر، نامیلکەی (الملل والنحل)ی ئەبی الفتح محەممەدی کوڕی عەبدولکەریمی شارستێنییە (الشهرستانی)، کە لە ساڵی ٥٤٨ی کۆچیدا کۆچی دوایی کردووە، کە تیایدا تاکو ئێستاش بەهەرە بەنرخترینو دەوڵەمەندترین سەرچاوە دادەنرێ لە پەڕتووکخانەی مێژووی ئیسلامیدا، کە کاتیگۆریی هەموو ئایینو رێبازو ئایینزاو قوتابخانە ئایینیو یەزدانناسیو فەلسەفیو زانستییەکانی کردووەو کردوونی بە سێ بەشەوە:

١ـ موغو مانەویەکانو لقەکانی.

٢ـ سابئیەکان.

٣ـ فەیلەسووفەکان.

(شەهرستانی) نووسیویەتی: لە سەردەمی ئەودا موغەکان (زەردەشتییەکان) دوالیست بوونو باوەڕیان بە دوو بنەمای یەزدانیی دێرینەیی بووە، کە خێرو شەڕ، چاکەو خراپە، قازانجو زیان، پاکیو ناپاکی، خاوێنیو گەنی، درۆو راستییان لە نێوان خۆیاندا بەشکردووە. موغەکان بنەمای یەکەمیان ناوناوە رووناکیو بنەمای دووەمیان ناوناوە تاریکی. بنەمای رووناکییان ناوناوە

یەزدانو تاریکییان ناوناوە ئەهریمەن. کێشەی بیرو بیرکردنەوەو یەزدانناسیی ئەو موغانەش هەموو ئەنجامی لێکدانەوەو لێکۆڵینەوەیان بووە.

سەبارەت بە دوو کێشە: یەکەم کێشەی روونکردنەوەی هۆی تێکەڵاوبوونی رووناکی لەگەڵ تاریکیداو دووەم کێشەی روونکردنەوەی هۆی رزگاربوونی رووناکی لە تاریکی. واتە موغەکان تێکەڵبوونیان بە بنەمای لەدایکبوونو بوون زانیوە، رزگاربوونیان بە قیامەت زانیوە. (شەهرستانی) موغەکانی بە دوو بەش ناساندووە:

بەشی یەکەم (موغە رەسەنەکان)ن: کە بیرو باوەڕیان لە ئیسلامەوە دوور نەبووە، چونکە هەردوو ئەو بنەمایەی، کە باوەڕیان پێی هەبووە (رووناکیو تاریکی)، وەکو یەک بە دێرینیان نەزانیوە، بەڵکو تەنها یەزدان، یاخود ئاهورامەزدایان بە رەسەنو سەرچاوەو داهێنەرو دێرینە زانیوەو تاریکییان بە دروستکراوو داهێنراوو نوێ زانیوە. واتە لەو دوو بنەمایەی کە باوەڕیان پێ بووە، بنەمای یەکەمیان بە رەسەنتر زانیوەو ئەم بیرو باوەڕەش لە بیرو باوەڕی ئیسلام چووە، کە (اللە) (یەزدان)ەو (شەیتان) (ئەهریمەن)ە.

بەشی دووەم (مانەویەکان)ن: کە بیرو باوەڕیان لە ئیسلامەوە دوور بووە، چونکە هەردوو بنەمای





(رووناکی)و (تاریکی)یان وەک یەک بە دێرین زانیوە. واتە تەواو دوالیزم بوون. لەبەر ئەوەش باری یاسایی (موغەکان) لەگەڵ (مانەویەکان) جیاواز بووەو ئایینی مانەوی بە هەموو شێوەیەک قەدەغە کراوە. بەڵام ئایینی موغەکان قەدەغە نەبووە، لەبەر ئەوەی ئیسلامەکان (ئاوێستا)شیان بە پەڕتووکێکی پیرۆزی نیمچە ئاسمانی داوەتە قەڵەم. [فإن الصحف التی انزلت علی إبراهیم علیه السلام قد رفعت الی السماء لاحداث أحدثها المجوس ولهذا یجوز عقد العهد والذمام معهم وینحی بهم نحو الیهود والنصاری إذ هم من أهل الکتاب، ولکن لایجوز مناکحتهم ولا أکل ذبائحهم فإن الکتاب قد رفع عنهم].

## بزووتنەوەی رووناکبیریی مانییەکان:

لە راستیدا هۆی دژایەتیکردنی ئیسلام بۆ مانەویەکان، نەتها لەوەدا نەبووە، کە وەکو موغەکان خاوەنی پەڕتووکێکی پیرۆزی ئاسمانی، یاخود نیمچە ئاسمانی نەبووبن، بەڵکو لەبەر ئەوە بووە، کە مانەویەکان لە رووی پڕوپاگەندەی رۆشنبیرییانەوە لە موغەکان بەهێزتر بوون بۆ دژایەتیکردنو بەربەرەکانێکردنی ئیسلامو عەرەب. مانەویەکان هەمیشە خۆیان وەکو بەرەیەکی

سیاسیو ڕووناکبیری توندڕەو نواندووەو عەرەبی ئیسلامیان بە داگیرکەر زانیوەو بە ئاشکرا پڕوپاگەندەیان دژی عەرەبو ئیسلام کردووەو لەو بارەیەوە چەندین نامیلکەیان نووسیوەو لە ناوچەی دوورو نزیکدا بڵاویانکردۆتەوە، تەنانەت پیشەو هونەری فەرشچنینیشیان خستۆتە وێنەی بەربەرەکانیەوە.

لە ڕاستیدا مانی‌یەکان ئاگری جەنگی کتێبیان دژی ئیسلامەکان بەرپا کردووە، هەر وەکو (هامیلتن گیپ) لە کتێبەکەیدا (باسێ لەسەر شارستانیەتی ئیسلام) دەڵێ: "تەنانەت مانی‌یەکان بۆ ئەوەی بیرو باوەڕەکانیان دژی ئیسلامەکان زۆر کاریگەریی هەبێ، زۆر لە نامیلکەکانیاندا، کە بە سەدان بووە، بە زمانی فارسیو سوریانیو عەرەبیو عیبری نووسیوەو بە هەموو لایەکی جیهاندا، تا دەگاتە چین لە ڕۆژهەڵاتو میسر لە ڕۆژئاوا بڵاوکردۆتەوە. قەوارەو جۆری چاپکردنی ئەو نامەو نامیلکانەشیان بە وێنەو نیگاری ڕەنگاورەنگ، وەک پیشەو هونەری فەرش چنین (جۆلایی)، کە بەناوبانگ بوون تیایدا، بە زۆر بایەخەوە دەرکردووە." هەر وەکو (الجاحظ) نووسیویەتی، کە: "مانی‌یەکان نامەکانیان بە باشترین کاغەزو بە





مەرەکەبی ڕەشی بریقەدارو بە دەسخەتو ڕێنووسی زۆر جوانو بەهرەمەندانە نووسیوە."

بێگومان ئەم بزووتنەوە ڕووناکبیرییەی مانی‌یەکان تەنها لە سەردەمی ئیسلامییەوە نەبووە، بەڵکو بە چوار سەد ساڵیش لەوەبەر، هەر ئەوە کارو پیشەیان بووە. تەنانەت (مانی) خۆی باشترین نووسەر بووەو زۆر پەرتووکو نامیلکەی نووسیوەو بیروباوەڕەکەی خۆی بە ڕوونی تیا بڵاوکردوونەتەوە. زۆر ڕووناکبیری‌تری کوردیش لە کوردستاندا شوێنپێی ئەویان هەڵگرتووە، تا ئەو ڕادەیەی دەسنووسو نووسینو بڵاوکراوەی مانی‌یەکان گەیشتۆتە چینو باکووری ئەفریقاو باشووری فەرەنسا.

## مانی ئۆمانیس:

مانی ئومانیس لە ساڵی ٢١٠ی زایینیدا، لە شاری حەڕان لەدایکبووە. هەر لە تەمەنی هەرزەکاریدا پێڕەوی ئایینی زەردەشتیی کردووەو بۆتە یەکێ لەو نووسەرانەی کە بە فرمانی شا ئەردەشیری یەکەم پادشای ساسانیەکان (٢١٤ ـ ٢٤١) (ئاوێستا)یان نووسیوەتەوەو لە فەوتان ڕزگاریان کردووەو دابو نەریتی ئێرانیەکانیان

زیندووکردۆتەوەو بەربەرەکانێی هێلینییەکانو ڕۆمانیەکانیان پێ کردووە.

لە سەردەمی ژیانی مانیدا ئایینی مەسیحیو ڕێبازی (گینۆس)یش بڵاوبۆتەوە، هەروەها قوتابخانەی فەلسەفەی ئیفلاتوونیی نوێ (نیوپلاتۆنیزم)و نووسینی هرمسیەکان. لە ژێر هەموو ئەو کاریگەرییە ئایینیو ڕووناکبیرییانەدا مانی هەوڵیداوە ئایینێکی نوێ بێنێتە ئاراوە، کە تێکڕا بیری زەردەشتیو بودیزمو مەسیحیو گنووسیی تیا کۆبێتەوە، بەڵام بە هیچ جۆرێ باوەڕی نە بە جوولەکەو نە بە موسوڵمان نەهێناوە.

هەرچی سەرچاوە مێژووییەکان هەیە، باس لەوە دەکەن کە مانیەکان لە سەردەمی ساسانییەکاندا، بە تایبەتی لە سەردەمی پادشای فارس بارامی یەکەمدا، تووشی ئەشکەنجەو ئازاردانی زۆر هاتوونو ڕێبازەکەیان لەلایەن فەرمانڕەوای فارسە ساسانییەکانەوە قەدەغەکراوە، لەبەر ئەوەی هەستیان بە مەترسییەکی گەورە کردووە، کە ئەو ڕێبازە زۆر تەشەنە بکاو ڕۆشنبیرانی فارسیشیان لە دوو کەوێو بگرە دەرەبەگەکانیشیانو ببێتە هۆی ڕووخانی بنەماڵەی شاهنشایی ساسانی. فەرمانڕەوای فارسی، بۆ لێدانی مانیەکان





پڕوپاگەندەی ئەوەی کردووە، کە مانیەکان خەڵکی هان دەدەن بۆ گۆشەگیریو ژن نەهێنانو منداڵ نەزایینو شەوو ڕۆژ خەریکبوون بە یەزدانپەرستییەوە، کە شێوازێکی ئەو سەردەمە بووە لە سۆفیگەری.

(ئەلبەیروونی) نووسیویەتی: "پادشای فارس (بارام) گوتوویەتی، کە (مانی) هاتووە دونیا وێران بکا، لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە زووتر ئەو لە نێو بەرین بەر لەوەی هیچ مەرامێکی بێتە دی." لەبەر ئەوە شا بارام فرمانی کوشتنی مانیی دەرکردووە. ئیدی مانیەکان بە ناچاری کەوتوونەتە بزووتنەوەی ئایینیو ڕۆشنبیریی خۆیان بە نهێنی، هەندێکیان ڕوویان لە وڵاتی دوورکردووە. تا ئەو کاتەی ئیسلامەکان هاتوون. کە ساسانیەکان ڕووخاون مانیەکان گەڕاونەتەوە، بەتایبەتی لە کۆتایی سەردەمی ئومەوییەکانو لە سەرەتای سەردەمی عەباسییەکاندا (سەردەمی عەباسیی یەکەم)دا کەوتوونەتەوە بزووتنەوەی ئاشکراو بڵاوکراوەکانیان بە ئاشکرا بە ناو خەڵکیدا بڵاوکردۆتەوە. بەڵام دیسان ئیسلامەکانو مەترسیی زۆریان لەوە کردووەو ئەوانیش هەر وەکو ساسانیەکان کەوتوونەتە لێدانی مانیەکانو قەدەغەکردنی بیروباوەڕەکەیان.

لە ساڵی ١٣١ی کۆچیدا، دامەزرێنەرو رابەری بزووتنەوەی (المعتزلە)، (واسڵی کوڕی عەتا)، کە لە ساڵی ١٣١ی کۆچیدا (لە ساڵی رووخانی دەوڵەتی ئومەوی) مردووە، نامیلکەیەکی بە ناوی (بەربەرەکانێکردنی زەندیقەکان) نووسیوە. بەڵام یەکەمین هەنگاوی ستراتیژی دەوڵەتی ئیسلامی، بە توندی بۆ لێدانی بیروباوەڕی مانەوییەکان، لە سەردەمی خەلیفەی عەبباسی (ئەلمەهدی)یەوە دەستی پێکردووە، کە بۆ ئەو مەبەستە لە ساڵی ١٦٦ی کۆچی، بە تایبەتی (دیوان الزنادقة)ی، واتە وەزارەتێکی بۆ لەنێوبردنی (زەندەقی= زەندەکی= زیندەگی= واتە دنیایی‌و عیلمانییەکانی ئەو سەردەمە) دامەزراندووە، چونکە لە ماوەی نێوان رووخانی دەوڵەتی ئومەوی‌و دامەزراندنی دەوڵەتی عەباسی، مانەویەکان، بەهەلیان زانیوە چالاکتر بن‌و پڕوپاگەندەی بیروباوەڕەکەیان زیاتر بکەن. پاشان بڕیاری خەلیفەی عەبباسی (ئەلمەئموون) بووە، کە خێرا هانی وەرگێڕەکانی داوە هەرچی بیری دانا ئایدیالیستە رۆژئاواییە یۆنانییەکان بە تایبەتی ئیفلاتوونی، بهێنن‌و وەریگێڕنە سەر زمانی عەرەبی‌و بیکەن بە پڕوپاگەندەیەکی بەهێز دژی پڕوپاگەندەی گنۆسی (مەعریفەی) مانەوییەکان. بۆ ئەو مەبەستە پارەیەکی زۆری تەرخان کردووە.





چونکە بە لای (ئەلمەئموون)ەوە، مانەویەکان، ئەو سەردەمە، بەرهەڵستییەکەیان لە دژی خەلیفەنیشینی بەغدا، لە بەرهەڵستییەکانی شیعەکانی ئێران دژوارتر بووە. دیارە هیچ چەکێکی بەهێزیشی نەبینیوەتەوە بۆ لێدانیان تەنها چەکی (ئاوەز)ی رۆژئاوایی نەبێ. ئینجا لەو سەردەمەوە، بە روونی جەنگی رۆشنبیری لە نێو ئیسلامدا پەرەی سەندووەو تەشەنەی کردووە. زاراوەی (زەندیق)یش نەک هەر بەسەر مانییەکاندا سەپێنراوە، بەڵکو سونییەکان (شیعەکان)و هەر دوژمنێکی‌تریشی دەوڵەتی خیلافەتی عەبباسی‌یشیان بە زەندیق لەقەڵەم دەدا.

لەوەوە ئیدی، مانییەکان بە تەواوی ناچار بوون، هەرچی کەشو نزاو دابو نەریتیان هەیە، بە نهێنی‌و بە پەنهانی‌و بە رازی بکەن‌و بیروباوەڕەکەیان زۆر بە شاراوەیی‌و بە بێدەنگی بڵاوبکەنەوە. تەنانەت زۆر لەو مانییانە، بە رێگای‌تر کەوتنە بڵاوکردنەوەی عیرفانە (گینۆس)ەکەیان، ئەویش بە داهێنانی عیرفانی (باطنی= رازی)، کە شان بە شانی شیعەو بە هاوتای ئەوان هەوڵیان دەدا بەرەنگاری دەسەڵاتی خەلیفەی عەبباسی ببنەوە. تا بەرەبەرە هەموو لە نێو رازییە ئیسماعیلیەکاندا توانەوەو ئیتر ئەو

بزووتنەوەیە ناوی لە ئارادا نەما. بەڵام شان بە شانی ئەوەش، بیری گینۆسیو هورمسیو فەلسەفەی ئیفلاتوونیو نیوئیفلاتوونی لە نێو ئیسلامدا، (بە تایبەتی لە بزووتنەوەی (اخوان الصفاو ئیسماعیلیو عیرفانی شیعەدا)و لە سۆفیگەریدا سەری هەڵداو بەردەوام بوو. بەرامبەر بەوەش (لە دژی ئەو بزووتنەوەو قوتابخانانە)، موعتەزلەو (اهل الکلام)ی سوننیەکانو پاشان فەلسەفەی ئیسلامی لە شەریعەی ئیسلامی جیابووەوەو جێگای خۆی بە تەواوی لە ناو مێژووی فەرهەنگی ئیسلامدا گرتەوە.





# سوهرەوەردیو فەلسەفەی رووناکی لە نێوان شەریعەتو حەقیقەتدا

**پێشەکی: بۆچی سوهرەوەردی؟:**

ئەوەی راستی بێ (سوهەرەوەردی)م بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٢دا بە باشی ناسی، ئەویش بەهۆی هەندێ لە بەرهەمەکانی مێژووناسو رۆژهەڵاتناسی فەڕەنسایی (هێنرێ کۆباین)ەوە، بە رێکەوت لە پەرتووکخانەی کۆلێجی رۆژهەڵاتناسی لە شاری لێۆڤن، لە وڵاتی بەلجیک بەرچاوم کەوتنو زۆر بە وردیو بە بایەخەوە خوێندمنەوە، بەتایبەتی ئەو بەرهەمانەی، کە ئەو رۆژهەڵاتناسە کۆیکردبوونەوە سەبارەت بەم فەیلەسووفەو بە تایبەت دەقەکانی سوهرەوەردی خۆی، لەوانە فەلسەفەی رووناکی (حکمة الاشراق)، کە گەورەترینو گرنگترین

بەرهەمی فەلسەفییەتی، کە پوختەی ڕێبازە داناییەکەی خۆی لە توێیدا حەشارداوە. پاش ئەوە، بەردەوام تاسەو خولیایی ئەوە گرتمی لە هەر کاتێکدا بێ، ئەگەر بۆم بلوێ، لەم فەیلەسووفە مەزنە زیاتر بکۆڵمەوەو تا بتوانم زیاتر لە بیرو بۆچوونەکانی قووڵ ببمەوەو باشتر لێی تێبگەم. ئیتر لەو ساتەوە، بەو تاسە زۆرەوە، بەردەوام بە شوێن سەرچاوەو بەرهەمەکانیو خۆێنەرانیدا گەڕاومو وچانم بۆ نەکردووە.

لەم چەند ساڵی دواییشدا، کە لە لەندەن گیرسامەوەو نیشتەجێ بووم، هاوڕێی بیرم (د. مەحەمەد کەمال) لە شاری ملبۆرن لە ئوسترالیاوە بەرهەمێکی چاپکراوی خۆی بۆ ناردم، کە بە ناونیشانی (ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتیو بوونی مرۆڤ)ە، لە چەند جێگایەکی ئەو بەرهەمەیدا ناوی (سوهرەوەردی)ی هێناوە، کە دیارە بە ڕێکەوت نییە، هەمان بۆچوونی هەبووە، کە بەلای منیشەوە هەر هەمان بۆچوونن، کە کاکڵەی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردیی تیا دەردەکەوێ. کە دەڵێم بە ڕێکەوت نییە، چونکە دەبێ دان بەوەدا بنێم، وەکو ئەویش لە پێشەکیی ئەو پەڕتووکەیدا دانی پێدا ناوە، کە بیرکردنەوەمان هەر لە کۆتایی حەفتاکانەوە لە یەکترەوە نزیک بووەو بگەرە هەر ئەو هۆیەش بۆتە





مەبەستێ بۆ بەردەوامبوونی هاوڕێیەتیمان لەگەڵ یەکتردا، ئەگەرچی بۆ سالانێکی زۆر درێژخایەنیش، بەهۆی بارودۆخی سەختو دژواری ژیانمانەوە لە کوردستان، لە یەکترەوە دابڕاوینو هەریەکەمان لە ئەمپەڕو ئەوپەڕی ئەم دنیایە گیرساوینەتەوە. ئەو ئاماژەکردنەی (د. محەمەد کەمال) لە بەرهەمەیدا، کە باسمکرد، هێندەی تر بە پەرۆشی کردم، تەقەللاو کۆششەکەم خێراتر بکەم، تا لە دنیادا ماوم، لێتێگەیشتنەکانی خۆم لە بارەی (سوهرەوەردی)یەوە بنووسمەوەو بیخەمە بەر چاوی کەسانێ، کە وەک من خولیای روانگەو بیری ئەو فەیلەسووفە گەورەیە بنو باری سەرنجیشیان گەر ببێ، بهێننە بەر چاوی خوێنەرانی ترەوە.

ئەوەی شایانی باسە، چەند ساڵێ لەمەوبەر دەبێ، کە تاقە کەسێکی کورد بیستبێتم نووسینێکی لە بارەی سوهرەوەردی یەوە نووسیبێ، مامۆستا (حوسێنی خەلیقی)یە، کە بەداخەوە تاکو ئێستاش ئەو کارەیم نەبینیوە، لەبەر ئەوە ناتوانم هیچ شتێکی لەبارەوە بڵێم.

## مێژینەی فەلسەفەی ئیسلام بەر لە سوهرەوەردی:

لە سەرەتای ئیسلامدا سوننیەکان کاریگەریی بیری فەلسەفیی یۆنانییەکانیان پشتگوێ خستبوو، بەڵام کاتێ کە موعتزیلەکان پەیدابوون، سوننیەکان

ناچاربوون بۆ بەرەنگاربوونەوە بیر لەوە بکەنەوە هەندێ دامودەزگاو قوتابخانە دابهێنن، کە بیکەن بە مەڵبەندی خوێندنو لێکۆڵینەوەی ئایینییان. لە ئەنجامی ئەوە هەندێ زانای ئیسلامی سوننی هاتنە گۆڕەپانەوەو بەهۆیانەوە هەندێ ڕێبازو قوتابخانە هاتەکایەوە. یەکێ لەوانە (ئەبولحەسەنی ئەشعەری) بوو، کە جۆرە زانستێکی داهێنا، کە دوایی ناوی لێ نرا (علم الکلام)، کە بە واتای (یەزدانناسی) دێ. ئەو کارەش بۆ یەکەمجار لە مێژووی ئیسلامدا، ئەو دەرگایەی خستە سەر پشت، کە دەشێ واتاکانی ئایەتەکانی قورئان لێکبدرێتەوەو فەرموودەکانی پێغەمبەر شیبکرێتەوە. هەڵبەت ئەو هەنگاوەش ئەو بیروباوەڕەی ناو ئیسلامی ڕەتکردەوە، کە نابێ بیر لە لێکدانەوەی وشەکانی ناو قورئانو فەرموودە ڕاستەقینەکانی پێغەمبەرو هەڵەو ڕاستییەکانی باوەڕی ئاینیی ئیسلام بکرێتەوە. ئەم بزووتنەوەیە بووە سەکۆیەک بۆ هاتنەکایەی ژمارەیەک لە فەیلەسووفو یەزدانناسی مەزن لە نێو ئیسلامدا، لەوانە (ئیمامی غەزالی)، بۆ ئەوەی بە توندی بەرپەرچی موعتەزیلەکان بداتەوە، کە لەراستیدا مەڵبەنی سەرەکییان خاکی ئێران بوو.





ئیمامی غەزالی، کە قازییەکی ناودار بوو، بیروباوەڕەکانی لە دەروونی سۆفیگەرییەوە هەڵدەقولا، دژی ئەو کەسانە وەستایەوە، کە بیروبۆچوونیان لە لۆجیکی (ئەریستۆتالیس)ەوە سەرچاوەی گرتبوو، کە ئەوەی دەسەلماند، کە باوەڕ لە ڕێگایەکی سروشتیو ئاوەزییەوە بێتە مێشکی ئادەمیزادەوە، نەک هەر بە سرووشو ئەندێشە. ئەوەی پاش ئەوانە ڕوویدا، ئەوە بوو، موعتەزیلەکان خۆیان لەبەر هێزو دەسەڵاتی خەلیفە سوننیەکاندا نەگرتو لەنێوچوون، بەڵام تۆوی بیروبۆچوونەکانیان مایەوە، تا لە سەردەمێکی دواتردا، لە ئێران، لای (ئیبن سینا)و لە ئەندەلوس ـ ئیسپانیا لەلای (ئیبن روشد) سەری هەڵدایەوە. کەواتە (ئیمامی غەزالی) دەرگایەکی گەورەو بەرفراوانی لە جیهانی ڕۆژهەڵاتدا واڵا کردو خستە سەر پشت، بۆ هاتنەکایەی ڕێبازێکی نوێ تر، کە ئەویش ڕێبازی ڕووناکگەری بوو: (فەلسەفەی ڕووناکی (حکمە الاشراق) لەسەر دەستی شەهابەددین سوهرەوەردیو عیرفانی سۆفیگەری (گینۆس) لەسەر دەستی (ابن العربي).

## سەرچاوەکانی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردی:

سەرچاوەکانی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردی هێندە زۆرن، بە ئاسانی پەی بۆ هەموویان نابرێ. رەنگە ئەم فەیلەسووفە تاقە کەسێ بێ لەناو مێژووی فەلسەفیی ئیسلامدا، کە پێی هاویشتبێتە هەموو بوارە فەلسەفیو یەزدانناسیو سۆفیگەریو تەوژمو بزووتنەوەو رێبازو قوتابخانە بیرییەکانی ناو جیهانی ئیسلامیو دەرەوەی جیهانی ئیسلامییەوە. بۆیە هەندێ لە زانایان دەڵێن سوهرەوەردی ژیانەرەوەی فەلسەفەی ئێرانیی کۆن بووەو هەنێکیتر دەڵێن، ئەم فەیلەسووفە هەرگیز بیری لەوە نەکردۆتەوەو بایەخی بۆ کەلەپووری ئێرانی کۆن دانەناوە. بێگومان هەردوو ئەم بۆچوونانە، ئەوە دەگەیەنن، کە ئەم فەیلەسووفە شارەزاییەکی تەواوی لەبارەی بیروباوەڕی زەردەشتییەوە هەبووە. نەک بیروباوەڕە هەرەکۆنەکانی زەردەشتی، بەڵکو ئەو بیروباوەڕانەی کە لەسەردەمی ساسانییەکانو پاش سەردەمی ساسانییەکان پەیدابوون، وەک مەزدەکیو زوروانیو مانەویو بەتایبەتیش فەلسەفەی خەسرەوانیو فەهلەوی، کە ئەم دووانەی دوایی نەک لە بەرهەمەکانی سوهرەوەردی ناویان





هاتووە، بەڵکو لە بەرهەمی فەیلەسووفە ئێرانییەکانی دوای ئەویش ناویان هاتووە، بۆ نموونە لە بەرهەمەکانی (حاجی مەلا هادی سەبزەواری). هیچ کەسێ ناتوانێ نکولی لەوە بکا، کە بیری فەلسەفی لە ئێرانی کۆندا هەرگیز لە ئایین جیانەبۆتەوە. وەک لە یۆنانی کۆندا، لە سەردەمی (ئەریستۆتالیس)دا دەیبینین. لەبەر ئەوە، کە لە بەرهەمەکانی (سوهرەوەردی)دا ئەوە دەبینین، کە باسی لە دانایانی دێرینی ئێران کردووە، مەبەستی ئەو یەزدانو خوداوەندو نیمچە خوداوەندە ئەفسانەییانە نەبووە، بەڵکو مەبەستی لەو دانا خاوەن بیرو هۆشو زانینانە بووە. واتە ئەوانە بوون، کە باسی (ئەوهورەمەزدای یەزدان)و (ئەهریمەن)و باسی بوونو نەبوونو سەرچاوەو بنەماکانیان کردووە.

## ژیانو دەوروبەرو سەردەمی سوهرەوەردی:

سوهەرەوەردی پلەو پایەیەکی مەزنی لە نێو مێژووی بیری ئیسلامیدا بۆ خۆی دامەزراندووە؛ گرنگیی بیری فەلسەفیی سوهرەوەردی لە نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی مێژووی کۆچییەوە دەستی پێکردووەو تاکو ئیمڕۆش ئەو گرنگییەی هەر بەردەوامە.

سوهەرەوەردی لە سەردەمێکی پڕ لە رووداوو بەسەرهاتی مێژوویی گرنگدا ژیاوە. بە تایبەتی، کە جەنگەکانی خاچپییەکان گەیشتۆتە ترۆپک، تا لەسەر دەستی سەڵاحەدینی ئەیوبی (٥٨٩ ک/ ١١٩٣ ز)دا کۆتایی پێهاتووە. لەو سەردەمەدا دەسەڵاتی رێبازی سوننی بەسەر دەسەڵاتی هەموو رێبازەکانیتری ئیسلامیدا شکاوە، بەتایبەتی بەسەر دەسەڵاتو بزووتنەوەی رێبازی ئیسماعیلییەکان، کە ئەوسەردەمە توندوتیژترین تەوژم بوون لە نێو ئیسلامدا، کە بە هێزەوە بەرەنگاری سوننیەکان دەبوونەوە.

سوهرەوەردی لەو کێشەو هەرایە توندوتیژو پڕ لە بەسەرهاتە گەرمو خێرایانەدا ژیانی زۆری بەسەر نەبرد. تەمەنی ژیانی لە سیو هەشت ساڵ تێپەڕ نەبوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم مرۆڤە لەو ماوەی تەمەنە کورتەیدا توانی پەل بۆ زۆرترین بیرو راکان بهاوێو بە خێرایی نزیکەی پەنجا نووسینو نامیلکەو پەرتووک بێنێتە بەرهەم، کە لە هەموویدا ویستوویەتی گرنگترین هەنگاوی فەلسەفی بنێ، کە ببێتە ئاوێتەو گونجاندنی دوو فەلسەفەی رۆژهەڵاتیو رۆژئاوایو پێکەوە گرێیان بدا. هەڵبەت هەوێنی ئەو هەوڵو کۆششە قورسو گرانە بووە هۆی داهێنانی رێبازێکی هەرە نوێ لە





مێژووی فەلسەفەدا، کە ئەویش (فەلسەفەی رووناکی – حكمة الاشراق)ە، کە روونو بەرینترین وێنەیە لە کۆکردنەوەو هاوگونجانی بیروباوەڕە فەلسەفییەکانی سەدەکانی ناوەڕاست لە نێو مێژووی بیری ئیسلامدا. هەڵبەت ئەم کارەی سوهرەوەردی کردوویەتی هێند ئاسان بێ سەختیو ئازارو دژواری نەبووە، بەڵکو هەر لە یەکەم تەقەللای ئەوکارە، ئەم مرۆڤە بەرهەڵستکارو دوژمنو ناحەزی، لە توندڕەوەکانو چ لە نەرمڕەوەکان، لێهاتۆتە بەردەمو رەخنەو دژایەتیو بەربەرەکانێی بەو رادەیە لێ هاتۆتە پێش، کە ژیانی پێ لەدەست چووە. هەڵبەت دەنگی ئەو رەخنەگرو بەرهەڵستکارو دوژمنانەی هێندە توندو بە دەسەڵاتو بەهێز بوون، بەو رادەیە بووە، کە هەر زوو بەزوو دەنگیان خفە کردووەو لە ژیان لەنێویان بردووە. بەڵام دیارە کاریگەریی بیروبۆچوونەکانی ئەم دانا مەزنە هێندە زۆر بووە، لە پاش مردنیەوە تاکو ئەم سەدەیەش هەر بەسەر نەچووەو بگرە گرنگترین جێگای لە توێی بیروڕاو فەلسەفە جیهانییەکاندا بۆتەوە، نەک هەر ئەوە بەڵکو ئەو رێبازە فەلسەفییەی، کە دایناوە، کە ناوی (فەلسەفەی رووناکی)یە، بۆتە بەردی بناغەی فەلسەفەی نوێ، کە (فینۆمینۆلۆجیا)یە، کە لەسەر

دەستی فەیلەسووفی ئەلمانی (ئێدمۆند هوسرڵ (١٨٥٩ ـ ١٩٣٨)و پاشان فەلسەفەی بوونخوازییە، کە لەسەر دەستی (مارتین هایدیگەر)و سارتەرو دوای ئەوان فەیلەسووفانی سەردەمو تازەگەری، وەک: (میشێل فۆکۆ)و (جاک درێدا)، تا دەگاتە دوایین فەیلەسووفی ئەڵمانی (هابەرماس).

گرنگترینو دێرینترین سەرچاوەکان، کە تیایدا لەبارەی ژیانی سوهرەوەردی یەوە نووسرابێتەوە، (نزهة الارواح)ی (سوهرەوەردی)و (وفیات الاعیان)ی (ابن خلکان)ن.

ژیانی سوهرەوەردی، دیارە هەر لە بنەماوە، جۆرێ بووە لە داهێنان لە ژیانی فەلسەفیو ژیانی فەیلەسووف بۆ یەکەمجار لە نێو مێژووی ئیسلامدا. نیشانەی ئەوەش ئەوەیە، کە ئەو مرۆڤە هەر لە تەمەنی لاویو هەرزەکارییەوە، ئەو خولیایە هاتۆتە سەری مەڵبەندو نیشتمانو جێ لەدایکبوونی خۆی بەجێ بهێڵێو روو لە رۆژئاوای سەرزەمینی ئیسلام بکا، بۆ ئەوەی بگا بەو مەرامەی کە دەیویست پێی بگا، کە ئەویش دانایی رووناکی بووە، تا سەری بۆ ئەوەش ناوەتەوەو لە پێناوی ئەو مەرامەدا خۆی بەکوشت داوە، پێش ئەو بۆ کێشەی فەلسەفە، مەگەر تەنها سوکراتی یۆنان ئەوەی کردبێ.





سوهرەوەردی ناوی تەواوی (شەهابەددین کوڕی یەحیای کوڕی حەبەشی کوڕی ئەمیرەکی ئەبولفتوحە، کە بەناوبانگ بووە بە سوهرەوەردیو بە ئەلمەقتوولو بە شیخ الاشراق)، لە ساڵی ٥٤٩ی کۆچی/ ١١٧٠ی زایینیدا لە گوندێکدا بە ناوی سوهرەوەرد، کە رەنگە (سوورەبەرد)یش بووبێ، چونکە شوێنەواری دەکەوێتە کوردستانی رۆژهەڵاتەوە لە نزیکی شاری ورمێ لەدایکبووە.

سوهەروەردی لە نێو خێزانێکی کوردی شیعەی ئیسماعیلیدا، لە ئێراندا پەروەردە بووە. دەگوترێ، کە زیارەتی قەڵای کێوی (هەڵەمووت) یشی کردووە، کە لەو سەردەمەدا بنکەی سەرەکیی بزووتنەوەی ئیسماعیلییەکان بووەو لەوێ هەموو بیری باتنیی خوێندووە. بەڵام هەر زوو وازی لەو بیرە ئیسماعیلییە باطنییە هێناوەو بۆ خوێندنی حیکمەت بە گەنجی رووی لە مەراغە کردووە.

لەو سەردەمەدا، کە سوهرەوەردی ژیا، ئەو رووداوە گرنگانەی روویاندا، ئەوەبوو، کە وڵاتی شام، کە لە پێشدا لە ژێر دەسەڵاتی شیعەکان بووو گەورەترین مەڵبەندی رێبازەکەیان بوو، بە هۆی سەرکەوتنی فرەنجەکان بەسەر فاتمیەکانو بە هۆی هاتنی سەلاحەدینی ئەیوبیو جەنگی لەگەڵ ئەو فرەنجانەدا، چۆتە ژێر دەسەڵاتی


سوننییەکانەوە، چونکە موسوڵمانەکان دوای سەلاحەدین کەوتوون، کە لەژێر دەستی فڕەنجەکان ڕزگاری کردوونو سەلاحەدین یش سەر بە خەلیفەی عەبباسی بووە، کە خەلیفەی سوننیەکان بووە. لەو سەردەمەدا سوهرەوەردی چۆتە شاری حەڵەب، کە ئەو گۆڕنکارییە لە دەسەلاتی مەزهەبیدا بەتەواوی جێگیر بووە. کەواتە بەر لەو سەردەمە بە ماوەیەکی کەم، دیار بووە، کە خەڵکی وڵاتی شام هەمو لەسەر ڕێبازی شیعە بوون. بەڵام دوای ئەوە هەموو بوون بە سوننی. ئەوانەی هەر بە شیعە مابوونەوە، وەکو بزووتنەوەی بە نهێنی لەو ناوچانەدا کاریان لە دژی سوننیەکان کردووە، وەک شێوەیەک لە شێوەکانی بەرهەڵستی دژی خەلیفەی سوننی عەباسی، کە بە بزووتنەوەی (باطنی) ناسراوە.

ئەوەی دیاربێو ناشارەوە بێ، سەبارەت بە کوژرانی سوهرەوەردی، ئەوەیە کە ئەو مرۆڤە دانایە لە ئەنجامی کێشەو ململانێی نێوان فاتمییەکانو سوننییەکاندا بووە قوربانی، بە تاوانی ئەوەی لە لایەن هەندێ لە مەلاکانی (حەڵەب)ەوە خرابووە بەرەی ئیسماعیلییەکان، ئەگەرچی بەهیچ جۆرێ لە ئیسماعیلییەکان نەبووە. بەڵام لە ڕووی فەلسەفییەوە، نەک دەسەلات، باوەڕی تەواوی بە





مەسەلەی ویلایەت هەبووە، کە دیارە ئەوە بۆتە هۆیەکی ڕاستەوخۆ بۆ ئەو تاوانبارکردنە. ئەوەی سوهرەوەردی لەو مەسەلەی ولایەتەدا لێکۆڵیوەتەوە مەسەلەی تیۆرە تایبەتییەکەی بووە، کە سەبارەت بە بنچینەی فەلسەفیی شیعەگەریو سوننیگەری بووە، کە لە زۆر جێگای نووسینەکانیداو لە ڕاوێژەکانیدا ئاماژەی بۆ کردووەو باسی لێوەکردووە.



**چیای هەڵەمووت**

## لێکۆڵەرەوانی سوهرەوەردی:

شایانی باسە، لە سەردەمی نزیکی پاش مردنی سوهرەوەردی، ناسراوترین قوتابیی خۆی، کە (شارەزووری)یە، لە کتێبی (نزهة الارواح)ەکەیدا بەرفراوانترین فەهرەستی بۆ بەرهەمەکانی ئەو مامۆستایەی تەرخانکردووە. هەروەها (حاجی خەلیفە)، کتێبەکەی، کە بە ناونیشانی (کشف الظنون)ە، بۆتە گرنگترین سەرچاوە بۆ باس لە بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفە.

لە وڵاتانی رۆژئاواشدا، چوار لە گەورە زانایان، زۆر بە وردی لە بەرهەمەکانی (سوهرەوەردی)یان کۆڵیوەتەوە. یەکەمیان، کە (برۆکلمان)ە، لە کتێبەکەیدا، کە بە ناونیشانی مێژووی وێژەی عەرەب)ە، زۆر بە گرنگیو بە بایەخەوە ئاماژەی بۆ ئەو بەرهەمانەی سوهرەوەردی کردووە. پاش ئەوە (ریتەر)، کە نووسینەکەی دەربارەی سوهرەوەردی بە راستترین بۆچوونی رۆژهەڵاتناسی دەژمێررێ. بەتایبەتی ئەم رۆژهەڵاتناسە ژیانی ساڵانێکی دوورو درێژی خۆی لە ئیستەمبوول بۆ مەبەستی لێکۆڵینەوە لەسەر بەرهەمەکانی ئەو فەیلەسووفە تەرخان کردووە.





بەڵام سەبارەت بە کەسێکیتر، کە (ماسینیۆن)ە، لە راستیدا، کە دەستی بە لێکۆڵینەوە کردووە لەسەر (حەلاج)، حەزی کردووە لەو کەسانەش بکۆڵێتەوە، کە کارتێکردنی (حەلاج)یان لەسەر بووە. بۆ ئەوە دەستی بۆ هەندێ کارو بەرهەمی سوهرەوەردی‌یش بردووە. بە پێی لێکدانەوەی خۆی، بەرهەمەکانی (سوهرەوەردی)ی کردووە بە سێ بەشەوە، (بەشی کاتی گەنجێتیو بەشی کاتی مەشائیو بەشی کاتی ئیشراقی). هەموو ئەمانەشی لە کتێبەکەیدا تۆمارکردووە، کە بە ناونیشانی (مێژووی سۆفیگەری)یە.

بەڵام زانای ئەوروپی، کە لە سوهرەوەردیی کۆڵیوەتەوەو بە جوانترین شێوە بەرهەمەکانی کۆکردۆتەوەو بە چاپی گەیاندوون، (هینری کۆربایین). ئەم زانایە بەشێکی زۆری لە ژیانی خۆی بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو فەیلەسووفە تەرخانکردووەو بۆ ئەو مەبەستە نزیکەی پەنجا ساڵ لە ئێرانو لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێراندا ماوەتەوە.

## بەرهەمەکانی سوهرەوەردی بە پێی مێژووی نووسینیان:

بێگومان ئەو بەرهەمانەی، کە سوهرەوەردی، بە تایبەتی، کە بە زمانی فارسی نووسیونی، لە جوانترین شێوە نووسینەکانن، کە لە هەموو مێژووی گەنجینەی کەلەپووری پەخشانیی ئێرانیدا هاتبێتنە بەرهەم. هەڵبەت ئەو بەرهەمانە کاتێ نووسراونەتەوە، کە نووسینی پەخشانیی لە ئێراندا لە سەردەمی زێڕینییدا بووە. بەڵگەش بۆ ئەوە ئەوەیە، کە لە نێو گەنجینەی کەلەپووری فەلسەفیدا لە ئێرانی ئەو سەردەمە هەرگیز شاکاری وەها نییە لە جوانیو بەهاییی زمانەوانیدا بگاتە ئاستی بەرهەمە فارسییەکانی سوهرەوەردی. بۆ نموونە، لە نامیلکەیەکیدا، کە بە ناونیشانی (لغت موران)و هەوروەها لە نامیلکەیەکی تریدا، کە بە ناونیشانی (دەربارەی حەقیقەتی عیشق)ە، پڕە لە دەستڕەنگینیو بەهرەمەندیی مەزن لە شێوازو داڕشتنی زمانەوانیدا. بێگومان ئەم شاکارانەی سوهرەوەردی بە تەواوی بوونە سەلمانە بۆ ئەوەی، کە زمان گرنگترین بەشی بیرکردنەوەیەو بە هیچ جۆرێ بە بێ یەکتری نایێنە بەرهەم. واتە هەرلایان تەواوکەری یەکترنو سەرچاوەی یەکترنو





بەیەکترەوە دەژین. بۆ نموونە: مرۆڤێ گەر بیەوێ بە پوختیو بە چاکی بیری دەربڕێ، دەبێ لە رووی زمان دەربڕینەوە داهێنەرو سەرکەوتووبێ، ئەو بەرهەمە لە کاتی کردنی بە زمانێکیتر راستەقینەی واتاکانی دەربڕینەکەی ئیفلیج دەبن، یاخود دەمرن. لە لایەکی ترەوە سوهرەوەردی هێند بە تواناو سەرکەوتوو بووە لە بواری زمانەوانیدا، بەو رادەیە، کە ئەو بەرهەمانەی بە زمانی عەرەبی نووسیونی، هەر هەمان بەهاییو جوانکاریی تیا دروستکردووە، کە گۆڕیونیەتیە سەر زمانی فارسی. ئەوەی شایانی باسە، من بە تاقە فەیلەسووفێکی ئیسلامیی دەزانم، کە بۆ داڕشتنی بیرە فەلسەفییەکانی، لەو سەردەمە کۆنەدا، بەهرەی وای نواندووە، بەوپەڕی ئازاییو نەترسەوە دەستی بۆ وشەو زاراوەی کوردی بردووەو وەک جوانترین رەنگی گوڵی نێو فەرشو قاڵی خستوویەتییە نێو بەرهەمە فارسییەکانییەوەو ئەو کارەی باشترین یارمەتیدەر بووە لە دەربڕینی بیری فەلسەفی بە زمان. من، کە ئەو بەرهەمە فارسییانەی سوهرەوەردیم خوێندۆتەوە، باوەڕ بێ، هەستم بەوە کردووە، بەرهەمێکی فەلسەفی بە گیانی زمانی کوردیدا دەخوێنمەوە، ئەگەرچی ماوەی نێوان سەردەمی ئەو نووسینانەو سەردەمی ئێستای

خوێندنەوەم نزیکەی هەزار ساڵ دەبێ. جگە لەوە، سوهرەوەردی ئەوەشی سەلماندووە، کە چ زمانی فارسیو چ وشەو زاراوەی کوردی، وزەو توانایی وەهایان تیادا هەبووە، کە فەلسەفەیان پێ بنووسرێتەوە. من دیارە بۆ ئەوەش دەچم، کە رەنگە بۆ ئەو هۆیە، ئەو سەردەمە سوهرەوەردی دەستی بۆ وشەو زاراوەی کوردی بردبێ، کە پاشماوەی زمانی ئاوێستای زەردەشتی بووە، زانیویێتی، کە ئەو وشەو زاراوە کوردییانە بۆ دەربڕینی بیری قورسو ژیربێژیو فیزیکیو یەزدانناسی زۆر لە وشەو زاراوەی فارسی بەهێزتر بووبن، ئەگینا لەوە زیاتر هیچ بەڵگەیەک نییە کە پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بێ.

### نموونەی پاشماوەبەرهەمی سوهرەوەردێ:

الواردات والتقدیسات ـ بە زمانی عەرەبی ـ.

ئەم بەرهەمە بریتییە لە هەندێ نووسینی نزاو راوێژو نامەی کورت کورت، کە زۆر رێی تێدەچێ قۆتابیەکەی خۆی، کە (شارەزووری) بووە، بەو ناونیشانە کۆی کردبێتەوەو دووبارە وەک دەستنووس نووسیبێتەوە. لەم بەرهەمەدا کاریگەریی ئیشراقیی زەردەشتیو قوتابخانەی حەڕانو نیوپلاتۆنیزم (ئەفلاتوونیی نوێ)و



بیر ـ ئاوەز ـ زمان ..........................................

عیرافانی گینۆسی ـ هیرمسیی پێوە دیارە. پاشان ئەو بابەتو مەسەلانەی لەم بەرهەمەدا هاتوونەتە باس، لای فەیلەسووفەکانیتری ئیسلامدا بەدییان ناکەین، تەنها وەک هەندێ بۆچوونی کورت نەبێ، کە لە پەرتووکی (ئامانجی دانا)دا بەدی دەکرێ، کە دەگوترێ نووسەرەکەی فەیلەسووفو کیمیاناسی گەورەی ئیسپانی (ئەلمەگریتی)یەو لە یەک دوو نامیلکەی (ئیمامی فەخری رازی)دا دەبینرێ. سوهرەوەردی لەم بەرهەمەدا بە وردی مامەڵەی لەگەڵ بابەتی تەلیسمو دیاردە شاراوەو پەنهانەکان کردووە، بەڵام لە روانگەیەکی عیرفانیی سۆفیگەرییەوە، کە بناغەکەی بیری فەلسەفەی ئاینە، کە لەلای یۆنانییە کۆنەکان بە پنیوماتیکۆی، واتە (روحانی) ناسراوە. رەنگە هۆی ئەم دەستوەردانەی سوهرەوەردی لەو بابەتانە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتانەی، کە لە ناوچەی دیاربەکرو نوسەیبینو حەڕان)دا ژیاوە، کە کاریگەریی پاشماوەی فیتاگۆرسیو گەردووناسیی گنۆسی یۆنانیو هیرمسی جوولەکەو ئەفلاتۆنیی نوێو زروانگەریو مانەویو بیروباوەڕی حەڕانییەکانی بەر لە بیری ئایینی ئیسلامی لەسەر نیشتووە.

# شانامەی حەقیقەت
# یان
# "ئەحقاقی حەقو کۆچی کوردی"

**"مێژووی هۆنراوی پیرانی ئەهلی حەق"**
**شاکاری حاجی نعمەتاللەی جیحۆن ئاوای موکری**


**ئەحقاقی حەقو کۆچی کوردی:**

حاجی نور عەلی ئیلاهی لە بیرەوەرییەکیدا، کە بۆتە پێشەکیی (شاهنامەی حەقیقەت) سەبارەت بەم کتێبە، کە ناونیشانێکیتری نووسیوە، کە (احقاق الحق و کوچی کوردی)یە، دەڵێ: "لە راستیدا هەردوکیان ناونیشانی یەک کتێبن. ئەگەر هاتو لە





هەر جێگایەکدا بە جۆرێ ناونیشان هەبێ."
هەروەها دەڵێ: "شاهنامەش راستە، چونکە مێژووی دانانی ئەو ناونیشانە درەنگترە لە مێژووی ناونیشانی کۆچی کوردی. کەواتە، وەکو لەم قسەیەی حاجی نور عەلی ئیلاهی دەردەکەوێ، کە ناونیشانی کتێبەکە یەکەمجار (احقاق الحقو کۆچی کوردی) بووە. سەردەمێکی درەنگتر بە دەستنووس گۆڕاوە بۆ (شاهنامەی حەقیقەت). بێگومان ئەمەش ئەو راستییە دەردەخا، کە حاجی نیعمەتاللەی موکری، وەک د. محمد موکری دەڵێ: "بۆ دانانی کتێبەکەی بە تەواوی لە ژێر کارتێکردنی خوێندنەوەو نووسینو دەفتەری گۆرانیو شیعری کوردیدا بووە. هەر لەبەر ئەوەشە، کە زمانی هەڵبەستەکانی شێوەزمانی گۆرانی ـ کرمانشاییە، ئینجا فارسییە. رەنگە ناونیشانی (شاهنامەی حەقیقەت) کەسێ نووسیبێتی، کە فارسی عەلی ئیلاهی بووبێ، یاخود کورد بووبێ. بەڵام لە ژێر کارتێکردنی زمانی فارسیدا بووبێ.



د. محەمەد موکری و نوسەر





## ڕێبازی ئەهلی حەق:

ئـەم ڕێبــازە یەکێکــە لــەو لقــە ئایینییانــەی بەستراوە بـە ئـایینی ئیسلامەوە بـە گشتیو چەنـد مەزهەبێکی ئایینییـەوە بـە تایبـەتی، وەک شیعە، عەلی ئیلاهی، ئیسماعیلی، بـاتنیو یەزیـدی. بـەڵام مێژینـەی ئـەم ڕێبــازە ڕەگو ڕیشـەی بیـرو بـڕوای ئایینییانەی لەو قووڵترە، کە لـە سەردەمی داهاتنی ئیسـلامەوە دەسـتی پێکردبێ، کـە بـە تایبـەتی لـە ناوچـەکانی کوردسـتاندا سـەری هەڵـداوەو گەشـەی کردووەو بۆ ناچەکانیتر بڵاوبۆتەوە.[٢]

---

[٢] ـ مامۆستا (جەمیل ڕۆژبەیانی) لە وتارێکیدا، کە لە ساڵی ١٩٥٧دا دەربارەی مێژووی کۆنو نوێی مەندەلی نووسیویەتیو بەشێکی بۆ کاکەییەکانی ئەو ناوچەیە تەرخانکردووە، دەڵێ: "ئەهلی حەق سەر بە ئایینی کۆنی کورد (دێوپەرستی)ن. لەمەشدا لەگەڵ یەزیدیو میللەتانی هندۆ ـ ئەوروپیدا هاودینن. وشەی دێو بووە بە دیواو دیۆس، دوایی لە لای کاکەییەکاندا بووە بە داوو لە لای یەزیدییەکان بووە بە تاووس." لە شوێنێکیتردا دەڵێ: "سەر بە ئایینی کوردی (دێویسنا)یەو دوایی سووککراوەی دیواس لە لای یەزیدییەکان بووە بە تاووسو لە لای کاکەییەکان بووە بە داوود." بەڵام هەر لەو وتارەیدا مامۆستا ڕۆژبەیانی پەیدابوونی ئەم ڕێبازە ئایینییەی گێڕاوەتەوە پێش سەدەی دەیەمی کۆچی. بۆ ئەمەش دەڵێ: "کە مەسعود ناوی کاکاهی هێناوە." بێگومان ئەم رایە لەگەڵ ڕایەکی پێشوودا زۆر جیاوازە بۆ ئاماژەکردنی

بە پێی کەشو دابو نەریتی پێڕەوەکانی ئەو ڕێبازە ئایینییە، دەردەکەوێ، کە لە ناوچەکانی کوردستاندا، لە سەردەمی ساسانییەکان، لە ئێراندا چەند ئایینێکی کۆن هەبووە، کە ڕەنگە بەردەوامیی ئایینی زەردەشتی بووبن، بە تایبەتی بە جۆرێکی نهێنی کەشو سرووتیان پارێزراوەو ماریفەتەکانی ئەو ئایینە، جگە لە پیرانیان، بۆ نوێژو نزاکردن بە خەلکی هەڕەمەک نەدراوە، کە ئەوەش ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەشو دابو نەریتە ئایینییە داخراوەی، کە موغەکان (مەگۆس)[3] پێڕەویان کردووەو لە ئۆجاخەکانیاندا (ئاتەشگەدە)[4] بەولاوە زیاتر بلاونەبۆتەوە. دیارە هەر بەو مەبەستە بووە، وەکو مێژوو دەیسەلمێنێ، ئەو موغانە ماریفەتە ئایینییەکە لە نێو دەستی

سەردەمی پەیدابوونی ڕێبازی ئەهلی حەق. (محمد جمیل الروژبیانی، بندینجین (مندلی) فی التاریخ قدیما وحدیثا.) گۆڤاری کۆڕی زانیاریی عیراق، دەستەی کورد، بەرگی ٢٧ بەغدا، ١٩٨٠. لاپەڕە ٤٢٤. هەروەها بڕوانە گۆڤاری هیوا، ژمارە ٦، پاریس، ئابی ١٩٨٧.

[3] - مەگۆس: مزدیستان، مزداپرستان، پێڕەوکارانی ئایینی زەردەشت.

[4] - ئۆجاخ: راستترە لە ئاتەشگەدە بۆ زمانی کوردی لەبەر ئەوەی وشەی ئاتەشگەدە سەرچاوەکەی فارسییە، بەلام ئۆجاخ سەرچاوەکەی کوردییە.





خۆیاندا بۆ دەسەلاتی ئایینیو رامیاریی خۆیان پێ بسەلمێنن بەسەر خەلکی هەڕەمەکدا. ئەم بۆچوونە زۆر لە مێژوونووسان رایان لەسەر بووە.

لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا مرۆڤێ بە ناوی (موبارەک شاە)، کە ئەو سەردەمە نازناوی (شاە خۆشێن)ی لێنراوە، کوڕی (مظهرالله) بووەو دایکی ناوی (جەلالە) بووە. لە نێو خێلەکانی (لوڕ)دا دەرکەوتووەو ئایینی ئەهلی حەقی لە نێوان بەشێ لە خەلکی (لوڕستان)دا بلاوکردۆتەوە.

لە سەدی هەشتەمی کۆچیدا، ناوچەکوردنشینەکان لە نێوان فارسەکانی ئێرانو عەرەبەکانی عیراقدا سولتان ئیسحاق (سولتان سوهاک)[5]توانیویەتی ڕێبازی ئایینیی ئەهلی حەق

[5] - بە پێی نامەکانی سەرەنجام، سولتان سوهاک لە سالی ٦٧٥ی کۆچی لە گوندی بەرزنجەی سەر بە قەزای هەلەبجە لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. کوڕی شێخ عیسای بابا عەلی هەمەدانی بووە. دایکی ناوی خاتوون دایراک رمزبار بووە. سولتان سوهاک لە پاش مردنی باوکی ناکۆکی کەوتۆتە نێوان خۆیو براکانییەوە، بۆیە سەری خۆی هەلگرتووەو چووە بۆ گوندی شێخان لە ناوچەی هۆرامان. لەوێ ژیانی خەلوەتو گۆشەگیریی بووە، ڕێبازی (یارسانی)ی نوێکردۆتەوە. موریدانی ئەهلی حەق لە کوێوە هاتبن ئەم پێشوازیی لێکردوون. موریدەکانی زۆر بوون. لە چینو لە هیندستانو بوخاراو هەرێمەکانی ئێرانەو گەیشتوونەتە لای. سولتان ئیسحاق موریدەکانی بەش کردووە بۆ پانزە پلە: هەر پلەیەک

پـەرە پـێ بـداو بـڵاوی بکاتـەوە لـە ناوچـەکانی هـەورامانو جـوانڕۆو گـۆڕانو کێوەکـانی داڵـەهۆداو چەند کەسانێ لە کوردەکانی بەرزنجەو دێهاتـەکانی شـارەزووری کـردووە بـە پیرانـی ئـەو ڕێبـازەو لـە جێگایەکدا، کـە بـە نـاوی (پـەردێوەر) بـووە، لـە (هۆرامـان)، نزیکـی دێـی (شـێخان) لـە بـاکووری

ناوێکی لێناوە: (حەوت تەن، حەوت وانە، یاران قۆڵ تاس، حەوت ئەردەبیر، حەوت خەلفە، حەوت خادم، حەوت حەوتەوان، چل جیهان تەن، نودونەبیر شاهۆ، شەستو شەش غوڵام کەمەر زێڕین، هەزارو یەک بەندەی خواجە مانند، بیۆر هەزار بەندە، بەندەی بێ شومار). دەگوترێ تەیموری گورگانی (٧٧١ ـ ٨٠٧ی کۆچی) یەکێ بووە لە موریدەکانی. هەندێ لە مەلایانی شارەزوور، کە لە سەردەمی سەدەی حەوتو هەشتی کۆچیدا ژیاون، لە هەندێ چامەیاندا دەریانخستووە، کە سوڵتان سوهاک زمانو ئەدەبی عەرەبیی لەسەر دەستی مەلا ئەلیاسی شارەزووری خوێندووە. زانستی ئایینیی خوێندووە، پاشان رووی لە سۆفیگەری کردووە. گەشتی بۆ شارەکانی کوردستانو عیراق کردووە، پاشان رووی کردۆتە شارەکانی میسرو شام. جارێکیش حەجی کردووە. بووە بە یەکێ لە ناودارترین زانایانی ئایینیو خەتیبی سەردەمی خۆی. بووە بە مامۆستای بڵندی زمانو ئەدەبو ئایین. دەگوترێ کتێبێکی لەسەر تەفسیری قورئان داناوە. پاشان گەڕاوەتەوە بۆ گوندی شێخانو لەوێ لە ساڵی ٧٩٨ی کۆچی کۆچی دوایی کردووەو تەرمی بە گۆڕستان سپێردراوە.





ڕووبـاری (سـیروان)، جێنزرگـەی ئـایینیو تەکیـەی داناوە.

هەڵبەت (سوڵتان سوهاک) هـەوڵی ئەوەشـی داوە لـە نێـوان خـەلکێکی زۆر لـە خێڵەکییـەکانی ئـەو ناوچانـە ماریفەتـەکانی ڕێبـازی ئـەهلی حـەق بـە نهێنی بڵاوبکاتەوە. ئیتر لە پاش (سوڵتان سوهاک) کەسانیتر بە نـاوی ئـەهلی حـەق پەیدابوونو ئـەو ڕێبازە ئایینییەیان بە هەمان دابو نـەریتو کـەشو نــزا پێڕەوکــردووە. ئــەو ڕێبــازە پاشــان لــە ئازربایجانو سـەردەمێکیش لـە بەغدا لـە سـەدەمی دەســـەڵاتی میـــرو شـــازادەکانی (قـــەرەقۆینلۆ)[6] بڵاوبۆتەوەو پیرو موریدیان زۆر بوون.

لــە ڕاسـتیدا یــەکێ لــە مەڵبەنـدە گـەورەکانی پێڕەوکارانی ئایینی ئەهلی حـەق ڕۆژئـاوای ئێرانو ناوچەی کرمانشاهان (کرمانشاهان) بووە، بە تایبەتی (قەسـری شـیرین، سـەرپێڵ، ناوچـەکانی زەهـاو، ماهیدەشت، کەرەند، بێوەنیج، هولـەیلان)و بەشـێ لــە (کــەڵهوڕ، زەنگنــەکانی کەندۆڵــە، خێڵــی

[6] ـ قەرە قۆینلۆ ١٣٧٨ـ ١٤٦٨، ئاق قۆینلۆ ١٣٧٨ـ ١٥٠٢، تاریخ الدول والامارات الكردية في العهد الاسلامي، الجزء الثاني لخلاصة تاريخ الكرد وكردستان. العلامة امين زكي بك. ترجمة الى العربية: محمد علي عوني. ١٩٤٥. المقدمة طبعة برلين الغربية. سنة ١٩٨٦ للدكتور كمال فؤاد. لاپەڕە xi.

جەلالەوەند، عوسمانەوەند) بوون بە ئەهلی حەق. لە نێو خێڵەکانی (لوڕستان)یشدا، لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا لە ناوچەکانی (دیلڤانو پشتکۆ)و لە نێو عەشیرەتەکان (لەک)دا هەر هەیە. لە نێو عەشیرەتەکانیتری ئێراندا، بە تایبەتی فارسەکانی شیرازو ئازربایجان (تەورێزو مەراغە)و لە دەوروبەری قەزوینو لە (تاران) گوندەکانی (هەشتگردو وەرامین) ژمارەیەکی زۆر لە ئەهلی حەق هەن. لە بەشی کوردستانی عیراقیشدا ئەمڕۆ لە شارەکانی سلێمانیو کەرکوکو موسڵو خانەقی، هەروەها لە شاری بەغدا زۆر لە خێزانی ئەهلی حەق هەن. لە ناوچەکانی باکووری کوردستانیشدا، بەشی کوردستانی تورکیا، ئەهلی حەق هەن.

بێگومان، کۆنترین سەرچاوەکان دەربارەی رێبازی ئایینی ئەهلی حەق ئەو دەقە نووسراوە - دەستنووسە کۆنەکان - کە هەر هەموویان بە زمانی کوردی - دیالێکتی لوڕی - و شێوەزمانی گۆرانی[7]

[7] - (گۆران) لە راستیدا ئەو شێوەزمانەیە، کە عەشیرەتێ بە ناوی (گۆران) قسەیان پێکردووە. مەڵبەندی ژیانیان لە سنەو لە کرمانشان بووە. ئەم ناوە بڵاوبۆتەوە تا ئەو رادەیەی نراوە لە شیعری ئایینیو میللیی کوردیش، یان ئەو شیعرانەی بە مۆسیقاو گوتراون، کە لە دە بڕگە پێکهاتوون. بۆیە بوون بە گۆرانی، واتە سەر بە گۆران. دوایی گۆرانی بووە بە وشەیەک بۆ هەموو جۆرە ئاوازە کوردییەکان.





کۆنو زازاو گەویشو سەیدی، کە لقێکە لە شێوەزمانەکانی هۆرامانی لهۆن، نووسراون.[8] هەندێکیشیان بە زمانی فارسیی تێکەڵ بە شێوەزمانی کرمنشاییو گۆرانو هۆرامانیو تەنانەت ئازربایجانیش نووسراون. هەڵبەت ئەو شێوەزمانانەش سەرچاوەکەیان، کە زمانی کوردییە، تاکو ئەم سەردەمانەی دواییش لە هەموو رۆژئاوای ئێراندا، لە باکووری رۆژئاوای ئێرانو بەرەوخوار، تاکو نزیکی رووباری (قاروون)، قسەی پێکراوەو دەستنووسی ئاخاوتنی دابو نەریتی ئایینیو ماریفەتەکانی رێبازی ئەهلی حەقو هەڵبەستو هۆنراوەکانیان پێنووسراوەتەوە. بەڵام بە هۆی سەپاندنی دەسەڵاتی رامیاریو ئابووریی شاهەکانی ئێران، بەتایبەتی قەڵەمڕەوی ئەو زمانە بواری تەسکتربۆتەوەو زۆربەی خەڵکی ئەو زمانەی ماریفەتەکانی ئەو رێبازە ئایینییەی

[8] - رەنگە کۆنترین دەقی شێوەزمانی گۆرانی مەسنەوییاتە سۆفیگەرەکانی (مەلای پەرێشان) بێ. پەرێشاننامە. بە پێی هەندێ بەڵگەو سەرچاوەی مێژوویی، مەلای پەرێشان لە کۆتاییەکانی سەدەی چواردەهەمدا ژیاوە. د. کەمال فوئاد دەڵێ: "ئەم زاتە لە کۆتاییەکانی سەردەمی سەفەویدا، سەردەمی شانزەهەم، ژیاوە، کە بۆ ئەو مێژووە پەنای بردۆتە بەر ناوەڕۆکی هەڵبەستەکانی پەرێشاننامە. هەمان سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە xxii.

پێنووسراوەتەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ کەمتر بەکاریانهێناوەو زمانی فارسییان بەسەردا زاڵکراوە. ئیدی زمانی ئایینیی ئەهلی حەق بەلای خەڵکی ئاساییەوە قورسو گران بووەو وشەو زاراوەی نامۆ بووەو وەکو بیرو باوەڕە نهێنییەکە بەشێ لە زمانەکەشی وەکو نهێنیی لێهاتووە.

## یارسان YARSAN:

ئەم وشەیە پێکهاتەی (یار)و (سان)ە. لە فەرهەنگی کوردیو فارسیدا یەک شتن. (یار) بە واتای هاوڕێ، یان خۆشەویست، یان دڵدار، یان بەڕێز دێ. بەڵام (سان)، کە زیاتر لە شێوەزمانی گۆرانو پەهلەویدا بەکارهاتووە، بە واتای شاه، یاخود سوڵتان دێ. بە پێی نامەی سەرنجام، وشەی (یارسان) ناوی ئەو کەسانە بووە، کە بوونەتە موریدی سوڵتان سوهاک. ئەو موریدانەش باوەڕیان وا بووە، کە سوڵتان سوهاک روحی حەقی تیادا بەرجەستە بووە، بۆیە دانراوە بە ڕێبەری ڕێبازی (یارسان)، کە ڕێبازی ئەهلی حەقو ڕێبازی کاکەییە. باوەڕیش وایە، کە (سان) کورتکراوەی (ستان)ی پاشکۆ بێ، کە بە واتای (نیشتمان) بێ، وەک: کوردستان، لوڕستان،





ئەفغانستان، تورکمانستان..هتد. ئێستا لە کوردستاندا زۆر خەڵک (ت) ستانەکە قووت دەدەن. بۆ نموونە دەڵێن: (کورسان، لوڕسان). هەندێ کەسانیش باوەڕیان وایە، کە (یارسان) بە واتای جێنزرگەی ئاشقانی حەق بێ. نووسەرێکی یارسانی، کە (د. گوڵموڕادی موڕادی)یە، دەڵێ: "ناوی ئەهلی حەق هەڵەیە، باشتر وایە بگوترێ یارسان." ئەوە شایانی باسە، د. گوڵموڕادی دەڵێ: "لە نێو یارسانییەکاندا، جگە لە کورد توکمانو ئازەریش هەن." دەڵێ: "ژمارەی ئەم یارسانییانە نزیکی چوار ملیۆن دەبنو لە عیراقو لە ئێرانو لە وڵاتانیتریشدا وەک پەناهندە هەن." دەڵێ: "ئەم یارسانییانە، نە سونینو نە شیعەنو نە عەلەوین، کە ناوی (یا عەلی) دەهێنن، مەبەستیان (عەلی کوڕی ئەبی تالب نییەو هیچ عەلییەکیتر نییە، بەڵکو مەبەستیان لە عەلی، یەزدانی بڵندە.

د. محمد موکری دەڵێ: تایەفەی ئەهلی حەق نەژادیان دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی سانسکریتیو بەڵام بە شێوەیەکی پێشکەوتووترو تایبەتمەندیی بیری ئێرانیی کۆن، چونکە زۆر لە دابو نەریتی ئێرانیی تێدا کۆبۆتەوە. پاشتر سیمای ڕێبازی عیرفانی شیعەشی گرتووە. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لەو ڕەگە ڕەمزییە هرمزییە ـ عیرفانییە لای نەداوە، کە

كەشی ئەفسانەیو رازو پەنهانی لەلا پارێزراوە. بۆ نموونە: سەبارەت بە دابوونی جیهانی روحو جیهانی گەردوون، دەڵێن: بەر لەوەی ئەم دوو جیهانە دابێ، خوداش (یەزدانیش) نەبووە. لە (شاهنامەی حەقیقەت)دا هاتووە، كە نە زەمینو نە ئاسمانو نە گەردوونو نە هیچ شتێ، نە تەختو نە تابلۆو نە پەیڤو نە فەلەكو نە بەهەشتو نە دۆزەخو نە فریشتەو نە مەلائیكەتو نە ئەستێرەو نە خۆرو نە مانگ نەبووە. تەنها گەوەری (یا) هەبووە. تەنها (یا) حەق بووە. جێگەی لە مرواریدا بووە. مرواری لە قاوغیدا بووەو قاوغی مرواری لە بنی دەریا بووەو دەریا شەپۆلەكانی هەموو شوێنێكی گرتۆتەوە. لە دیوانی شیعرەكانی شێخ ئەمیردا روونكردنەوە بە دەق هاتووە، كە: "كاتێ یەزدانم هێشتا (یا) بووە، نە زەمین هەبووەو نە ئاسمانو نە هسارەو نە دەنگی ئادەمیزادێ. ئەوساتە یەزدان مەلێ بووە دوو باڵی هەبووە لە زێڕ، پاشان هاتووەو خۆی هاویشتۆتە نێو نقێمێكی بێگەردەوە. ئینجا، كە خۆی لە نێو قاوغی مرواریدا بینیوە، كە بە تەنها لە نێو دەریای پەنهاندا بووە. پاشان، كە خۆی دیوە تەنیا بووە، كەوتۆتە داهێنانی كۆیلە دڵسۆزەكانی. كە پەیمانی لەگەڵدا





بەستوونو ئیتر هەنگاوی بۆ پێشەوە ناوەو لە قاوغی مرواری چۆتە دەرەوە.

## سەرەنجام:

ئەمە یەكێكە لە كەلامەكانی (نامیلكە ئایینییەكانی) ئەهلی حەق، كە لە سەدەی حەوتو هەشتی كۆچیدا نووسراوەتەوە. ئەم نامیلكەیە بریتییە لە شەش بەش، كە ئەمانەن: باركە باركە، دورەی حەوتەوانە، كلیمو كۆڵ، دەورەی جێهێڵان، دەورەی عابدین، وردە سەرەنجام. جگە لەم كتێبە ئەهلی حەق چەند كتێبێكیتریان هەیە، كە لە نێوان سەدەی دوو تا سیانزە نووسراونەتەوە. وەك: دەورەی باڵوڵ، دەورەی شاە خۆشین، كەلامی عێڵ بەگی جاف، كەلامی نەورۆز، كەلامی حەیدەری.. هتد. ئەم كەلامانەش هەمووی بە كێشی دە بڕگە هۆنراونەتەوە. بە شێوەزمانی گۆران نووسراونو تێكەڵ بە لەكیو لوڕیو كوردیی كرامانشاییو كوردیی مەریوانیو كرمانجیی سنەییو كەلهوڕی.

لە توێی (سەرنجام)دا چەند بەشێ لە فەلسەفەی ئیشراقو دانایی كۆنو سۆفیگەریی ئیسلامیش هەیە. بە دوانزە بڕگەیی هۆنراونەتەوە.

## <u>شاهنامەی حەقیقەت، یان ئەحقاقی حەقو کۆچی کوردی:</u>

یەکێکــە لــە شــاکارە بــە نــرخو دەگمەنــەکانی پێڕەوەکـانی ڕێبـازی ئـەهلی حـەق، کـە ئیمـڕۆ بـە ڕاستی بە گەنجینەیـەکی بـێ وێنـەی ئـەدەبو بیـری ئایینیی کـورد دادەنـرێ. بـەڵام جێـی داخـە، کـە بـە دەگمەن خوێنەری کورد، یاخود لێکۆڵەرو شارەزای کورد باسی ئەهلی حەق پەییان بۆ بردبێو کەوتبێتە بەردەستیان، چونکـە تـاکو ئێستا بـە چاپخانـەی کوردیی نەگەیێنراوەو وەکو گەنجینـەی نووسراوەی ئێرانـی (گنجینـەء نوشـتەء ایرانـی) لـە چاپخانـەی فارسیو فەڕەنسیدا لەچاپدراوەو بڵاوبۆتەوە. بـەڵام ڕاستیی ئەوە نازانم، کە تاکو ئێستا کـام نووسـەرو ڕۆژنامـەنووسو لێکۆڵـەری کـورد لـە کـاری خۆیـدا لــەبارەی ئــەهلی حەقــەوە، یــاخود لــە هــەر بابــەتێکیتردا بێــتو دەســتی بــۆ ئــەم شــاکارەش ڕاکێشاوە!

بێگومــان بــەهاو دەگمــەنیی ئــەم شــاهنامەی حەقیقەتــە لەوەدایــە، کــە مێژینەیــەکی هــۆنراوی گــەورەو فرەوانــی ئــەهلی حــەقو ســەرچاوەیەکی مێژوویـی گـەورەی ئـەم ڕێبـازە ئایینییـە، تێکـڕای ژمارەی بەیتەکانی ئـەو هەڵبەسـتە مێژینەیـە ١١١١٧





بـەیتن، کـە بـە شـێوەزمانی لـوڕی ـ گـۆرانی ـ کرمانشـــایی‌و تێکـــەڵ بـــە فارســـیی ئیمـــڕۆ نووسراونەتەوە.

دانەری، یاخود نووسەری ئەم شاکارە مێژوویی ـ ئەدەبییە یەکێکە لـە کوردەکـانی ئـەهلی حـەق، کـە نـــاوی (حـــاجی نیعمەتاللـــەی جیحـــۆن ئـــاوای مۆکری)یە، نازناوی (مـوجرم = مجـرم)ی لـە خـۆی ناوەو کـوڕی (میـرزا بـارامی مۆکری)یە. لـە سـاڵی ١٢٨٨ی کۆچیدا لـە دێـی (جیحـۆن ئـاوا)ی سـەر بـە شـاری (دینـەوەر)[٩]، کـە لـە ناوچـەی کرمانشـاهانە لەدیکبووە. ساڵانی تەمـەنی لاوی‌و هـەرزەکاریی لـە شاری (کرماشا، کرمانشاهان)دا بە خوێندنی ئاییني بردۆتەسەر. لە ساڵی ١٣١٨ی کۆچی بەدواوە لە دێی (جیحـۆن ئـاوا) چۆتـە خـەڵوەتو گۆشـەگیرییەوەو ڕووی عیرفان (دەروێشی)و سۆفیگەریی گرتۆتەبـەرو دەسـتی بـە نووسـینی بەرهەمـەکانی کـردووەو لـە

---

[٩] ـ شاری دینەوەر لە ماوەی ساڵانی ٩٥٠ تاکو ١٠٩٥ پایتەختی دەوڵەتی حەسنەوی برزیکانی بووە، کە فرمانڕەوایی بەشی خۆرهەڵاتی کوردستان کردووە. لە نەهاوەندەوە تاکو شارەزوور، کە ئیمڕۆش شوێنەواری ئەو شارە ماوەتەوە بە ٤٠ کم لە خوارووی خۆرئاوای شاری سنەدایە. هەمان سەرچاوەی پێشوو. لایەڕە xi.

ساڵی ١٣٣٨ی کۆچیدا هەر لە (جیحۆن ئاوا)دا گیانی بە خاک سپێردراوە.

(حاجی نیعمەتالله) یەکێ بووە لە موریدەکانی (شاه ئیبراهیمی)و تەریقەتی لەسەر دەستی (شاه هەیاسی) وەرگرتووە. هەر وەکو خۆی لە شاهنامەکەدا، کە لە ڕێکەوتی ٢٢ی جەمادی ئەوەلی ١٣٢٨ی کۆچیدا بە یادداشت نووسیویەتیو دەڵێ: "مؤلف این کتاب شاهنامهء حقیقت یا احقاق الحق حین بنده حاج نیعمهالله متخلص به مجرم بن مرحوم مغفور میرزا بهرام مکری الاصل دینور مسکن از طائفهء اهل حقیقت سر سپردهء خاندان اعلیحضرت اقدس شاهنشاه عالمیان پناه شاه حیاسی ارواحنا فدا بودم."

جگە لەوە، لەگەڵ موریدێکی ئەهلی حەقدا بە ناوی (حاجە وەهاب) گەشتو گەڕانی کردووەو لە دوا ساڵانی ژیانیدا بۆ مەبەستی سەردان لە جێزیارەتەکانی چۆتە لای ئەهلی حەقەکانی (کوردستانی عیراق)و چاوی پێیانکەوتووە. هەر وەکو خۆی لە شاهنامەکەیدا دەڵێ: "در عالم مراقبه و در حال بی خبری و مستی روحانی از طرف حق ملقب به حاج وهاب گردید. وی در سال اخر حیات خود بقصد زیارت بعتبات شقافت و باکردان پیروان حقیقت ساکن عراق ملاقات کرد."





ئەوەی شایانی باسە، ئەم شاهنامەی حەقیقەتە هەر وەکو دانەرەکەی دیسان لە یادداشتدا نووسیویەتی، پێکهاتووە لە دوو بەرگ، یاخود چوار بەش. بەشی یەکەمی لە بەرگی یەکەمیدا بە ناونیشانی (فردوس)ە. بەشی دووەمی بە ناونیشانی (رضوان)ە، کە هەمووی هەڵبەستەو دەربارەی سەردەمی پێغەمبەری ئاخرزەمانە. بەشی یەکەمی لە بەرگی دووەمیدا بە ناونیشانی (خلد)ە، کە دەربارەی بەسەرهاتەکانی (سوڵتان سوهاک) تاکو غەیببوونیو هاتنی (شاه ئیبراهیم)و هەموو ڕەمزەکانی ئەهلی حەقە، واتە پیرانی ئەهلی حەق. بەڵام، جگە لەو چوار بەشە، دوو بەشیتریش لە نێو کتێبەکەدا هەیە، کە یەکەمیان پێشەکیی کتێبەکەیە بە هەڵبەست دەربارەی خەڵقبوونی ئادەمو هارووتو مارووتو پێغەمبەرەکانی پێشینو پێشدادییەکانو کەیانییەکانو ئەشکانییەکانو ساسانییەکانو دانایانی پێشینو چوار روکنی ئیسلامو چینی مەخلووقاتو ئیمامەکان. دووەمیان، هەر وەکو نیعمتالله مۆکری خۆی دەڵێ: "لە کۆتایی شاهنامەکەدا نووسراوەو ناونیشانی (نعیم)ە." واتە، بە پێی دانانی بەشەکانی دانەر، چوار بەش لە دوو بەرگداو بەشێکی کۆتاییش. بەڵام

لە چاپە فارسیو فەڕەنسییەکەدا بەشی پێشەکییەکی بۆ زیادکراوەو بووە بە شەش بەش.

ئەوەی شایانی باسە، لە چاپخانە فارسیو فەڕەنسییەکەدا (تهران، قسمت ایرانشناسی، انستیتو ایرانو فرانسە ١٩٦٦) بە دوو بەش، واتە دوو کتێب لە چاپ دراوە. کتێبی یەکەم دەقی شاهنامەکەیە، لەگەڵ پێشەکییەکو یادداشتێکو لێکۆڵینەوە، کە (دکتۆر محمد موکری)، بە هاوکاریی رۆژهەڵاتناسی فرەنسی (هێنری کۆڕباین) نووسیویەتی. کتێبی دووەمیش بەشی دووەمی بەرگی یەکەم، کە لە ساڵی ١٩٧١دا چاپکراوە، پێرستەکانی بەشی یەکەمە.







هێنری کۆربـاین

## هێنری کۆڕباین Henry corbin:

ئەم توێژەرە یەکێکە لە رۆژهەڵاتناسە جیهانییەکانو پسپۆڕی ئایینو فەلسەفەی ئێرانیو ئیسلامی. لە رۆژی چواردەی نیسانی ساڵی ١٩٠٣ی زایینی لە پاریس لەدایکبووە. لە خێزانێکی خاوەن بیروباوەڕی کاتۆلیکدا پەروەردە بووە. بۆیە بە کارتێکردنی ئەو جۆرە پەروەردە ئایینییە چۆتە قۆناغێکی باڵای زانستەکانی مەسیحی. بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا خەریکی لایەنی فەلسەفیو سۆفیگەری بووە لە ئاییندا لەبەر ئەوەی رووی لە خوێندنی رێبازی ئایینی پڕۆتستانتیو سەردەمی راپەڕین (رینیسانس) کردووە. بۆ ئەو مەبەستەش چۆتە زانکۆی سۆڕبۆن. لە ساڵی ١٩٢٦دا بەڵگەنامەی باڵای لە خوێندنی فەلسەفەدا وەرگرتووە. جگە لەمانە، بەردەوام خەریکی خوێندنی فەلسەفەی رۆژئاواییو زمانە کلاسیکەکانی ئەوروپاو عەرەبیو فارسیی کۆنو نوێ تەنانەت زمانی پەهلەویو چەند شێوەزمانێکی کوردی بووە.

کۆڕباین هەر لە سەرەتاوە فەلسەفەی دیاردەناسی Phenomenology ئێدمۆند هوسرڵو فەلسەفەی بوونگەری Existents philosophy ی مارتین هایدیگەر کاریان تێکردووەو بەر لە





هەڵگیرسانی جەنگی جیهانیی دووەم، چەند بەرهەمێکی گەورەی لە ئەڵمانیاوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فەڕەنسی. لەوانە: (دیاردەی مەرگناسی)یەکەی هایدیگەرو یاسبرزو (میتافیزیک چییە؟)ی هایدیگەر، کە ئەم کتێبە گەورەترین هۆ بووە بۆ سەرهەڵدانو بڵاوبوونەوەی فەلسەفەی بوونگەری لە فەڕەنساداو تەنانەت ژان پۆڵ سارتەریش دانی بەوەدا ناوە، کە بە هۆی خوێندنەوەی ئەو بەرهەمە وەرگێڕاوانەوە چۆتە نێو دنیای فەلسەفەی بوونگەرییەوە.

هەڵبەت (کۆڕباین)یش خۆی بە دیاردەناسێ زانیوە. بەڵام لە پاش داهاتنی فەلسەفەی وجودی لە فەڕەنسا، بەڵکو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی بیرو هۆشی ئایینیو فەلسەفەی خۆرهەڵاتی نزیک، بە تایبەتی، کە ئەو فەلسەفەی بوونگەرییە لە توێی دەقە ئایینیو ئایینزاییو سۆفیگەرییەکانی ناوچەکانی ئێرانو کوردستاندا دۆزیوەتەوە، یەکەمجار لە رێگەی مامۆستایەکییەوە، کە ئیسلامناسی گەورەی فەڕەنسییە بە ناوی (لوی ماسگنۆن Massignon .L)ە، رۆژێ لە کاتی وانەوتنەوەدا دانەیەک لە کتێبی (حکمة الاشراق)ی (سوهرەوەردی)ی بۆ خوێندنەوە دەداتێ.

لە سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەمدا، کۆربین بە مەبەستی لێکۆڵینەوەی دەستنووسەکانی سوهرەوەردیو دەستنووسیتر، رووی لە وڵاتی ئێران کردووە. ئیتر لەبەر پەرەسەندنی ئاگری جەنگ، کۆڕباین نەیتوانیوە بگەڕێتەوە بۆ فەڕەنساو بۆ ماوەی شەش ساڵ، واتە تا کۆتاییهاتنی جەنگ لە ئێران ماوەتەوە. ئەو ماوە درێژەش هەلێکی باشی بۆ رەخساندووە، کە بتوانێ بە باشیو بە وردی لە هەموو بەرهەمەکانی سوهرەوەردیو زۆر لە داناو زانایانیتری ئیسلام بکۆڵێتەوەو لە ساڵی ١٩٤٥دا هەموو بەرهەمە دەستنووسەکانی سوهرەوەردی لە چاپ دراوە.

لە ساڵی ١٩٤٦یشدا لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی فەڕەنسا (کۆڕباین) کراوە بە سەرۆکی بەشی ئێرانناسی لە دەزگای ئێرانیو فەڕەنسیدا لە تارانو لەو ماوەیەدا توانیویەتی زنجیرەیەک نامیلکەو دەقو دەستنووس بە چاپ بگەیەنێو بڵاویانبکاتەوە، بە ناوی (زنجیرەی کۆمەڵە کتێبی ئێرانی Iranienne bibliotheque). (کۆڕباین) هەر وەکو خۆی دەڵێ: "سوهرەوەردی دەستی گرتووەو گەیاندوویەتیە ئێرانو خستوویەتییە نێو دەریای قووڵو بەرینی بیرو فەلسەفەی سۆفیگەریی





خۆرهەڵاتی، کە لە کۆڕی زانستیو ئەدەبیی ئەوروپادا نەناسراوە.

هەڵبەت گرنگیی لێکۆڵینەوەکانی (کۆڕباین) تەنها لەوەدا نەبووە، کە لایەنەکانی بیرو هۆشی ئایینیو فەلسەفیو مەزهەبو سۆفیگەریی گرتۆتەبەر، بەڵکو لەوەدا بووە، کە پێش سەردەمەکانی ئیسلامیشی گرتۆتەوەو زۆر لایەنی فەلسەفی، مێژووییو ئەدەبیی میللەتانی ئێران، بە تایبەت فارسو کوردی لە رووی ئایینو فەلسەفە کۆنو نوێیەکانییەوە دەرخستووە. چەند گوتاری نووسیوە، یاخود وەرگێڕاوە بۆ زمانی فەڕەنسی دەربارەی سروودناسیی (مانەوی)و پەندنامەکانی (ماریفەتەکانی) زەردەشتو ئایینی (مەزدەک)و رێبازی (ئێسماعیلی)و شیعەو عەلی ئیلاهیو ئەهلی هەق.

ئەوەی لەم لێدوانەدا ئێمە بە لامانەوە زۆر گرنگە، ئەوەیە، کە (کۆڕباین) بایەخی زۆری بە رێبازی ئایینیی ئەهلی حەق داوەو لە زمانو نووسینی شێوەزمانی گۆرانی، کرمانشانی، لوڕ لە باکووری کوردستان، بە تایبەت لە ناوچەکانی بەختیاریو پشتکۆو نێو خێڵەکانی کەڵهوڕو لەکو لوڕ، ئەندامێکی کارا بووە بۆ هاریکاریکردن لەگەڵ (دکتۆر محمد موکری) مامۆستای زانکۆی تارانو

سوڕبۆن لە زمانناسیدا بۆ لێکۆڵینەوەو بەچاپگەیاندنی دەقی شاکاری گرنگی ئەهلی حەق، کە (شاهنامەی حەقیقەت)ەکەیە.

لە کۆتایی ئەم لێدوانەدا بە پێویستم زانی خوێنەری کورد ئاگادار بێ سەبارەت بە سەرنووسینی ئەو وتارانەی بە زمانی بێگانە لەسەر ئەهلی حەقو چەند بابەتێکیتری مێژوویی، زمانەوانی، ئایینیو دابو نەریتی کورد نووسراونو لە پێشەکیی (شاهنامەی حەقیقەت)ەکەدا ئاماژەیان بۆ کراون، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١ـ پەنجاو دوو وشەی شێخ ئەمیر بە دیالێکتی گۆرانی: وەرگێڕانی دەقی ئەم وتارە بۆ زمانی فەڕەنسی بە لێکۆڵینەوەو پەراوێزەوە لەگەڵ پێشەکییەکدا دەربارەی روانگە فەلسەفییەکانی ئەهلی حەق. "گۆڤاری ئاسیایی، پاریس، ساڵی ١٩٥٦. لاپەڕە ٣٩١ تا لاپەڕە ٤٢٢.

٢ـ ئاووهەوای کوردستان: دەربارەی جوگرافیاو ئەفسانەکانی دیالێکتەکانی زمانی کوردییە لە کوردستان. گۆڤاری ئاسیایی. پاریس، ١٩٥٩. لاپەڕە ٤٧٢ تا لاپەڕە ٥٠٥.

٣ـ باسی جلو بەرگو رواڵەتو روخسار لە لای ئەهلی حەق؛ دەقی وتووێژ لە بیستو چوارەمین کۆنگرەی خۆرهەڵاتناسان، کە لە ساڵی ١٩٥٧ لە





شاری میونیخ لە ئەڵمانیا بەستراوە. کۆمەڵە وتارو راپۆرتی زانستیی کۆنگرەی ویسپادن ١٩٥٩. لاپەڕە ٤٩٦ تا لاپەڕە ٤٩٩.

٤ـ خەونی باطنیو لێکدانەوەیان لە لای کوردەکانی ئەهلی حەق لە ئێراندا: کۆمەڵەی منابع شرقی، ژمارە ٢، کۆمەڵە وتارێکە دەربارەی خەونو لێکدانەوەی خەون. پاریس، ١٩٥٩. لاپەڕە ١٩١ تا لاپەڕە ٢٠٥.

٥ـ گەوهەرو دوڕ لە ئەدەبیاتی فارسو فۆلکلۆری ئێرانو ئەفسانەکانی تایبەت بە کوردەکانی ئەهلی حەق: گۆڤاری ئاسیایی، پاریس، ١٩٦٠. لاپەڕە ٤٦٣ تا لاپەڕە ٤٨١.

٦ـ مۆسیقاو سۆفیگەری: ئینسکلۆپیدیای مۆسیقا. پاریس، بەرگی سێیەم، ١٩٦١.

٧ـ ئۆجاخی کورد: (گڕی پیرۆزو پەرستگای سەرەتایی، کوانووی ئاگری سەرەتایی، جێگای ئاگردان، خانەی ئۆجاخ، پاشماوەی ئاگر، بەردەوامیی خێزان، هێزی ئەفسوونیو خۆڵەمێشی ئۆجاخ، دەسەڵاتگەی خانەدان، ستارگەی گزینی، خانووی لادێکان، کەلەی خێزانی). گۆڤاری ئەتنۆگرافی، پاریس، ١٩٦١. لاپەڕە ٧٩.

٨ـ دابو نەریتی شایی‌و ژنهێنان لە لای کورد: یادداشتەکانی مرۆڤناسی‌و باسی کۆمەڵناسی. گۆڤاری ئەتنۆگرافی، باریس. ١٩٦٢.

٩ـ (رازو نهێنییەکان مەدرکێنە)و (بەردەڕەش) لە ئێراندا: دەربارەی ڕێبازو مەزهەبی ئایینیی لوڕەکان‌و کوردەکانی ئەهلی حەق. (دەورەی وزاور) لە دەقە کۆنەکانی گۆرانیی ئەهلی حەق، لەگەڵ لێکۆڵینەوەو لێکدانەوەی زمانەوانی. گۆڤاری ئاسیایی، پاریس، ١٩٦٢. لاپەڕە ٣٦٩ تا ٤٣٣.

١٠ـ (چوارشەممە سووری)و کەشو دابو نەریتی ئەفسوونی‌و مەزهەبی لە ئێراندا: کۆمەڵێ وتار. هنری ماسە. تاران، زانکۆی تاران، ١٩٦٣، لاپەڕە ٢٢٨ تا ٣٠٢.

١١ـ مەسەلەی خوڵقان لە لای کوردەکانی ئەهلی حەق: دەقی وتوویژ لە بیستو پێنجەمین کۆنگرەی خۆرهەلاتناسی، کە لە سێپتەمبەری ساڵی ١٩٦٠دا لە شاری مۆسکۆ بەستراوە. بەرگی دووەم، کۆمەڵە وتارو راپۆرتی زانستیی بیستو پێنجەمین کۆنگرەی خۆرهەڵاتناسان لە مۆسکۆ ساڵی ١٩٦٣. لاپەڕە ١٥٩ تا ١٦٨.

١٢ـ لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی یەکێ لە بەڵگە مێژووییەکانی کوردستان لە سەدەی دەیەمی کۆچیدا: قەباڵەی ئەنزلە، لەگەڵ نووسینە





مرۆڤناسی‌و مێژووییەکان. گۆڤاری ئاسیایی، پاریس، ١٩٦٣. لاپەڕە ٢٢٩ تا ٢٥٦.

١٣ـ ئەرمەنستان لە فۆلکلۆری کورداندا: گۆڤاری توێژینەوە سەبارەت بە زمان‌و مێژووی ئەرمەنەکان. خولی دووەم، بەرگی یەکەم، پاریس، ١٩٦٤. لاپەڕە ٣٢٧ تا ٣٧٦.

١٤ـ کوردیۆلۆجی‌و فێربوونی زمانی کوردی لە یەکێتیی سۆڤیەتدا: راپۆرتی زانستی لەگەڵ ئیندێکسی کتێبە چاپکراوەکان. گۆڤاری ئەتنۆگرافی، پاریس ١٩٦٣. لاپەڕە ٧١ تا ١٠٥.

١٥ـ صیادی ئیلاهی‌و شاهبازی ئەزەلی: سەردەمی دامیاری. دەقی گۆرانی لەگەڵ وەرگێڕان‌و لێکدانەوەو لێکۆڵینەوە دەربارەی (صیدی عیرفانی)و (زمانی دروی) لەگەڵ نووسینەکانی زمانەوانی. ویسپادن، ئەڵمانیا خۆرئاوا.

١٦ـ رازو نهێنییەکانی دەروێشایەتی لەگەل کورددا: لەگەڵ وەرگێڕانی نووسینەکانی دەربارەی (ئایینی حەقیقەت)ی حاجی نور عەلی شاهی ئیلاهی‌و لێکدانەوەکانی. پاریس ١٩٦٥ـ ١٩٦٦. لاپەڕە ٢٤٢.

١٧ـ (پەرستنە راستەقینەکان لە کوردستاندا)، لە نووسینی: ئیڤانۆف، لەندەن، ١٩٥٣.

**سەرچاوەکان:**

١ـ موکری، د. محمد: شاهنامەء حقیقت (تاریخ منظوم بزرگان اهل حق): اثر حاج نعمةالله جیحون ابادی مکری، متخلص بە مجرم، بخش اول، متن شاهنامه، تهران، قسمت ایرانشناسی، انستیتو ایران و فرانسه، ١٩٦٦م، دانشگاه پاریس.

٢ـ نصر، سید حسین: جشن نامه، هنری کربن، تهران، ١٩٧٧.

٣ـ زکی بگ، محمد امین: خلاصة تاریخ الکرد وکردستان (من اقدم العصور التاریخیة حتى الان)، ترجمة: محمد علي عوني. ط٢، سنة ١٩٦١. ج١.

٤ـ گۆڤاری هیوا. ژمارە ٦، ئابی ساڵی ١٩٨٧، پاریس. لاپەڕە ٥٧.





# هرمز خوداوەندی وەرگێڕان

## (پڕۆسەی تێگەیشتن لە تێگەیشتن)

**پێشەکی:**

لە فەرهەنگی میتۆلۆجیدا هرمز یەکێ بووە لە خوداوەندەکانی جیهانی ئەفسانەیی شارستانییەتی کۆنی گریک (یۆنانی کۆن). ئەم خوداوەندە پەیامبەری خوداوەندی ئۆلۆمپیا بووە، زمانی هەموو خوداوەندە نەمرەکانی زانیوە، چی بە بیریاندا هاتووە ئەم خوداوەندە زانیویەتی، وەریگێڕاونەتە سەر زمانی ئادەمیزادو مەبەستەکانیانی پێی گەیاندوون. بێگومان هەر کەسێ (ئیلیادە)[١٠]ی

[١٠] ـ ئیلیادە بە زمانی یۆنانی واتە (وڵاتی، یاخود خاکی یۆنانیەکان).

هۆمیرۆسو (ئینیادە)ی ڤەرجیلی خوێندبێتەوە دە زانێ، کە هرمز Hermes ئەو خواوەندە بووە، کە پەیامو نامەکانی (زیۆس)[11]ی گەورەی خوداوەندەکانی بە هەموو خوداوەندە نەمرەکانیتر گەیاندووە، پەیامو نامەی ئەم خوداوەندانەی تریشی گەیاندۆتە مرۆڤ. کەواتە هرمز ئەو تواناییەی هەبووە ئاسۆی بەرینو بێ سنوور تەی بکاو ببڕێو بیرو بڕیار لە ئاستی گەورەی خوداوەندەکانەوە بگەیەنێتە ئاستی خوداوەندە نەمرەکانو لە ئاستی خوداوەندە نەمرەکانەوە بگەیەنێتە ئاستی ئادەمیزاد.

ئەفسانەکان دەڵێن هرمز کڵاوزەڕێکی ئەفسوونیی لەسەرکردووە، پێیانگوتووە کڵاوزەڕی (هادیس)، هەر کاتێ لەسەری کردووە، لە چاو گومبووەو هەر کاتێ لایداوە هاتۆتە بەرچاو. جووتێ پێڵاوی لەپێ بووە، هەر کاتێ ویستوویەتی، باڵی پێ گرتووەو بۆ هەر شوێنێکی هەرە دوور بووە، پێی فڕیوە. گۆپاڵێکیشی بە دەستەوە بووە، هەر کەسێکی ویستبێ پێی خەواندووەو هەر کەسێکیشی ویستبێ لە خەو راپەڕاندووەو بە ئاگای هێناوەتەوە. ئەم خوداوەندە، نەک هەر مەودای نێوان ئاسۆکانی

[11]ـ ئەم وشەیە لە لای لاتین بووە بە (دییۆ)و لە لای فارس بووە بە (دیڤ)و لە لای کورد بووە بە (دێو).





بڕیوەو تەی کردووە، بەڵکو توانیویەتی مەودای نێوان دیارو نادیار، ئاشکراو پەنهان، خەونو ئاگایی، هەستو نەستیش ببڕێ. هرمز خوداوەندێکی جیوەیی بووە، خزاوەتە نێو خەونو ختوورە و سرووشو رامانو دۆش دامانو سەرسوڕمانو ئەفسوونو جادووو بیرەوەریو یادەوەریو پێشبینیشەوە. دزو جەردەیەک بووە، هەر شتێکی لە هەر شوێنێکدا پەی بردبێ، خێراو لەپڕ خۆی پێگەیاندووە، دووڕێیان نەبووە ئەم چەقی لێ نەبەستبێ، چیاو کێوو دۆڵو بیابانو دەریاو ئۆقیانووس نەماوە ئەم نەیگەیشتبێو چۆکیان بۆ دانەدابێ، بەختگرەوەیەکی بێ ئەندازە بلیمەت بووە، رێنمای گیانی مردووی مردووان بووە بۆ بردنیان بەرەو جیهانی دۆزەخو رێگاکانی مردنو ژیانی هەموو زانیوە، هرمز خوداوەندی هەموو سووچو کونو قوژبنو کەلەبەر بووە، خوداوەندی هەموو رێگاو ئاسۆو پانتایی بووە.

ئەم خوداوەندە لای گریکەکان بۆتە واتای لێکدانەوە (Hermeneia)[12] کە زاراوەی هرمنیۆتیکا (Hermeneutics) لێیەوە داهاتووە، کە لە زمانی کوردیدا دەقاودەق بە واتای (تیۆری لێکدانەوە) دێ.

[12] ـ لە زمانی عەرەبیدا ئەم وشەیە بە (تأویل) بەکارهاتووە، لە زمانی ئینگلیزیشدا بە (Interpretation) بەکارهاتووە.

ئەم تیۆرە بۆ ئەوە هاتۆتە کایەوە، کە ببێتە بوارێ بۆ لایەنێکی گرنگ لە لێکۆڵینەوە لە بیری مرۆڤایەتی، کە ئەویش (پرۆسەی تێگەیشتن)ە، واتە (تێگەیشتن لە تێگەیشتن)، بە تایبەتی تێگە یشتن لە دەق (Text).

بێگومان دیارە دەرکەوتووە، کە پەیوەندییەکی هێمایی تەواو لە رووی ئیتیمۆلۆجییەوە لە نێوان سروشتی هرمزی خوداوەندو سروشتی وشەی (هرمنیۆتیکا)، واتە لێکدانەوەدا هەیە. بۆیە لە پرۆسەی لێکۆڵینەوە لەم چەمکە، لە رووی مێژووی رۆشنبیریی مرۆڤایەتییەوە، ئەم زاراوەیە وا بە کارهاتووە ببێتە هونەری تێگەیشتنو لێکدانەوەی دەق.

لە راستیدا زاراوەی هرمنیۆتیکا لە سەردەمی (ئەفلاتۆن)ەوە بەکارهاتووە، بەڵام لە سەدەی نوزدەهەمو بیستەمو بیستو یەکەمدا بڵاوبۆتەوەو رێبازەکانی تێگەیشتن لە دەقە ئایینیو سۆفیگەری وێژەییو فەلسەفییەکۆنەکان بوونەتە بەشێ لێی. هەر لە سەرەتاوە ئەم زاراوەیە مەبەستی لێکدانەوە ی واتا هێمائامێزو نیشانەپەنهانو ئایینیەکانو سرووشو خەونو رەوانو ئەندێشەکانو هۆشو هۆشیاریو هەستو نەستو دواجار زمانو نهێنییەکانی بە گشتی بووە، تاکو گەیشتۆتە ئەو





رادەیەی پەل بۆ فەلسەفەی بوون (ئۆتۆلۆجیا)و زانستی جوانیش بهاوێژێ.

ئەستووی (مادەی) ئەو بابەتانەی (هرمنیۆتیکا) لێکۆڵینەوەیان لەسەر دەکا، هەموو ئەو دەقە کۆنانەن، بە تایبەتی دەقە پیرۆزەکان، کە لە زمانی ئارامیو یۆنانیو عبریو لاتینیو ئاوێستایی و سانسکریتیو عەرەبییەوە مێژوو هێشتوونیەتییەوە.ئەو دەقانەش بێگومان دوو خاسیەتیان تێدایە: یەکەم کۆنو دێرینو مێژوویینو دۆخی سەردەمانیان لە دۆخی سەردەمانی ئێمەوە نامۆیە، دووەم شوێنانیان لە شوێنانی ئێمە ناچنو دیسان هەر لە ئێمە نامۆن.

لە تیۆری لێکدانەوە (هرمنیۆتیکا)دا میتۆدی لێکۆڵینەوەی ئەو دەقە کۆنانەش سێ رێگایە، یەکەم: خوێندنەوەیان، دووەم روونکردنەوەیان، سێیەم: وەرگێڕانیان.

## لێکدانەوە بە واتای خوێندنەوە:

یەکەم هەنگاوی لێکدانەوەی هەر دەقێ، بە تایبە تی دەقێکی پیرۆز دەبێ لە رێگای خوێندنەوە دەست پێبکا، واتە شێوازێک (Context) بۆ لێکدانەوە دیاری بکا، کە ئەویش شێوازی خوێندنەوەی راستە وخۆ بێ. هەڵبەت ئەم جۆرە شێوازە لای گریکەکان

زۆر باو بووەو زۆر بەراستیان زانیوە. گریکەکان
مەبەستیان لە هەڵبژاردنی ئەو جۆرە ڕێگایە بۆ
لێکدانەوەی دەق بۆ ئەوە بووە، کە سەرنجی بیسە
ر، یاخود گوێگر بۆ ناوەڕۆکی زمانی دەقەکە
رابکێشن، نەک توێکڵی دەقەکە، چونکە بەم جۆرە
ڕێگایە گریکەکان لێکدانەوەیان کردووە بە جۆرێ لە
جۆرەکانی ئاخاوتن، کە لە ئاخاوتنیشدا وشە
دەبیسترێ‌و دەنگی دەبێ‌و لەرەو ئاوازو مۆسیقاشی
دەبێ. هەڵبەت لیریکو گۆرانی‌و شانۆو بەیتبێژی‌و
ڕەوانبێژی‌و قورئانبێژی هەموو ئەمانە لەو
سەرچاوەیەوە هەڵقوڵاون‌و داگەڕاون.

دەقەئاینییەکان چەندە پیرۆز بوون، بە
خوێندنەوەیان بە دەنگەوە هێند ئەوەندەی‌تر لە لای
مرۆڤ پیرۆزترو پڕ بەهاتربوون. شانۆ بەچێژتر
بووە، شیعر پڕخرۆشتر بووە، داستان مەزنتر
بووە.

هۆمیرۆس کاتێ، کە ئیلیادەی بۆ گوێگرانی
خوێندۆتەوە، بیسەرانی تەنها هەر وەک شاعیر،
یاخود بەیتبێژ تەماشایان نەکردووە، بەڵکو بە کە
سێکیان زانیوە لێکدانەوەدەربێ‌و نوێنەرێ بێ لە
لایەن ئەپۆڵۆی خوداوەندەوە بۆ مرۆڤ، کە
فەرموودەکانی ئاسمانیان بۆ لێکبداتەوە. کەواتە
هۆمیرۆس بە بیرو واتای سەرەتایی، تەنها هەر





شاعیرو بەیتبێژ نەبووە، بەڵکو لێکدەرەوە بووە،
لێکدەرەوەی هێما پەنهانەکانی ئەو ئەفسانانە
بووە، کە لە پێش سەردەمی خۆیەوە داهاتوون،
هۆمیرۆس خۆیشی هەر بەو کەسە زانیوە، کە
خوداوەند سرووشی بۆ ناردووە. کەواتە هۆمیرۆس
وەرگێڕی زمانی خواوەندەکان بووە بۆ مرۆڤ. دیارە
هەر لە سەردەمانی کۆنەوە هەرچی شاکارە
ئەدەبییەکان هەبووە، بۆ ئەوە داهێنراوە، کە بە دە
نگ بخوێنرێنەوە، هەڵبەت ئەم شێوازو نەریتە
تاکو سەردەمانی نزیکیش هەر بەکارهاتووەو بگرە
تاکو ناوەڕاستی ساڵانی سەدەی بیستیش لە
خوێندنگاکاندا (لە حوجرەی فەقێیان‌و لە
قوتابخانەکان) هەر پێڕەو کراوە. شایانی باسە، ئە
م شێوازی خوێندنەوەیە، (التجوید)، لە لای
قورئانبێژەکانمان تاکو ئێستاش هەر نەریتەو هەر
بە کارێکی پیرۆز دەزانرێ‌و بە بەشێکی گرنگ دە
زانرێ لە لێکدانەوەی دەقی پیرۆزی قورئان بۆ تێگە
یشتنی (undderstanding).

هەندێ لە تیۆرناسانی (لێکدانەوە) هۆکاری بە
کارهێنانی ئەو جۆرە ڕێگای لێکدانەوەیە دەگێڕنەوە
بۆ ئەوە، کە زمانی نووسراوە لە رووی هێزی
دەربڕینەوە هەمیشە بێهێزتر دەبێ لە زمانی
بیستراو. دەڵێن راستە، کە نووسینەوە زمانی لە

نێوچوون رزگارکردووەو لە فەوتان پاراستوویەتی، کە ببێتە بناغەی مانەوەی مێژووو ئەدەب، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بێ هێزو بێ پێزیشی کردووە. ئەفلاتۆن ئەمەی لە نامەی حەوتەمیدا بۆ (فایدرۆس) دەرخستووە، دەڵێ: "ـ هیچ زمانێکی نووسراوە نییە، بە بێدەنگ بانگ نەکاو بڵێ وەرمگێڕنەوە سەر شێوازە دەنگدارەکەم بۆ ئەوەی هێزی ونبووم بێتەوەبەر." کەواتە بە گوێرەی ئەم وتەیەی ئەفلاتۆن بێ، دەبێ پرۆسەی نووسین کاری نامۆکردنی زمان بێو دابڕینی بێ لە هێزە زیندووە کەی، کەواتە دیارە هەر لەبەر ئەوەیە، وشەی زمان لەلای زۆربەی زۆری میللەتانی دنیا لەو بەشە گرنگەی لەشی مرۆڤەوە خوازراوە، کە دەنگی لێوە دێتەدەر. زمان هەتا دەنگە جۆرە هێزێکی ئە فسوونیی هەیە، بەڵام، کە بوو بە شتی بینراو بە بێدەنگ، زۆر شت لەو هێزە ئەفسوونییەی لە دە ست دەدا. بێگومان لێردا مەبەستمان ئەوە نییە بگە ڕێینەوە ئەو سەردەمانەی، کە چالاکیی ئەدەب تیایدا بەیتبێژی بووە، هەروەها مەبەستیشمان ئە وە نییە، کە بڵێین، ئەدەبی نووسراوە نەگونجاوە، بەڵکو تەنها مەبەستمان ئەوەیە بڵێین، کە زمان لە بنەڕەتدا بە بیستنو گوێگرتن گەیەنراوە، نەک بە نووسینو مەبەستیشمان ئەوەیە بڵێین تێگەیشتن لە





زمان بە بیستنو گوێگرتن ئاسانتر دەبێ وەک بە نووسین. شایانی باسە، دیاردەی داهێنانی دەق بۆ خوێندنەوە لەو سەردەمەوە هاتۆتە ئاراوە، کە ئامێری چاپەمەنی داهاتووە. لەم سەردەمی خێراییە ی ئێستاشماندا، لەبەر کۆمەڵێ هۆکار، خوێندنەوە ی دەقی چاپکراو زۆر بە پەسەندتر دەزانرێ لە خوێندنەوەی دەق بە بیستن. بە بۆچوونی من ئایین هێشتا هەر خوێندنەوەی بەدەنگەوەی پەسەندکردووە، بەڵام زانستو پەروەردە تاکو بەرە وپێشتر بچێ، روو لەوە دەکا خوێندنەوە بکا بە بێ دەنگ.

## لێکدانەوە بە واتای روونکردنەوە:

دووەم هەنگاوی لێکدانەوەی هەر دەقێ دەبێ لە ڕێگای روونکردنەوەوە بێ. ئیتر لەم قۆناغەدا دەربڕین بۆ پرۆسەی تێگەیشتن لە دەق رۆڵی گەورە ی نامێنێ. ئیتر وشە دەنگی نامێنێ، بەڵکو تەنها روونکردنەوەی بۆ دەبێ. بەم قۆناغە هەر کەسێ دەتوانێ هەلوێستێ بنێ بە وشەی نووسراو لێکیبداتەوە. لەم هەنگاوەدا زمان زیاتر لە ژیان (بوون لە نێو ژیاندا)و داکەوت (جیهان) نزیکدەبێتە وەو لە ئەفسوونی پیرۆزیو لە هێمای ئەفسانە دووردەکەوێتەوە. لە شتێکیتر نزیکدەبێتەوە، کە دە

کرێ پێی بڵێین لێکدانەوەی میتافۆر (Metaphor)و جیناس (Polysemy)و وێنە (Image)و گێڕانەوە (Narrative). بۆ نموونە ئەگەر تەماشای هۆنراوەکانی (مەحوی) بکەین، دەبینین، بە خوێندنەوەیان، (مەحوی) زۆر شتی بۆ لێکداوینەتەوە، بەڵام هەمووی لێکدانەوەی میتافۆرییو جیناسو وێنەو گێڕانەوەن، دوورکەوتوونەتەوە لەوەی لە شێوەی دەقی ئایینی بچن، باس لە ئەفسانەو هێمای ئایینی ناکەن، بەڵکو باس لە (بوون لە نێو ژیاندا) دەکەن، واتە زمانی مەحوی بۆتە دەقی زمانی شیعریی بۆتە دەقی زمانی ئۆنتۆلۆجیو لەم زمانەوە لێکدانەوە (تأویل) دەنوێنێ، واتە لێکدانەوەی واتا، واتا بەو جۆرەی دەربڕەکە پێشبینیی بۆ واتاکە کردووە (for–Understanding). ئەم جۆرە تێگەیشتنە زیاتر لە دەقی سۆفیگەرییەکاندا دەرکەوتووە. ئەرستۆ ئەم جۆرە دەربڕینەی بە لێکدانەوە نەزانیوە، بەوەی نە زانیوە، کە پرۆسەی هەڵێنجاندنی واتای ئاشکرا بێ لە نائاشکراوە، بەڵکو بەوەی زانیوە، کە لۆجیک بێ. لۆجیکیش بەلای (ئەرستۆ)وە هەڵێنجاندنی واتایەکە لە بەراوردکردنی نێوان دوو ئاشکرا، نەک لە دۆزینەوەی ئاشکرایەک لە نائاشکرایەکەوە. ئاشکراکردن بە لای ئەرستۆوە، کە بناغەی





(هرمنیۆتیکا)یە، پەیامێ نییە میتافیزیکی بێو لە ئاسمانەوە داگەڕێ، بەڵکو پرۆسەی بیرکردنەوەی مێشکە. ئەڕیستۆ پرۆسەی لێکدانەوەی خستۆتە پێش پرۆسەی لۆجیکەوە. کەواتە بە تەواوی لە لۆجیکی جیاکردۆتەوە. بیرکردنەوەی لۆجیکی کۆتییهێنانە بە گەیشتن بە تێگەیشتن، واتە بوون لە قۆناغی پێشبینی(Pre–Understanding) )، بە لام لێکدانەوە بەو جۆرەیە، کە (نیچە) دەڵێ: "ـ هیچ راستییەک بوونی نییە، بەڵکو هەمووی لێکدانەوەیە."

### لێکدانەوە بە واتای وەرگێڕان:

سێیەم هەنگاوی لێکدانەوەی هەر دەقێ دەبێ لە (وەرگێڕان)ەوە بێ، واتە دەبێ بە پرۆسەی (وەرگێڕان)دا تێپەڕێو بۆ تێگەیشتن لێی، واتاکانی لە زمانێکی نامۆوە وەربگێڕێنە سەر زمانێکیتری نامۆ. (وەرگێڕ) پیشەی وەکو پیشەی هرمزی خوداوەندە، دەبێتە نێوەندی جیهانێکو جیهانێکی تر. وەرگێڕان ئاسان نییەو کارێکی ئامێردی نییە، کە تەنها دانانی کۆمەڵێ وشە بێ لە زمانێکەوە بە رامبەر بە زمانێکیتر، وەک لەم سەردەمەدا هەندێ بەرنامەی کۆمپیوتەری داهاتووە ئەو کارەی پێ دە کرێ، ئامێردانە وشەیەک بخرێتە بریی

وشەیەکیتر، چونکە وەرگێڕ نێوەندی دوو زمان نییە، کە فەرهەنگو وشەکانی سینۆنیمی یەکتربن، بەڵکو نێوەندی دوو زمانە، کە دوو جیهانی جیاوازیان هەبێ لە یەکتر.

وەرگێڕ دەبێ ئەوە بزانێ، کە زمان لێکدانەوەی بەرینی تێدا هەیە، لەبەر ئەوە، ئەو کەسەی کاری وەرگێڕان دەکا، دەبێ رۆشنبیریی بەرینی هەبێو هەستیاربێ بەرامبەر بەو لێکدانەوە بەرینە، تەنانەت ئەگەر یەک وشەش لە زمانێکەوە وەرگێڕێتە سەر زمانێکیتر. زمان گەورەترین گەنجینەی شارەزابوونی رۆشنبیریو شارستانییە. ئێمە هەموو لە نێو زماندا دەژین، بە چاوی زمانیش دەبینین. هەر وەکو هایدیگەر دەڵێ: "ـ زمان مرۆڤ دەڵێ."

با ئێمە نموونەی ئەوە بهێنینەوە، کە چۆن بوێرین دەقی پیرۆزی بایبڵ (پەیمانی کۆنو پەیمانی نوێ) وەربگێڕینە سەر زمانی کوردی[13] ئەمە بکەین بە نموونەیەک بۆ هەموو وەرگێڕانی دەق لە زمانەکانیترەوە بۆ زمانی کوردی. هەڵبەت (پەیمانی کۆن)[14] بایبڵ لە جیهانێکەوە ماوەتەوە،

[13] ـ شایانی باسە، بەشێکی کەم لە دەقی پیرۆزی بایبڵ وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

[14] ـ ئێمەی کورد تاکو ئێستا بە هەڵە بە تەورات ناسیومانە، ناونیشانە راستەکەی (پەیمانی کۆن)ە.





کە سەرەتاکەی بەر لە چوار هەزار ساڵەوەیە. هەروەها (پەیمانی نوێ)ی بایبڵ سەرەتاکەی بەر لە دوو هەزار ساڵەوەیە. بێگومان، چ بەر لە چوار هەزار ساڵو چ بەر لە دوو هەزار ساڵ، جیهانی هێندە لێمانەوە دوورن، لە رووی مێژووو شوێنو زمانەوە زۆر بە ئێستای ئێمە نامۆن، مەگەر هەر وەرگێڕێ دەرەقەتی بێ وەریبگێڕێ، کە هرمزی خوداوەند هێزو سرووشی خۆی پێ ببەخشێ. ئاسۆی تێگەیشتن لە جۆری دەقی پیرۆزی وەها بۆ وەرگێڕی ئەم سەردەمەی ئێستامان کارێکی وەها ئاسان نییە، تەنها ئەوە کەسێ زمانی عیبری، یاخود لاتینی، یاخود ئینگلیزی، یاخود زمانێکی ئەوروپییتر بزانێو قۆڵی بۆ هەڵماڵێو خامە بگرێتە دەستو دەست بە وەرگێڕانی بکا، بەڵکو دەبێ تەواو شارەزای مێژووی جوولەکەو یۆنانو مادو رۆمانیش بێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبێ وا شارەزا بێ، کە خۆی لەو سەردەمەدا ژیابێ، وەک هرمزی خوداوەندی ئەفسانەیی یۆنان بێ. تێگەیشتنو شارەزایی بست بە بستی ئاسۆی ئەو مێژووو زمانو کۆمەڵگاو شارستانییە کۆنانە بێ، کە (بایبڵ)یان لێوە هاتۆتە بەرهەم. لێکچوونی ئەو سەردەمانە بەم سەردەمە نەکا. تێگەیشتنی ئێمە بۆ شانۆگەرییەکانی سۆفۆکلێس، یاخود شیعرەکەی پارمینیدس

پێویستی بە تێگەیشتنی مێژووییش هەیە، نەک بە تەنها هەر لە زمان. واتە دەبێ وەرگێڕ لە پاڵ ڕۆشنبیریی لێکدانەوەی زمانی، دەبێ ڕۆشنبیریی مێژووییشی هەبێ.

# پەیوەندیی وەرگێڕان





# بە (پۆست کۆلۆنیالیزم)ەوە

یەکێ لەو کتێبە گرنگانەی دەربارەی زانستی وەرگێڕان تاکو ئێستا نەکەوتوونەتە بەردەستی خوێنەرانی کوردمان بە زمانی کوردی کتێبەکەی (دۆگلاس ڕۆبنسن Douglas Robinson)ە بە ناونیشانی (وەرگێڕانو ئیمبراتۆڕیەت: تیۆرەکانی وەرگێڕانی پاش کۆلۆنیالیزم Translation and Empire: Postcolonial Theories Explained)، کە لە ساڵی ١٩٩٧دا دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی (سانت جیرۆم) خستوویەتیە بازاڕی کتێبەوە.

نووسەری ئەو کتێبە لە پێشەکیدا نووسیویەتی، کە زۆر لە وەرگێڕانناسان بەوە ڕاهاتوون لەو گۆشەنیگایەوە بڕواننە ئەو کێڵگەیە، کە تەنها یەکێ لە دوو لایەنی دژ بە یەک هەڵبژێرن، یان وەرگێڕانی وشە بە وشە، یاخۆد وەرگێڕانی ڕستەی تەوا بە ڕستەی تەواو. واتە، بۆ ئەو بابەتە، یان ئەوەتا پەنا بەرنە بەر لایەنی زانستی زمان، یاخۆد پەنا بەرنە بەر تیۆری ئەدەب.

بەڵام (ڕۆبنسن)، ئەم کارەی لە کتێبەکەیدا هەر وا بە سانایی لێکنەداوەتەوە، بە تایبەتی پاش

ئەوەی زانایانیتر، لە دوای ئەو سەردەمە کلاسیکییەوە پەدابوون، بۆ نموونە، وەکو: (جۆلیان هاوس)، کە ساڵی ١٩٧٧ جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕانی (ئاشکراو راستەوخۆ)و وەرگێڕانی (باوەرپێهێنەر)دا دەرخست. یاخود وەکو: (لۆرانس ڤینۆتی)، کە ساڵانی ١٩٨٦و ١٩٩٥ وەک رۆمانتیکیەکانی ئەڵمان جیاوازیی لە نێوان وەرگێڕان بە هێشتنەوەی گیانی بێگانەیی دەقو نێوان وەرگێڕان بە گۆڕینی دەق لە گیانێکەوە بۆ گیانێکیتردا دەرخست. هەر وەکو (فرێدریک شلایماخەر) ١٨١٣ دەڵێ: "جیاوازی لە نێوان راکێشانی خوێنەر بۆ لای نووسەرو راکێشانی نووسەر بۆ لای خوێنەر."

هەڵبەت ئەم کێشەیە لەم ساڵانەی دواییدا تەواو پەرەی سەندووەو بۆتە کێشەیەکی ئاڵۆز لە نێوان هەوڵی نزیککردنەوەی پرۆسەی وەرگێڕان لە زانستی زمانەوەو هەولێ نزیککردنەوەی لە زانستی ئەدەبەوە، بە رادەیەک، کە لێکۆڵەرانی زمان زانستی دەروونیی زمانیان دۆزیوەتەوەو لە رووی بیریشەوە شیانکردۆتەوە، بەڵام لێکۆڵەرانی ئەدەبی، بوونەتە زاناو فەیلەسووفی لێکدانەوەگەری (تەئویلی)و لە روانگەی فەلسەفییەوە، نەک دەروونییەوە تەماشای





پرۆسەی وەرگێڕان دەکەن. لەوانە، کە ناسراون ئەم کارە دەکەن: (واڵتەر بنیامین)و (مارتین هایدیگەر)و (جاک دریدا)ن.

بەڵام، ئەوەی شایانی باسە، ئەو جیاوازیو لایەنییانەی کاری وەرگێڕانە، تەنها هەر لەو مشتومڕەدا نەوەستاوەتەوە، کە ئایا بەرەو چ ئاستێ ببرێ، بەرەو ئاستی وەرگێڕانی وشە بە وشەو زمانناسیی دەروونی، یاخود بەرەو ئاستی وەرگێڕانی رستە بە رستەو زمانناسیی فەلسەفیو لێکدانەوەگەری.! بەڵکو لەو ئاستانەش تێپەڕیکردووەو گەیشتۆتە ئەوەی لێکۆڵینەوەی وەرگێڕان بخرێتە توێی ئانترۆپۆلۆجیو ئەتنۆگرافیو تەنانەت مێژووی (کۆلۆنیالیزم)و (پۆست کۆلۆنیالیزم)یشەوە. یاخود پەیوەندیی وەرگێڕان بە ئیمپریالیزمەوە.

هەڵبەت ئەم روانگە زۆر تازەیەی سەبارەت بە وەرگێڕان، بە هۆی کاریگەریی بیری ئەنترۆپۆلۆجیستەکانو ئەو مێژوونووسانەوە داهاتووە، کە لەم ساڵانەی دواییدا بە گرنگییەوە ئاوڕیان لە کێشەی پێکدادانو ململانێو چارەنووسی کەڵچەری ئایینیو ئایینزاییو نەریتیو نەتەوەییو رووناکبیری شارستانەتە جیاجیاکان داوەتەوە.

كەواتە لەم سەردەمە (پۆست كۆلۆنیالیزم) بە دواوە وەرگێڕان دیارە ئەركی تەنها هەر ئەوە نەبێ شیعرێ، یان چیرۆكێ، یان شانۆگەرییەك یان وتارێ لە زمانێكەوە بكا بە زمانێكیتر، بەڵكۆ رەنگە ببێتە رۆڵێكی گرنگ لە ئاراستەكردنی چارەنووسی مێژووی بیرو ئایدیۆلۆجیەتی نەتەوەكانو شارستانیەتەكانی، كە ئێستا لە ئارادا هەن، كە ناویان لێنراوە شارستانیەتیەكانی (پۆست كۆلۆنیالیزم). بە تایبەتی لە رووی تێگەیشتنەوە، لە رووی ئەنترۆپۆلۆجیو ئەتنۆلۆجییەوە لەو نەتەوانەی، كە هێشتا بە تەواوی بەرهەمە رۆشنبیرییەكانیان لە زمانەكانی جیهانی سێیەمەوە وەرنەگێڕراونەتە سەر زمانەكانی جیهانی یەكەم.

هەڵبەت وەرگێڕان لە سەردەمی كۆلۆنیالیزمدا لە یەكێ لە ئامانجو مەبەستەكانی بۆ ئەوە بەكارهاتووە، كە كاری داگیركەران ئاسانتر بكا بۆ داگیركردنی گەلانی بندەستو شێوازی فێركردنو پەروەردەش بگۆڕێ بۆ ئەو ئاقارەی وڵاتە داگیركەرەكە دەیەوێ. بەڵام لەپاش ئەو قۆناغەوە، واتە بە داهاتنی قۆناغی پوست كۆلۆنیالیزم، ئامانجی وەرگێڕان بوو بەوەی هەوڵ بدرێ رێبازو





شێوازیتر بۆ بەرهەمهێنان بۆ ئایندەی مرۆڤ بدۆزرێتەوە.

بێگومان رۆڵی وەرگێڕان بۆ داهێنانی ئیمپریالیزمو بۆ لەنێوبردنیشیو بۆ دروستكردنی ئەم سەردەمەی ئێستاشمان كاریگەریی روونو ئاشكرای نیشانداوە. بۆ نموونە: (ڤایسنت رۆفاییل) ئەوەی نیشانداوە، كە چۆن وەرگێڕان بۆتە كەناڵێكی گرنگ لە قازانجی هێزە بەرگرییەكانی دژی ئیمپریالیزم.

مێژووی رۆڵی وەرگێڕان وەك پەیوەندیی گرنگی بە ئیمپریالیزمی جیهانییەوە لە نێوەڕاستو كۆتایی ساڵانی هەشتای سەدەی بیستەمەوە دەستی پێكردووە، بەو بیرو روانگەیەی، كە وەرگێڕان هەمیشە كەناڵی گرنگ بێ بۆ هێرشو پەلامارو داگیركردنی گەلو وڵاتانی بێ هێز. گرنگیشی بۆ ئەوە بووە، كە ببێتە ئامرازێ بۆ ئاسانكاری لە پەیوەندیی نێوان داگیركەرانو گەلانی داگیركراو بە هەموو شێوازەكانییەوە. نەك هەر ئەوە، بەڵكو بۆ ئەوەی بە وەرگێڕان یارمەتییان بدرێ، رێو شێوازی نوێترو چاكترو ئاسانتر بۆ مەبەستی داگیركردن بدۆزنەوە، یاخود داگیركەران بەو رێگایە بتوانن یارمەتیدەرانو لایەنگرانو سیخوڕانو جاشو خۆفرۆشان لە خۆیان نزیك بكەنەوە. بۆ نموونە:

لە سەرەتای سەردەمی جەنگی جیهانیی یەکەمدا پێشکاروانی ئەو ئەفسەرو سەربازانی وڵاتی داگیرکەری ئینگلیز بۆ کوردستان ناردبوونی زۆربەیان پسپۆڕو شارەزاو کارمەندی تایبەت بوون لە بواری تۆپۆگرافیو ئەتنۆگرافیو ئەنترۆپۆلۆجیو بەرەمەند بوون لە زماندا، کە یەکەم هەوڵیان ئەوە بووە، بە خێرایی فێری زمانی ناوچەکانی کوردستان ببنو ئاسانتر بتوانن خۆیان لە ئاغاو بەگەکانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان نزیک بکەنەوەو ببنە دۆستو هاوڕێیان، کە (مێجەر سۆن) هەرە باشترین نموونەیانە. بەرامبەر بەوەش ئەو کارە رۆڵی کاریگەریی هەبووە بۆ پێگەیاندنی هەندێ لە پیاوانی کورد، کە بتوانن فێری زمانی ئینگلیزی ببنو تەنانەت هەر بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی بیشیاننێرنە وڵاتی ئینگلترا. بۆ نموونە کەسایەتییەکی وەکو تۆفیق وەهبی، کە بە بۆچوونی من دانانی (رێزمانی زمانی کوردی)یەکەشی هەر وا (لەخۆڕا) نەبووە. من دەڵێم هەر (لەخۆڕا)ش نەبووە، کە کەسانی وەرگێڕی لەو جۆرە، لەو قۆناغە مێژووییەدا بچنە بوری رامیارییەو ئەو رۆڵەش ببینن، کە رامیارانی ئەو سەردەمانە دەیانبینیو ئەرکیان دەبوو لە خزمەتی کاری رامیاریو نەتەوەیی وڵاتو نیشتمانەکەیان





بن، نەک لە شێوەی ئەو سەردەمانە کۆنتر کە کەسانی وەرگێڕ بۆ وەرگێڕانی شاکارو دەقی فەلسەفیو ئەدەبی دەیانبینی.

کەواتە، لە قۆناغی کۆلۆنیالیزندا کارو رۆڵی وەرگێڕان وەکو پێشتر لەو قۆناغە بۆ لایەنی زمانەوانیو دەقی رووت نەبووە، کە لە سەردەمی کلاسیکییەوە، کەسانی وەکو شیشرۆنو هۆڕاسو بلینیو کوینتلیان دایانهێناوە.

لە ساڵی ١٩٧٥دا جۆرج شتاینەر لە کتێبەکەیدا (دوای بابل)، کە باسی رۆمانتیکەکانی ئەڵمانی کرووە، هەر لە (یۆهان ئۆلف فۆن گۆتەوە تا دەگاتە مارتن هایدیگەر، گەیشتۆتە ئەو ئەنجامە، کە وەرگێڕان بەلایەوە جەنگو هێرشو پەلاماردانو بەدیلگرتنو تاڵانیکردن بێ.

بەڵام کاتێ، کە قۆناغی پۆست کۆلۆنیالیزم داهاتووە، کێڵگەیەکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەی تیۆری رووناکبیریی هەمە لایەن هاتۆتە ئاراوە، کە بناغەکەی ئەنترۆپۆلۆجیو سۆسیۆلۆجیو رەگەزناسیو کەمایەتیناسیو رەخنەی ئەدەبیو مێژووو شیکاریی دەروونیو رامیایو زمانناسیو فەلسەفەن. بە واتایەکیتر جۆرە رەخنەگرانێ هاتوونەتە ئاراوە، کە دەتوانین ناویان لێ بنێین (رەخنەگرانی رووناکبیری). نەک بۆ دەمەتەقێ

(Discuorse)ی ڕووناكبیریانە، بەڵكو بۆ قووڵكردنەوەی ستراتیجیی ڕەخنە. بێگومان تیۆرناسانی ڕووناكبیری زۆرجار هەست دەكەن، لقو بەشەكانی زانستی ئاكادیمی بەربەستو ڕێگر دەبن لە بەردەم ڕەخنەی ڕووناكبیری، كە دەبنە هۆی دابڕینی بیرمەندەكان لە بەشی نوێترو ڕێبازگەرییتر. بە جۆرێ، كە بۆتە هۆی ئەوەی نەكرێ كۆمەڵناسێكو ئەدیبێك پێكەوە بە ئاسان گفتوگۆ لەسەر بابەتێ بكەن، واتە یەك پەیڤیان لەسەر بابەتێكی هاوبەش هەبێ، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بۆیان دەركەوێ، كە هەر هەمان بابەت دەخوێننەوە. بە تایبەتی ئەو بارە دەخوێننەوە، كە بۆتە هۆی سەپاندنی دەسەڵات بەسەر بیرو هۆشو پەنهانو فێڵی جۆراوجۆر لە لایەن كۆلۆنیالیزمەوە.

ڕەگی لێكۆڵینەوەی پۆست كۆلۆنیالیزم لە كۆنەوە لەلای بیرمەندە ڕادكاڵە ڕۆژئاواییەكانەوە دەستی پێكردووە: (كارڵ ماركس، فرێدریك نیچە، لوی ئەڵتۆسێر، فرێدریك جێمس، جاك دێریدا، میشێل فۆكۆ، ئێدوارد سەعید)، ئەمانە، كە تێكشێوانو تێكشكانیان لەو بیرو بۆچوونو تیئۆرە نەریتییانەدا كرد، كە پەیوەندییان بە زانین (معرفة)ەوە هەیە.





جیان بڕاكاش، كە خاوەنی كتێبی (لێكۆڵینەوە بەراوردكارییەكانی سەبارەت بە كۆمەڵگاو مێژوو)ە، یەكەم هۆكاری بۆ ئەو تێكشێواندنو تێكشێواندنە داهاتنی مێژووی ئۆڕیەنتالیزمە. واتە خوێندنەوەیەكی نوێی ئەو دەوڵەتو گەلو نەتەوە بندەستانەی وڵاتانی كۆلۆنیالیستەو بەراوردكردنیانە بەوەی، كە بوونە كۆرپەی لەدایكبووی ئەوروپا. بەڵام شایانی باسە، كە هۆكاری دووەم بۆ لەدایكبوونی سەردەمی پۆست كۆلۆنیالیزم، لەدایكبووی مێژووی نژادگەریی نەتەوەیی ئەو میللەتە ژێردەستانە بووە، كە ئامانجیان بۆ دۆزینەوەو وەرگرتنەوەی پێناسەی گیانی ئەفسانەیی نەتەوەگەری بووە. ئەم تەقەللاو هەوڵدانە بۆ مەبەستی دۆزینەوەو وەرگرتنەوەی ئەو جۆرە پێناسەیە بووە هۆی نەفرەتكردن لە ئایدیۆلۆجیاو داهێنانی بونیادگەری (كلود لیڤی شتراوسو گاستۆن باشلار)و پۆست بونیادگەری (جاك دێریداو میشێل فۆكۆ). لە پاشاندا بانگەوازی ڕووناكبیرانە بۆ نەهێشتنی گوتاری دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیو داوو دەزگای حزبیو پۆلیسیو عەسكەرتاری بەسەر زانین (معرفة)دا.

بێگومان ئەو بانگەوازە بۆ نەهێشتنی گوتاری دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیو توندڕەویی مادیو

مەعنەوی لە ئەڵمانیا لەلای (نیچە)وە بووە، لە کتێبەکەیدا (جینیۆلۆجیی ڕەوشت) (١٨٨٧). دوای ئەوە لای (فۆکۆ) لە (پشکنینو سزا)دا بۆتە گوتاری شارستانیو ڕووناکبیریی پۆست کۆلۆنیالیزمەکان بۆ دامالینی پەردەی سیستەمی دەسەڵاتی ساختەییو نارەوشتی لە فەرەنسادا.

لە ڕاستیدا (نیچە) کەسێکی تەوەری بووە لە تیۆریی پۆست کۆلۆنیالیزم، کە فۆکۆو دێریدا قوتابیی ئەون. بە تایبەتی لە باسکردنی مەسەلەی خەفەکرنی هێزی شاراوەی ڕووناکبیریی مرۆڤایەتی. جگە لەوە کاریگەریی نیچە گەیشتۆتە ئەوەی زاراوەی دیاسپۆرا (Diaspora)، واتە پەرشو بڵاوکردنەوە بێتە نێو فەرەنگی ڕووناکبیرییەوە نەک بە واتای دابڕانی ڕەگەزە جیاجیاکان لە یەکتر، بەڵکو بە واتای جیاجیاییو تێکەڵبوون، کە ئەم بۆچوونە لەو ڕاستییەوە هەڵقوڵاوە، زۆربەی گەلانو میللەتانی جیهان لە یەک شوێنەوە هاتوونو ئێستا لە ناشوێنیدان. ئەمە ئەوەش دەگەیێنێ، کە لەم سەرزەمینەدا هیچ ئادەمیزادێ نییە، کە ڕەگەزی کولتووریو فەرهەنگیو ڕۆشنبیریی وەک خوێن خاوێن بێ. ئەم قسەیەش بێگومان تیۆری هەر کەسێ پووچەڵ دەکاتەوە، ئەگەر بڵێ: "میللەتێ لەم سەرزەمینەدا





هەبێ ڕەگەزی خوێنی خاوێنی هەبێ!." ئەمە هەروەها ئەوەش دەگەیێنێ، کە مرۆڤ ناو بە ناو لە بارو دۆخێکی ڕۆشنبیرییەوە دەچێتە بارو دۆخێکی ڕۆشنبیرییترو خۆی لەگەڵ نوێیەکەدا دەگونجێنێ. وایە خوێنێکی تازەتر لە کۆنەکە وەردەگرێو تێکەڵ بە (شوێن)ێکی ناوچەیی جیاواز لەوەی پێشووی دەبێ. ئیتر لەمەوە سنوور بۆ ناوچەیی نامێنێو هەر زمانێ لە هەر ناوچەیەکدا بەکار بێ، ئەو زمانە دەبێتە بەشێ لە زمانی جیهانیو نرخو بەهای ڕووناکبیریی جیهانیی خۆی دەبێو لە ژێر دەسەڵاتی ئایدیۆلۆجیو سیاسیو مەزهەبیو حزبیو پەروەردەییو تەنانەت ئابووریش دەردەچێ. کەواتە ڕۆشنبیریی (داسپۆرا) لە پۆست کۆلۆنیالیزمدا دەبێتە ڕۆشنبیرییەکی جیهانی تێکەڵوەشاوو تێکەڵبووی بەردەوام. دەبێتە ئاوارەو پەناهندەو لە نێو خەڵکە نامۆکاندا دەژیو لە دەرگاوە دەچێتە ماڵەکانیشیانەوە. کاریگەریی لەسەر هەموو شوێن دەبێو لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا دەبینرێو دەبیسترێ. دەبێتە ڕووناکبیریی سنووریی جیهانی. ئەمە ئەوەیە، کە دیاردەی گلۆبالیزەیشنی لێوە پێکهاتووە.

لێرەوە بۆمان دەردەکەوێ، کە ئامانجی بزووتنەوەی وەرگێڕان لە سەردەمی پۆست

کۆلۆنیالیزمـــدا هـــەرگیز لـــەوەی ســـەردەمی کۆلۆنیـالیزم نـاچێ. واتـە وەرگێـڕان بـە شـێوازە باوەکەی (نەریتییەکەی) مەحاڵ دەبێ لـە سـەردەمی پۆست کۆلۆنیالیزم، بەڵام لە بریی ئەوە سەردەمی وا دەبێتــە شــانۆیەکی یــاخۆد گۆڕەپــانێکی زۆر قـەرەباڵغ لـە وەرگێـڕان. واتـە لـەم دیاردەیـەوە وەرگێڕان، هەروەکو دۆگلاس رۆبنسن دەڵێ: "لەوەدا نامێنێتەوە، کە تەنها ئەرکی گواستنەوەی واتا بێ، کـــە وەرگێڕەکـــان لەســـەر دەقـــە زمانیـــەکان تاقیکردنەوەی تیادا بکەن، بە پیشەو بە شارەزایی زمانــەوانیو رۆشــنبیریی نەتــەوەییو ناوچــەیی، بـەڵکو ئـەرکی وەرگێـڕان گـۆڕاوەو بۆتـە بناغـەی بەشێکی زۆر لە پەیوەندیی ئاسایی رۆژانەو بـازاڕی ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی.





# ئەپۆریای هێرمۆنیتیکاو پەردەی زمان
# هونەری تێگەیشتن لە دەق

ئـەپۆریا (aporia)ی[٦] هێرمۆنیتیکا بـەو جـۆرەی، کــە (پــۆڵ ریکــۆر) تێیــدەگا، ئەپۆریایەکــە لــە سیمیۆلۆجیاوە دەست پێدەکا، تا دەگاتە راڤەکردن (explanation)و تێڕامانی ئایینی.

هێرمۆنیتیکــا بــەلای (پــۆڵ ریکــۆر)ەوە تیــۆری پڕۆسەی تێگەیشتنە (undestanding)و پەیوەندیی تێگەیشــتنیش بــە لێکدانــەوە (interpretation)ی دەقەوەیە. لێکدانەوەی دەقیش بەلایـەوە راڤـەکردنی ناگەیــەنێ. یەکــەم هــەنگاوی هێرمۆنیتیکــا، واتــە یەکەم هەنگاوی تیۆری پڕۆسەی تێگەیشتن لە دەق، ئەوەیە، کە پەردە لەسـەر (زمـان) هەڵـدەماڵێ، بـە تایبەتی زمانی نووسراو، کـە دەشـێ بـە زیـاتر لـە جۆرێ لێکبدرێتەوە، واتە زیاتر لە یەک نـاوەڕۆکی هەبێ. بە واتایەکیتر، دەشێ ئاماژە بـێ بـۆ زیـاتر

---

٦- ئاپۆریا: وشەیەکی گریکییە بە واتای کێشەی گەورەی بێ چارەسەر دێ.

لە یەک مەبەست. تەنها یەک وشە، رەنگە چۆن ئەتۆم رەفتاری هەیە، لە هەر دۆخێکدا جۆرە کارێ دەنوێنێ، ئەمیش وەها بە پێی هەر جۆرە هەست (sensitivity)و جۆرە نەستێ، هەر جۆرە کاتو هەر جۆرە شوێنێ، بە جۆرێ واتا ببەخشێ. واتە (وشە)ش وەک ئەتۆم، بە پێی شوێنی لە دارِشتندا، رەفتاری سایکۆلۆجیی هەیەو یەک لایەنە کرداربەخش نییە. ئەمە دەمانگەیەنێتە ئەوەی زمان ئاپۆریای لێکدانەوەی هەبێ، نەک ئاپۆریای راڤەکردن. ئاپۆریای لێکدانەوەش ئەوەیە، کە چۆن بتوانین لە فەرهەنگی زمان دروستکردندا واتای وشەیەک بدۆزینەوە، کە بە تاقە یەک واتا لێکبدرێتەوەو ئاماژە نەبێ بۆ دوو جۆر مەبەست (univocity)، بۆ نموونە وشەی (رادان) ئاماژە نەبێ بۆ دوو جۆر واتا: ١ـ دەنگدان. ٢ـ راماڵیین. چونکە پێشگری (فۆنیمی) را لە نێو زمانی کوردیدا، وەک لە نموونەی دووەمدا هاتووە، بۆ جووڵە بەکار دێ. بەڵام لە نموونەی یەکەمدا بۆ جووڵە بەکار نایەت، بەڵکو بۆ شتێکیتر بەکاردێ، کە لە زمانی کوردیدا نییە، بەڵکو لە زمانی عەرەبیدا هەیە، کە لە بنەڕەتدا وشەی (رأي)یە، واتە چاوگی بینین. ئێمەی کورد ئەگەر بێتو بە راستی لێکی بدەینەوە، لەلامان دەبێتە (بینیندان)، نەک





(دەنگدان). بێگومان (بینین) ئاماژەیە بۆ مەبەستێکو (دەنگ)یش ئاماژەیە بۆ مەبەستێکیتر. ئیدی ئەگەر بێتو لە زمانی کوردیدا بەم جۆرە وشەیە بۆ نێو فەرهەنگی کوردیمان داتاشرابێ، ئەوا دیارە هەر لە ئێستاوە خۆمان لە خوێندنەوەی ئەو دەقی هۆنراوە عەرەبییانە بپارێزین، کە زۆرجار بۆمان کراون بە زمانی کوردی، چونکە دەقی هۆنراوە بە پێی تیۆری پرۆسەی تێگەیشتن، پڕە لە ئاپۆرای لێکدانەوەگەریی هەستیاری.

شلایماخەر لەم بارەیەوە دەڵێ: بۆ خوێندنەوەو پاشان بۆ لێکدانەوەی هەر دەقێ، پێویستمان بە هونەری تێگەیشتن هەیە ( Art of Understanding). هەروەها پێویستمان بەوەیە ئاستی راڤەکردنو فیلۆلۆجی (زانستی بەراوردە زمان)ی دەقە ئاینییەکان بەرز بکەینەوە بۆ رادەی چەشنێ لە تەکنۆلۆجیا، کە کاری تەنها کۆکردنەوەی ئەو کۆمەڵە پرۆسانە نەبێ، کە بەیەکەوە نەگونجاونو ئێمە بێین پێکەوە بیانگونجێنین. دەبێ، هەروەکو (کانت) دەڵێ: هەموو کاتێ باوەڕمان بەوە نەبێ، کە بتوانین بە تیۆری زانین (ئێپستمۆلۆجی) لە تیۆری بوون (ئۆنتۆلۆجی) تێبگەین.

كەواتــە لــە هــەر شـوێنێكدا بــە هەڵــە تێگەیشـتن هــەبێ، هێرمۆنیتیكـاش هەیــە. واتــە هێرمۆنیتیكـا ڕێبازێكە بۆ تێگەیشـتن، بــە واتایــەكیتر، هونــەری تێگەیشتنە.





# ماتماتیكی زمانی هۆنراوی كوردی

**پێشەكی:** (**پێناسەی عروضو برگە**):

گومــان نییــە، كــە وشــەی (عـروض) وشــەیەكی عەرببیە. وشەیەكی (كۆ)یەو (تاك)ەكەی (عـرض)ە، كە بە واتـای (نیشـاندان ـ پێشـاندان ـ دەرخسـتن ـ خستنەڕوو ـ دەربڕین، هتد...) بەكار دێ. پێویست بــە ســەلماندنیش ناكــا، كــە ئــەم وشــەیە عــەرەبی نــەبێو لــە زمـانێكی دیكــەوە، وەك فارسـی یـاخود تـوركیو هتـد..ەوە وەرگیرابـێ. چونكـە لـە وشـەی (عـــرض = عـــروض)دا پیتـــی (ض = ضـــاد) بـەكارهاتووە، كـە لـە هـیچ زمـانێكیتردا جگـە لـە عەرەبی نییە. هـەر لەبـەر ئەوەشـە، كـە بـە زمـانی عەرەب دەگوترێ زمانی (ضاد).

ئیدیۆمێكیتریش هـەر لـە (عروض)ەوە وشەسـاز كراوە، كـە ئـەویش ئیـدیۆمی (عروضـیون)ە، واتـە ئەوانەی پەیوەندییان بە باسی (عروض)ەوە هەیـەو لێـی دەكۆڵنـەوەو پسـپۆڕیی تیـادا دەكـەن. كەواتـە (عروضـیون) بـە زمـانی ئێمـە (عـروض) ناسـەكان

دەگرێتەوە. هەڵبەت ئەم وشەیەش (عروض) لە واتادا دوو مەبەستی زمانەوانی دەگەیێنێ، یەکەم: ئەو شتانەی پێشان دەدرێنو دەخرێنە رووو دەردەبڕرێن، دووەم بۆ مەبەستێکی کێشو پێوانەی هۆزان بەکارهاتووە. ئیتر ئەم ئیدیۆمە عەرەبییە بەرە بەرە لە زمانی هەندێ میللەتانیتریشدا وەک فارسو تورکو کورد وەکو زانستێکی سەربەخۆ لە ئەدەبو هونەری هۆزانیاندا جێگیرکراوە.

ئێمە گەر پرسیاری ئەوە بکەین، کە ئایا کێشو رەزمو پێوانی هۆزانی کوردی لە کوێوە هاتووەو یاخود سەری هەڵداوە؟ ئەوە بێگومان دەمانباتە بەر توێژینەوەو لێکووڵەوەیەکی ئەدەبی – مێژوویی تایبەتو سەربەخۆ، لەم باسەماندا ناکرێ جێگای بە سانایی بۆ بکەینەوە. بەڵام ئێمە دەمانەوێ لێرەدا ئەوەمان بۆ دەرکەوێ، کە ئایا کێشی هۆنراوەی کۆنی عەرەبی بووە بە نموونەو سەرمەشقی هۆنراوەی کوردی یان نا؟ هەڵبەت ئێمە ئەگەر کێشی هۆزانی خۆمان هەر لەسەردەمەکانی (باباتاهیری عوریان*ەوە (٩٣٥-١٠١٠ز) لە (عروض)ی عەرەبییەوە وەرگرتبێ، ئەوا بێگومان هەر دەبێ سەردەمێ پێشتر هەبووبێ، کە هۆنراوەی کۆنی کوردی لە قۆناغێکی پێشتر لە قۆناغی (عروض) بووبێ. واتە بەر لە پەیدابوونی (عروض)و





بەکارهێنانی وەک یاسای کێش لە هۆنراوەی کوردیدا، یاسای کێشیتری بۆ هۆنراوە هەبووبێ.

ئەگەر تەماشای مێژووی هۆزانی میللەتانی دەوروبەرمان بکەین، وەک فارسو تورک، دەبینین بە تێکڕا یاساو سیستەمێکی هاوبەشیان تا رادەیەک لە نێواندا هەیە، لە شێوەی دانانی، یاخود هۆنینەوەی هۆنراوەکانیان. بناغەی ئەو یاساو سیستەمەش، کە رەزمە (ریتم)، کە لە زمانی عەرەبیدا ناوی لێنراوە (ئیقاع)، یاخود (بحر = بحور)، کە مەبەستەکەی کێشی هۆزانە لە (عروض)دا.

(رەزم) مرۆڤی سەرەتایی لە بۆنەو کەشەکانیدا، بەر لەوەی مۆسیقا دابێ لەگەڵ سەمای سەرەتاییدا بەکاری هێناوە. ئەمەش بێگومان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە کوردیش وەکو میللەتێکی (نەتەوەیی) زیندوو لەو سیستەمە جیانەبۆتەوەو بێبەش نەبووە. بە واتایەکیتر، بەر لەوەی (عروض)ی هۆزانی عەرەبی داهاتبێ، کورد هۆزانی خۆی لەسەر بناغەی ئەو سیستەمە داناوە، کە لە رەزمو کێشدا لەگەڵ میللەتو نەتەوەکانی تردا هاوڕەنگو هاوڕەنگییان هەیە. بەڵام بە کام ئیدیۆم ناوی لێنراوە؟ واتە ناوی چی بووەو چیی

پێگوتراوەو بووە بە چیو ئێستا چیی پێدەگوترێ؟ ئەوەیان دیسان باسێکی ترە.

ئێمە لێرەدا تەنها ئەوە دەبێژین، کە کورد هەروەکو فارسو تورکو.. هتد بە هۆی هاتنی دەسەڵاتی ماددیو رووحیی ئیسلامەوە، کە عەرەبەکان پێشڕەوییان کردووە، بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیانی ئەو سەردەمەی میللەتانیتر وەک فارسو کوردو.. هتد، لە رووی ئابووریو فەرهەنگیو کۆمەڵایەتییەوە، وشەی (عروض)ی ناسیوەو ئەوجا دەقاودەق شاعیران فێری یاساکەی بوونو لەسەر رێبازی هۆزانی کلاسیک (عەمودی) هۆنراوەیان داناوەو پێڕەوی ئەو شێوە کێشە هۆزانییەیان کردووەو تاکو ئێستاش هەندێ لە شاعیرانمان پێڕەوی دەکەن. ئیمڕۆ شان بە شانی یاسای (عروض) لە هۆزانی کوردیدا یاسای بڕگە هەیە، کە بە پەنجە دەژمێررێ. بە بڕوای من ئەم جۆرە یاسایەش سەرچاوەکەی فارسییەو ئێمەش راستەوخۆ لە فارسەکانەوە وەکو زانست وەرمانگرتووە.

شیاوی باسە، ئێمە تاکو ئێستا بە تەواوی بۆمان روون نەبۆتەوەو نەسەلمێنراوە، کە هۆزانڤانی کورد ئایا ئەو (عروض)ەیان راستەوخۆ لە عەرەبەکان خۆیانەوە وەرگرتووە یاخود





ناڕاستەخۆ لە رێگای فارسەکانەوە وەرگرتووە؟ کە ئەمەش دیسان هەر باسێکی دییە، چونکە ئەو باسەی ئێمە لێرەدا دەمانەوێ بیکەین ئەوەیە، کە ئایا بڕگە، یاخود (عروض) چییەو ماتماتیکی بڕگەو (عروض) لە هۆنراوەی کوردی چۆن دەبێ؟

بڕگەو (عروض) خۆی لە خۆیدا لقێکی سەربەخۆیە لە زانستی ماتماتیکی هۆنراوی زمانو دەتوانرێ بەم سێ بەشەی لای خوارەوە دیاری بکرێ:

١ـ دەنگ (صوت).
٢ـ بڕگە (ئیقاع).
٣ـ کێش (وزن).

## بەشی یەکەم: دەنگ (صوت):

سەرەتا دەبێ بزانین، کە ئیمڕۆ بۆ رێنووسی زمانی کوردی دوو جۆر پیت بەکاردێ، یەکەم: رێنووسی کوردی بە پیتی عەرەبی، کە لە نووسیندا لە کوردستانی باشووردا، واتە ئەو بەشەی، کە ئیمڕۆ لە بەشی کوردستانی ئێرانو عیراقو سوریا بەکاردێ. دووەم: رێنووسی کوردی بە پیتی لاتینی، کە لە نووسیندا لە کوردستانی باکووردا، واتە ئەو بەشەی، کە ئیمڕۆ لە ژێر دەسەڵاتی تورکیایە، بەکار دێ.

پیتەکانی ڕێنووسی کوردی بە شێوە عەرەبیەکە ژمارەیان (٣٣) پیتەو لەوانە (٧)یان پیتی بزوێنن، واتە دەنگدارن (vowel)و (٢٦)یان پیتی نابزوێنن، واتە بێدەنگن یاخود کۆنسنەنتن (consent).

پیتە دەنگ بزوێنەکان ئەمانەن: ئا (بزوێنی درێژ)، ئە (ە) (بزوێنی کورت)، ێ، ی، وو، ۆ، و.

پیتە دەنگ نابزوێنەکانیش ئەمانەن: ب، پ، ت، ج، چ، ح، خ، د، ر، ڕ، ز، ژ، س، ش، ف، ڤ، ق، ک، گ، ل، ڵ، م، ن، ع، غ، یی.

هەروەها پیتەکانی ڕێنووسی کوردی بە شێوە لاتینیەکەش (٣١) پیتەو لەوانە (٧)یان پیتی بزوێنەو (٢٤)یان پیتی نابزوێنە.

پیتە بزوێنەکان: (a) بزوێنی درێژ، (e) بزوێنی کورت، e، i، u، o، u،

پیتە نابزوێنەکان (بێدەنگەکان consents :y, w, n, m, l, g, k, q, v, f, s, ş, j, z, r, d, x, h, .,h, ç, c, t, c, t, p, b

پیتی (ئـ) هەمزە لە ڕێنووسی کوردیدا لە بنچینەدا فۆنیم نییە، بەڵام دەنگی هەیە، بۆ نموونە: ئازاد = ئـ + ازاد، ئەز= ئـ + ـەز، ئێک = ئـ +ێک، ئێش = ئـ +ێش، ئۆف = ئـ +ۆف. ئەم دیاردەیەش بە روونی لە





ڕێنووسی بە پیتی لاتینی بە جوانی دەردەکەوێ: AZAD, EZ, EK, IŞ, OF.

پیتەکانی (ر)، (ل)، بە پێی سووکو گران یاخود لاوازو قەڵەو جیاکراونەتەوە. وەک: (ر، ڕ)، (ل، ڵ). چونکە دەبینین لە شێوازی ڕێنووسی کوردستانی باکوور (کرمانجی سەروو) هەموو (ر)و (ل) بە سووکی دێنە سەر زار. لە شێوە زاری کرمانجی خوارووش زۆربەی (ر) بە قورسی دێنە زارنان. ئەگەر وشە بە (ر) دەست پێبکا، وەک (ڕێبوار).

گەرچی هەرچەند هەندێ وشە هەن، کە فۆرمەکەیان لە یەک دەچێو دوو واتای جیاواز دەنوێنن، ڕەنگە فۆنەتیکەکەش لە یەکتریان جیابکاتەوە، وەک (گوڵ)، گول). ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ، کە ئێمە هەر دەبێ (لامەکانیان) لە یەکتر جیابکەینەوە بە شێوازی نووسینیان. چونکە ئەو دیاردەیە لە زمانی نەتەوەکانیتردا هەیەو نەبۆتە هیچ گیرو گرفتێ بۆ ڕێنووسی زمانەکەیان.

بە پێی بۆچوونی هەندێ لە زمانەوانەکانی کورد، پیتەکانی: ع ، غ، ح، ق، بە پیتی کوردیی رەسەن ناناسن، بەڵکو لە زمانە دراوسێکانەوە خزاونەتە نێو زمانی کوردیەوە. من بڕوام بەم بۆچوونە زۆرە. بەڵام، بە هەڵەشی نازانم ئەگەر

بەکارهاتبن. یاخود بەکار بێن لە هەندێ حاڵەتی پێویستدا. چونکە بە بڕوای من بەکارهێنانیان ئیمڕۆ نیشانەی دەوڵەمەندکردنی زمانەکەمانە لە رووی فۆنەتیکەوە، نەک لە رووی پیت سازیەوە. هەروەک چۆن لە مۆسیقای کلاسیکیی رۆژهەڵاتیدا هەندێ تۆنی مۆسیقا هەیە، کە پێشتر بەکارنەهاتووەو زیرەکانە مۆسیقادانەرەکان توانیویانە لە مۆسیقای رۆژئاواییەوە وەری بگرنو مۆسیقای خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن، بە پێچەوانەشەوە هەر راستە. بۆ نموونە: ئەگەر پیتی پێش یاخود پاش (و) بزوێن بوو، ئەوا دەبێ (w) جێگیر بکەین. بۆ نموونە: وەرە wara – بوار bwar - نەورۆز nawroz - وان wan - کردەوە kirdawa – راو raw.

ئەگەر پێش یاخود پاش (یـ، ی) بزوێن بوو، ئەبێ (y) جێگیر بکەین. بۆ نموونە: یاسەمین yasamin - بیارە biyare - برایەتی birayeti - پەیڕەو payrew - مۆریاس moryas - بەیانی bayani .

پیتی بزرۆک (ی) نادیاری (i) ئەگەر چی رەنگە لە نووسینی کوردیدا بە رێنووسی عەرەبی زۆر بۆمان دیاری نەکرێ. بەڵام بە پێی رێنووسی لاتینی بە





تەواوی دەردەکەوێ. بۆ وێنە: ژن jin - بردن birdin - سڕکردن sirkirdin - بنکڕ binkir – کلک kilik.

نیشانەی (ئـ) لە زمانی کوردیدا وەک پیت بوونی نییە. بەڵام پێویستە بنووسرێ، چونکە بە رێنووسی عەرەبی ناتوانین ئەو وشانە هەرگیز بنووسین، کە بە پیتی بزوێن دەست پێدەکەن. بۆ نموونە: ئێران eran - ئازا aza - ئۆخەی oxey – ئەندام endam.

ئەم رواڵەتە لە زمانە بێگانەکانی تریشدا بەدی دەکرێ. بۆ نموونە: وشەی ئێران ئەگەر بە زمانو رێنووسی ئینگلیزی بنووسرێ، یەکسەر (ئـ) دەتوێتەوە لە نێو پیتی (i)ی ئینگلیزیدا. هەمان دیاردە لە رێنووسی کوردی بە شێوەی لاتینی بە ئاسانی دیارەو تەنها لە سەرەتای وشەدا هەر بزوێنێ ئەکسنتی (ئـ) وەردەگرێ.

ئەمجا با بێینەوە سەر باسی، کە بچووکترین بەش لە (عروض)دا بریتییە لە یەک پیتی فۆنەتیکی.

لە راستیشدا سێ ڤاوڵی ئە (ە) (e )، و (ئو) (o)، ی (ئی) (i) – لە وشەدا بە شێوەی جودا یاخود تاک دێو لە ژمارەی (عروض)یشدا تەنها بە یەک ڤاوڵ دەژمێررێ. هەروەها ڤاوڵی ئا a، و u، ی e، دووجاری یەک لە دوای یەک لە وشەدا پەیڤ

دەکرێو دێتە بەر گوێ، کە لە رێنووسی راستیشدا دەبێ دوو جار، واتە بە یەک بو دوای یەک ئەو دوو ڤاوڵە بنووسرێتەوە = aa ، uu ، ee و بەرانبەر بە دوو یەکەی فۆنەتیک لە (عروض)دا بژمێررێ.

هەر یەک لەم سێ ڤاوڵانە: a ، u ، e ، پێش پیتی (ن) دێن. بە مەرجێ، کە ئەم پیتە لە دوای رستەوە بێ، یاخود پیتەکە لە دوای ئەو کۆنسنەنتەوە بگوترێ. بۆ نموونە: کانی ، روون، تیین، یاخود گیاندار ، روونبوون، تییندار.

بەڵام ئەگەر هاتوو پیتەکە لە پاش ئەو ڤاوڵە بێ، ئەوا هەر یەک لەو سێ ڤاوڵانە بە شێوەی یەک لە دوای یەک دێو دەبێ لە نووسینیشدا بەدوا نەبێو بەرانبەر بە دوو یەکەی فۆنەتیکی لە (عروض)دا بژمێررێ. ( aa ، uu ، ii) بۆ نموونە: jaanii ، chuunin ، kiine . هەر وشەیەک یاخود تەنانەت هەر برگەیەک لە هەر زمانێکدا بێ، دەبێ بە سەرزاری بە کۆنسنەنت دەست پێبکاو چونکە ئەگەر وا نەبێ هەرگیز نایێتە سەر زمانو لە هەر حاڵەتێکدا، کە ئەم کۆنستەنتە سەرەتاییە یەک لەو کۆنستەنتانە بێ، کە ناسراون. وەک: ب، ک، س ...هتد. بێگومان ئەو کۆنستەنتە دەبێ، یاخود بە واتایەکی دی، لەو کۆنستەنتە بریتی دەبێ. بۆ نموونە: وەک چۆن لە سەرەتای ئەم





وشانەوە دێ: ئەگەر agar ، ئەو auu ، ئەبی abii ، ئیش eys .

## بەشی دووەم: بڕگە (ئیقاع):

لە زمانی کوردیدا چەند دەنگێکی تاک، واتە پیت، کۆدەبنەوەو بڕگەیەکی (عروض) پێکدەهێنن. هەروەها هەر لە زمانی کوردیدا تەنها دوو جۆر بڕگەمان هەیە. جۆری یەکەم: بڕگەی کورت، کە لە دوو پیت پێک دێو جۆری دووەم: بڕگەی درێژ، کە لە سێ پیت پێک دێ.

جۆری یەکەم: بڕگەی کورت: کە پێکدێ لە یەک کۆنسنەنتو یەک ڤاوڵ. دەتوانرێ بەم جۆرە وێنە بکرێ: (cv)، کە هێمای (v)، واتە ڤاوڵو هێمای (c) واتە کۆنسنەنت. لە وێنەکانی بڕگەی کورتیش ئەمانەن: بە = be تۆ= to .

جۆری دووەم: بڕگەی درێژ: ئەم جۆرەش بریتییە لە هەمان بڕگەی کورتو پیتێکی فۆنەتیکی بە پاشەوە دەلکێ، کە ئەمیش دوو رواڵەتی جیاوازی هەیە. واتە ئەگەر پیتی سێیەمی لە کۆنسنەنت بێ، ئەوا شێوەی بڕگەی درێژ ( cvc) وەردەگرێ. بۆ نموونە: ژان jan ، کام kam ، کەم kem ، مەم mem ، بەش bes ...هتد. بەڵام ئەگەر پیتی سێیەم ڤاوڵ بێ، ئەوا ئەو ڤاوڵە لە هەموو رواڵەتێ

دووبارەبوونەوەی هەمان ڤاوڵەکەیە، کە پیتی دووەمی ئەو بڕگە (عروض)یە پێکدەهێنێ. نموونەی ئەم چەشنەش لە بڕگەی سێ پیتی وەک (cvv) دەبینرێ. بۆ نموونە: با baa ، بوو bu ، بی bii، چوو cuu .

ئەوجا هەردوو جۆری بڕگەی درێژی (cvc)و (cvv) کوتوموت وەکو یەکن. واتە لە راستیدا پیتی سێیەم، کە لە یەک هێمانی کۆنسنەنتو لە یەک هێمای تری ڤاوڵە هەر یەک ئەندازەی (عروض)یان هەیە.

پاشان بڕگەی کورت لە (عروض)ی کوردیدا هەمیشە بە یەک کۆمەڵەی دوو یەکەیی دەژمێررێو بڕگەی درێژتریش یەک کۆمەڵەی سێ یەکە. بە واتایەکی دی، دەتوانین بڵێین، کە لە (عروض)ی کوردیدا زۆر بە وردی ژمارەی (٢)ی ماتماتیکی لە بریی بڕگەی کورتدا دابنێینو ژمارەی (٣)ی ماتماتیکی لە بریی بڕگەی درێژ بەکاربهێنین.

وشەی یەک بڕگەییش لە زمانی کوردیدا هەیە، کە لە چوار یاخود پێنج پیتی فۆنەتیک پێکهاتووەو وەک لە نموونەی لای خوارەوە دەیبینین:

دەرد ٤ cvcc dard

دووگ ٤ cvvc duug

سوور ٤ cvvc suur





بیست cvvc ٤ biist

ئێمە هەندێ جار ناتوانین لە پیتە لاتینیەکەدا (y) لە وێنەکردنی بڕگەدا وەکو خۆی بهێڵینەوە، چونکە، کە وێنەی دەکەین، دەبێ بە پێی فۆنەتیکەکە دووبارەی بکەینەوە. ئەم حاڵەتەش لە پیتە عەرەبیەکەدا ئاسانە. وەک: (ی ی)، کە خۆی هەیە وەک (بییست)=( cvvcc)، لەبەر ئەوە ناچارین بۆ وێنەکردنی پیتی (y) لە بڕگەدا بیکەین بە دوو بەشەوە، وەک (ii) بۆ وێنە (jeyn) دەبێ بە (jiin)و (seyr) دەبێ بە (siir)و (seyn) دەبێ بە (siin) . بەڵام ئەم حاڵەت رەنگە لە زمانێکی وەکو زمانی ئینگلیزیدا کیشەی نەبێ، چونکە بۆ (ی) هەر ( i) دانراوە. بەڵام ئێمە (i)مان کردووە بە بزوێنی شاراوە، کە بەرانبەر بە عەرەبیەکە (الکسرە) دێ.

شایانی باسە، بە پێی یاسای بڕگەی جیهانی هێمای بڕگەی کورت (ب) دانراوە، واتە لە شێوەی پیتی (ب)ی عەرەبی. بەڵام بێ ئەوەی خاڵەکەی لەژێر دابنرێ. هەروەها بۆ بڕگەی درێژیش هێڵێکی کورت (-) دانراوە.

ئێمە لە نووسیندا بۆ نووسینی پیتی عەرەبی لە راستەوە بۆ چەپ دەستپێدەکەینو بۆ نووسینی پیتی لاتینیش لە چەپەوە بۆ راست دەستپێدەکەین. بەڵام بە بڕوای من ئێمە بۆ ئەوەی لە بناغەیەکی

(عروض)ی جیهانی نزیکتربین، چاکتر وایه بۆ وێناندنی نیشانەکانی (عروض) له چەپەوە دەستپێبکەین بۆ ڕاست، چ له نووسینو چ له خوێندنەوەدا.

**بەشی سێیەم: کێش (وزن):**

له ئەنجامی پێکهاتنی کۆمەڵێ برگەی تایبەتی له هۆزاندا کێش دروست دەبێ، که له زمانی عەرەبیدا پێی دەگوترێ (وزن). هەروەها چەند کێشێ له هۆزان ستوونێ پێکدەهێنێ، که به زمانی عەرەبی پێی دەگوترێ (بحر)و به زمانی فارسیش ناوی لێنراوە (رکن).

پێش هەر شتێ دەبێ ئەوە بزانین، که سەرەتای هۆزانی کوردی له سەردەمی (باباتاهیری عوریان)ەوە به چوارینه دەستی پێکردووە. ئەم جۆرە هۆزانانەش بۆیه ناوی لینراوە چوارینه، چونکه هەر کۆپلەیەک لەو چامەیه له چوار ستوون پێکهاتووەو کێشی ئەو ستوونانەش چوار برگەییە. واته هەر ستوونێ له چوار برگه پێکهاتووە. گومانیش لەوەدا نییه، که ئێمه ئەو شێوە ڕەزمی هۆزانه، ئەگەر له فارسەکانەوە وەرمانگرتبێ، ئەوا له عەرەبەوە وەرماننەگرتووە. کەواته ژمارەی چوار له (عروض)ی هۆزانی کوردیدا ڕۆڵێکی گرنگی





دروستکردووە. چونکه کێشی ستوونه سەرەکییەکان هۆزانی کوردی هەر چوار برگەیین. کەواته هەر له سەرەتاوە دەتوانین بڵێین، که باوەگەورە کێشەکانی (عروض) له هۆنراوەدا، چ کوردی بنو چ عەرەبی، ئەو کێشه، که له چوار برگەی درێژ پێکهاتووەو، که بریتییه له کێشی (عروض)ی ((مفعولاتن)) (- - - -).

چەند برگەیەک له (عروض)دا ڕەزمێ (ریتم)ێ پێکدەهێنن، که دووەم بەردی بناغەی دروستکردنی کێشه له هۆزاندا. ڕەزم له زمانی عەرەبیدا وشەی (بحر)ی بۆ دانراوە. هەروەها پێشی دەگوترێ (تفعیلة) به پێی ئەوەی، که هەر وشەیەک له زمانی عەرەبیدا یەک ڕەزمی سەرچاوەیی بۆ دانراوە، که ئەویش وشەی (فعل= ف.ع.ل)ه. ئیدیۆمی (تفعیله)ش له زمانی عەرەبیدا واته (فعلسازی) یاخود تصریفی فعلەکانی نێو فەرهەنگی عەرەبی ، که بناغەکەی (ئیقاع) دروستکردنه له وشەدا یاخود نیشاندانی هارمۆنیەتی وشەکانه.

بێگومان کۆکردنەوەی چەند برگەیەکی (عروض)یش بۆ دروستکردنی ڕەزمێ له هۆزاندا چەند یاسای جۆربەجۆری خۆی هەیه. ئەوەی شایانی باسه، ئیمڕۆ به لای کەمەوە چ هۆنراوەی نوێو چ هۆنراوەی کۆن (کلاسیک)ی کوردیمان، که

پێوانەی دەکەین، دەبینین ڕەزمەکانی چواربڕگەیین. واتە هەر ڕەزمێ لە ڕەزمەکانی هۆزانی کوردی کۆنو نوێ ئەگەر بە (تفعیلة)و یاسای (عروض) کێشیان بپێوین، یاخود بە پەنجە بیانپێوین، دەبینین زۆربەی زۆریان چوار بڕگەیین، مەگەر بە دەگمەن ئیمڕۆ لە هۆنراوەی نوێی کوردیدا سێ بڕگەیی، یاخود پێنج بڕگەیی بەدی بکەین. ئەمەش هەڵبەت ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە هۆزانی کوردی لە کۆنەوە لە یاساکانی هۆزانی فارسییەوە نزیکبووەو ئەوجا پاش دروستبوونی دەسەڵاتی ئیسلامو فەرهەنگەکەی لە نێو کورددا بە هۆی عەرەبەکانەوە بۆتە هۆی بەکارهێنانی (عروض) لە لایەن هۆزانڤانەکانمانەوە.

کەواتە بەردی بناغەی کێشەکانی (عروض) ئەو (کێش)ەیە، کە ڕەزمەکانی لە چوار بڕگە پێکهاتوون، کە درێژن ((مفعولاتن)) (ـــ ـــ ـــ ـــ). ئیتر هەرچی ڕەزمیتر هەیە هەمووی لەو ((مفعولاتن))ەوە خوازراون، یان بە هۆی زیادکردنی ئەو چوار بڕگەیە، یاخود کەمکردنەوەی ئەو چوار بڕگەیەیە.

یەکەم پرۆسێسی چۆنیەتیی خواستنی هەر ڕەزمێکیتر لە ڕەزمی چوار بڕگەیی ((مفعولاتن)) ئەوەیە، کە یەکێ لە بڕگەکانی ئەو تفعیلە





چواربڕگەییەی، کە درێژە بگۆڕرێ بۆ بڕگەیەکی کورت. بە مەرجێ بڕگەی چوارەم نەبێ، کە لە چەپەوە بۆ ڕاست دەست پێبکەین بە ئەژماردنیان. واتە تەنها دەتوانین لە چەپەوە بۆ ڕاست یەکەمجار بڕگەی یەکەمی بگۆڕین، ئەوجا بڕگەی دووەمیو ئەوجا بڕگەی سێیەمی. واتە بە گۆڕینی ئەو ڕەزمە چوار بڕگەی درێژە سێ ڕەزمیتر بەدەست دەهێنین. وەک لە نموونەی لای خوارەوە دەیانبینین:

مفاعیلن ـ ـ ـ ب لە پاش کورتکردنەوەی یەکەمین بڕگەی درێژی مفعولاتن

فاعلاتن ـ ـ ب ـ لە پاش کورتکردنەوەی دووەمین بڕگەی درێژی مفعولاتن

مستفعلن ـــ ب ـــ ـــ لە پاش کورتکردنەوەی سێیەمین بڕگەی درێژی مفعولاتن

ئەم ڕەزمانەش بوون بە سێ ڕەزمی سەرەکیی هەموو (عروض)، چ لە فارسی، چ لە کوردیدا، کە هەر یەکە لە زمانی عەرەبیدا ناوێکی تایبەتیی لێنراوە .

١ـ مفاعیلن هزج

٢ـ فاعلاتن رمل

٣ـ مستفعلن رجز

لە ئەنجامی کورتکردنی یەکێ لە بڕگە درێژەکانی، کە ماونەتەوە، تەنها بڕگەی

چوارەمیان نەبێ، کە نابێ کورت بکرێنەوە. لەم سێ رەزمە چوار بڕگەییانە سێ رەزمی تر درووست بوون. ئێمە بۆ مەبەستی باشتر نیشاندانی ئەم پڕۆسێسە لە رەزمی (مفاعیلن)ەوە دەست پێناکەین، بەڵکو لە رەزمی (فاعلاتن)ەوە دەست پێدەکەین. لەبەر ئەوەی یەکەم بڕگەی (مفاعیلن) لە کاری یەکەممانداکورتبۆتەوەو هەر وەکو لەم نەخشەیەی لای خوارەوە دەیبینین:

فعلاتن ـــ ـــ ب ب لە ئەنجامی کورتکردنەوەی یەکەمین بڕگەی درێژ لە رەزمی فاعلاتن ـ ـ ب ـ

مفتعلن ـــ ب ب ـــ لە ئەنجامی کورتکردنەوەی دووەمین بڕگەی درێژ لە رەزمی مستفعلن ـ ب ـ ـ

مفاعلن ـــ ب ـــ ب لە ئەنجامی کورتکردنەوەی سێیەمین بڕگەی درێژ لە رەزمی مفاعیلن ـ ـ ـ ب

کەواتە بە پێی چۆنیەتیی ئەو پڕۆسێسی خواستنی سێ رەزمی تر لە رەزمە سەرەکییەکانی (عروض) بۆمان دەردەکەوێ، کە ئەو کێشەی، لەسەر بناغەی رەزمی ((مفاعیلن)) (ـــ ب ـــ ب) دادەمەزرێ لە خێزانی ((مفاعیلن)) (هزج)ە. هەروەها ئەو کێشەی، کە لەسەر بناغەی رەزمی ((فعلاتن)) (ـــ ـــ ب ب) دامەزراوە، لە خێزانی ((فاعلاتن)) (رمل)ە. ئەو کێشەی، کە لەسەر بناغەی رەزمی





((مفتعلن)) (ـــ ب ب ـــ) دروستبووە، لە خێزانی ((مستفعلن)) (رجز)ە. بەڵام وەکو دەردەکەوێ، تاکو ئێستا رەزمێکی چوار بڕگەییتر نییە، کە ((مستفعل)) (ب ب ـ ـ) بێو ئەگەر بشبێ ئەوا بە کارێکی نا ئاسایی دەژمێررێ.

بینیمان، کە یەک رێگای خواستنی رەزم لە رەزمیتر هەیە، کە یەکێ لە بڕگە درێژەکانی رەزمی باوک دەگۆڕێ بۆ بڕگەی کورت، ئەگەرچی دوایین بڕگەش بێ. رێگای دووەم بۆ خواستنی رەزمێ لە رەزمێکیتر ئەوەیە، کە دوایین بڕگەی رەزمی باوک نامێنێ. ئەم رێگایەش ئەم خشتەی لای خوارەوە بۆمان رووندەکاتەوە.

بنچینەی چوار بڕگەییەکان:

ـ ـ ـ ب مفاعیلن

ـ ب ـ ب مفاعلن

ـ ـ ب ـ فاعلاتن

ـ ـ ب ب فعلاتن

ـ ب ـ ـ مستفعلن

ـ ب ب ـ مفتعلن

رەزمی سێ بڕگەیی:

ـ ـ ب مفاعی (فعولن)

ب ـ ب فعول (بەکارنەهاتووە)

ـ ب ـ فاعلن

ـ ب ب فعلن

ب ـ ـ مفعول (بەكارنەهاتووە)

ب ب ـ فاعل (بەركارنەهاتووە)

كەواتە بە پێی چۆنیەتیی ئەو پرۆسێسە، واتە پرۆسێسی خواستنی سێ رەزمی تر لە رەزمە سەرەكییەكانی (عروض)، بۆمان دەردەكەوێ، كە ئەو كێشەی لەسەر بناغەی رەزمی ((مفاعلن)) (ـــ ب ـ ب) دادەمەزرێ، لە خێزانی ((مفاعیلن)) (هزج)ە. هەروەها ئەو كێشەی لەسەر رەزمی ((فعلاتن)) (ـ ـــ ب ب) دامەزراوە، لە خێزانی ((فعلاتن)) (رمل)ە. ئەو كێشەش، كە لەسەر رەزمی ((مفتعلن)) (ـــ ب ب ـــ) دروست بووە، لە خێزانی ((مستفعلن)) (رجز)ە. بەڵام وەكو دەردەكەوێ، تاكو ئێستا رەزمێكی چوار برگەیی تر نییە، كە ((مستفعل)) (ب ب ـــ ـــ) بێو ئەگەر بشبێ، ئەوا كارێكی نەگونجاوە.

بینیمان، كە رێگای یەكەم بۆ خواستنی رەزمێ لە رەزمێكیتر ئەوەیە، كە یەكێ لە برگە درێژەكانی رەزمی ((مفعولاتن)) (ـ ـ ـ ـ) دەگۆڕرێ بۆ برگەی كورت، ئەگەرچی لێرەشدا دوایین برگەش بێ. بەڵام جگە لەوە رێگایەكی تریشمان هەیە بۆ پرۆسێسی ئەو خواستنە، واتە بۆ خواستنی رەزمێ لە رەزمێكیتر. یان بە ئیدیۆمی عەرەبی، وەرگرتنی تەفعیلەیەك لە تەفعیلەیەكیتر ئەوییە، كە دوایین





برگەی ئەو رەزمانەی لە رەزمی بناغەوە ((فعولاتن)) دروست بوون، نەمێننو لەنێو بچن. بۆ روونكردنەوەی ئەم پرۆسێسەش، ئەم نەخشەیەی لای خوارەوەمان دروستكردووە:

بنچینەی رەزمە چوار برگەییەكان

ـ ـ ـ ب مفاعیلن

ـ ب ـ ب مفاعلن

ـ ـ ب ـ فاعلاتن

ـ ـ ب ب فعلاتن

ـ ب ـ ـ مستفعلن

ـ ب ب ـ مفتعلن

رەزمی سێ برگەییەكان

ـ ـ ب مفاعی (فعولن)

ب ـ ب فعول (بەكارنەهاتووە)

ـ ب ـ فاعلن (فاعلن)

ـ ب ب فعلن (فعلن)

ب ـ ـ مفعول (بەكارنەهاتووە)

ب ب ـ فاعل (بەكارنەهاتووە)

لە پاش ئەوە یەكەم: بۆمان دەردەكەوێ، كە لەم رێگایەوە سێ رەزمی سێ برگەیی دروست دەبێ، كە ئەمانەی لای خوارەوەن :

ـ ـ ب فعولن (لە خێزانی هزج) ـ ـ ـ ب مفاعیلن

ـ ب ـ فاعلن (لە خێزانی رمل) ـ ـ ب ـ فاعلاتن

– ب ب فعلن (لە خێزانی رمل) – – ب ب فعلاتن

بەمە ڕووندەبێتەوە، کە لەم ڕێگایەوە سێ ڕەزمی سێ بڕگەیی بەکاردێ، وەکو لەم خشتەیەی لای خوارەوە بەدی دەکرێن:

خشتەی خێزانی (عروض)ی سێ ڕەزمی کاریگەری سێ بڕگەیی:

– – ب فعولن (لە خێزانی) – – – ب مفاعیلن (هزج)

– ب – فاعلن (لە خێزانی) – – ب – فاعلاتن (رمل)

– ب ب فعلن (لە خێزانی) – – ب ب فعلاتن (رمل)

بەمەش ئاشکرا دەبێ، کە ڕەزمی سێ بڕگەیی ((مفعول)) (ب – – –)و ((فعول)) (ب – ب)و ((فاعل)) (ب ب –) لەبەر ئەوەی بە بڕگەی کورت کۆتاییان هاتووەو لە (عروض)ی کوردیدا بەکار ناهێنرێنو ئەگەر کێش وەکو یەکێ لەم ڕەزمانە بێ، ئەوا دەبێ هەمان ئەنجام بەدەستەوە بدا، کە لە دەستنیشانکردنی ڕەزمەکانی ئەو کێشانەدا هەڵە ڕوو دەداو دەبێ دووبارە بگێڕرێتەوە بەو ڕەزمانەدا.

ڕەزمی ئاسیایی لە زمانی کوردیدا چوار بڕگەییە. بە نەمانی دوایین بڕگەش دەتوانین لەوە ڕەزمێکی سێ بڕگەیی بەدەست بهێنین، یاخود دروست





بکەین. بەڵام ڕەزمی دوو بڕگەییو یەک بڕگەییمان نییە. لەبەر ئەوە، بە شێوەی یەک بڕگەیی، یاخود دوو بڕگەیی لە جیاتیی ڕەزم لە هەندێ کێشی کوردیدا دەبینرێ، کە پێکهاتووە لە ڕەزمی درێژتر، کە بەشێکی قرتانی (عروض) لێکراوە. جگە لەمانە ڕەزمێکی سێ بڕگەییتریشمان هەیە، کە ئەویش ((مفعولن))ە، کە خوازەیەکی تایبەتی لە (عروض)ی کوردیدا بەکارهاتووەو دەبێ بە نیشانەی جیهانی (– – –) نیشان بدرێ.

سێیەمین ڕێگا بۆ خواستنی ڕەزمێ لە ڕەزمێکی تر زیادکردنی بڕگەیەکی درێژە بە کۆتاییەکەیەوە. هەروەها بنچینەی ئەو کارە لە شەش ڕەزمی سەرەکیو لاوەکیی (عروض)دا دەبینین، کە لەم خشتەیەی خوارەوەدا بە ڕوونی دیارە:

| چوار بڕگەیی | پێنج بڕگەیی |
|---|---|
| – – – ب مفاعیلن | مفاعیلاتن – – – – ب |
| – ب – ب مفاعلن | مفاعلاتن – – ب – ب |
| – – ب – فاعلاتن | فاعلاتاتن – – – ب – |
| – – ب ب فعلاتن | فعلاتاتن – – – ب ب |
| – ب – – مستفعلن | مستفعلاتن – – ب – – |
| – ب ب – مفتعلن | مفتعلاتن – – ب ب – |

هەر ڕەزمێکی (عروض)، کە زیاتر لە سێ بڕگەی (عروض)ی درێژی یەک بە دوای یەک بێ، گرانترو

قورسترە لەوەی، کە لە شیعری کوردیدا بـەکاربێ. بەڵگەش بۆ ئەو ئەوەیە، کە ((مفاعیلاتن)) (ـ ـ ـ ـ ب) لە شیعری کوردیدا بەکارنـەهاتووەو تەنانـەت ((فاعلاتاتن)) (ـ ـ ـ ب ـ)یش بۆ زمانی فارسی بە قـورسو گرانـی دێ. بـەڵام لـە شـەش ڕەزمـی پێـنج بڕگەیی بەرەو سەرەوە چوار ڕەزمی، کە پێکهـاتووە لـە مسـتفعلاتن، مفـاعلاتن، فعلاتـاتنو مفـتعلاتن، یـاخود لـە رابـووردووی شـیعری کوردیـدا بـەکارهاتووە، یـاخود دەتـوانرێ لـە داهـاتوودا بەکاربهێنرێ.

لێرەدا دەتـوانین هـەنگاوێکیتریش لـە زەمینـەی خواستنی ڕەزمەکاندا بچینە پێشـەوەو بڕگـەی پـێش دواینی هەر یەک لەو شەش ڕەزمە پێنج بڕگەییـەی بەرەو سەرەوە، کە لە هەمان حاڵەتدا بڕگەی درێژە کورتکەینەوە. بۆ نموونـە وەک لـەم خشـتەیەی لای خوارەوە دەبینین:

بڕگەی درێژە پێش دوایین:

ـ ـ ـ ـ ب مفاعیلاتن

ـ ـ ب ـ ب مفاعلاتن

ـ ـ ـ ب ـ فاعلاتاتن

ـ ـ ـ ب ب فعلاتاتن

ـ ـ ب ـ ـ مستفعلاتن

ـ ـ ب ب ـ مفتلاتن





دوای کورتکردنی بڕگەی پێش دوایین:

مفاعیلتن ـ ب ـ ـ ب

مفاعلتن ـ ب ب ـ ب

فاعلاتتن ـ ب ـ ب ـ

فعلاتتن ـ ب ـ ب ب

مستفعلتن ـ ب ب ـ ـ

مفتعلتن ـ ب ب ب ـ

لێرەوە دەبینین، کە دوایین ڕەزم، کە (ـ ب ب ب ـ) یاخود ((مفتعلتن))ە لە سێ بڕگەی کـورتی یـەک بـە دوای یـەک هـاتووە. هـەر ڕەزمێکـیش، کـە بڕگـەکانی کـورتو یـەک بـە دوای یـەک بـێ، سـێ یاخود زیـاتر بـێ، خێراتـر دەبـێ، کـە لـە شیعری کوردیدا بەکاردێ. بەڵام لـە ((مفتعلـتن))دا دەبینـین، کە بە کوردتکردنەوەی بڕگەی پێش دوایین لە شەش ڕەزم پێـنج بڕگـەیی دەسـتی ڕاسـتو پێـنج ڕەزمـی جـوان دروسـت دەبـێ، کـە هـەمووی لـە شـیعری کوردیـدا بـەکارهاتوون، یـاخود لـە داهـاتوودا بـەکاردێنو ئـەو پێـنج دانەیـە ئەمانـەن: مفـاعیلتن، مفاعلتن، فاعلاتتن، فعلاتتنو مستفعلتن.

دواهەمین خاڵ لـەم خشـتەدا ڕاسـتەوخۆ ئەمەیـە، کە ((فعلاتن)) لە (عروض)ی ئاسایی (کلاسیکی)دا بە ((متفاعلن)) دەخوێندرێتەوە. بەڵام نـاوی ((فعلاتـتن)) بۆ ئەم گونجاوترە، چونکە دەگاتە ئەوەی خواستنی

ئەم رەزمە بە شێوەیەکی راست لە فعلاتاتنو فعلاتنو فاعلاتن (باوکی رمل)ە.





# هونەری خاڵبەندی لە چاپدا بە زمانی کوردی

**پێشەکی:**

ئیمڕۆ زۆربەی کتیبە کوردیەکانمان، لە قۆناغە جیاجیاکانی قوتابخانە کوردیەکانمان، هەر لە سەرەتاییەوە، تا دەگەنە زانکۆو خوێندنەکانی باڵا، کە بۆ فێرکردنی شێوازو هونەری نووسین تەرخان دەکرێن، دوو تەوەری سەرەکیی تیادا دەخوێنرێنەوە: مۆرفۆلۆجیو سینتاکس، کە دوو بابەتی هەرە گرنگن لە زماندا، کە رێساو رێزمانو رێنووسو لۆجیکی تیادا پێڕەو بکرێ.

ئەم نووسینە تایبەتە بە خوێندنەوەی ئەو لایەنە بۆ ئەوەی هەر کەسێ بیەوێ زانستیانەو لۆجیکانە

به دەقێ به زمانی کوردی بنووسێ، یان لە سەر کۆمپیوتەر چاپی بکا، رەچاوی ئەو رێزمانو رێساو رێنووسە بکاو لە هەڵەی زمانەوانی دووركەوێتەوە، بە تایبەتی لەم رۆژگارەماندا، کە ئامێری کۆمپیوتەر داهاتووەو بۆتە ئامرازێکی خێرا بۆ چاپکردنی دەق بە زمانی کوردی. ئەگەرچی شارەزایانی زۆر لە بواری چاپکردنو بەکارهێنانی ئەم ئامێرەدا زۆر بوون، بەڵام بە داخەوە، هێندەی زۆرییان، هەڵەی زمانەوانیو چاپییان زۆرە. هەروەها جێی داخە، زۆر لە نووسەرانمان تاکو ئێستا بۆ خۆیان فێری چاپ نەبوون بە کۆمپیوتەرو شارەزاییان پەیدا نەکردووەو تەنانەت نەشیانویستووە خۆیان شارەزا بکەن، بەڵکو ئێستاش هەر کاری نووسین بە دەستنووسی دەکەنو ئەوجا پەنجەنووسی دەکەن، یان دەیدەنە چاپکەرەکان (تایپیستەکان)و ئەو (تایپیستانەش) بێ بایەخدان بە شێوازی زانستیانەی چاپ، لە رووی رێنووسو رێزمانو بناغەی لۆجیکو زمانەوانییەوە، ئەو دەستنووسانە دەخەنە سەر کۆمپیوتەرو دەزگای چاپخانەکان هەر بە هەڵەو بێ بژارکردن بۆیان دەخەنە سەر لاپەڕەی گۆڤارو رۆژنامە کوردییەکان، یان دەیانکەن بە کتێبو هەر بە پڕ لە هەڵەیی دەیانخەنە بەرچاوی





خوێنەرانیان. بۆیە لە ئەنجامیشدا، هەڵبەت ئەو بەرهەمی ماندووبوونانە دەبنە بەرهەمی کاڵو کرچو بێ پێزو هەر بیرو بیرکردنەوەیەک لەو بابەتانەدا بووبن، بە کاڵو کرچیو بێ پێزیو لاوازیو نازانستانە دەگوێزرێنەوە لە کەسانێکەوە بۆ کەسانێکیتر.

بۆیە، من لەم بوارەدا، بە پێویستم زانی بۆ رێنووسی زانستیانەی زمانی چاپکراوی کوردی، هەندێ بناغەی پێویست دەستنیشان بکەم، کە بریتین لە هەندێ ئامرازو هۆکار، کە یان (پیت)ن، یان (وشە)ن، یان (رستە)ن، یان (دەربڕین)ن، کە بۆ ئەوەی دەق بە زمانی کوردی بە راستیو بێ هەڵەکردن بنووسرێ، یان چاپ بکرێ.

یەکێ لە هەرە گرنگترین لایەنەکانی رێنووسی زمان (خاڵبەندی)یە. واتە دانانی ئەو نیشانە پێویستانەن، کە لە نێو بەشەکانی رستە، نەک لەبەر رازاندنەوەو جوانکاریکردنی دەق، بەڵکو لەبەر ئەوەی خوێنەرانی ئەو دەقە بزانن بە شێوەیەکی لۆجیکی بە تەواوی لە واتاو ناوەڕۆکی رستەکەو دەقەکە تێبگەن. بۆ نموونە ئەگەر هاتو رستەیەک لەم جۆرە بێتە بەرچاومان: (لێبوردن پێویست ناکا ئیعدام بکرێ) بێ ئەوەی خاڵبەندیی

تیادا بکرێ، ڕەنگە بە دوو جۆر واتا لە هەمان ڕستە تێبگەین:

(لێبوردن، پێویست ناکا ئیعدام بکرێ.)

یان

(لێبوردن پێویست ناکا، ئیعدام بکرێ.)

بێگومان تەنها هەر بە هوی گۆڕینی شوێنی ئەو (،)یە واتاو لۆجیکی ڕستەکە بە تەواوی لە یەکەمدا بە جۆرێ کەوتەوەو لە دووەمدا بە جۆرێکیتر کەوتەوە.

دیارە (خاڵبەندی) لە زماندا ئەو ڕۆڵە دەبینێ، کە یاسای هاتووچۆ لە سەر شەقامدا دەیبینێ. ئەگەر هاتو هەڵەیەکی بچووک لە هەر یەکێکیاندا بکرێ، ڕەنگە بەرژەوەندیی مرۆڤیشی تیدا زیانبەخش بێ.

کەواتە، ئامانجی ئەم نووسینە هەوڵو تەقەللایە بۆ هاوکاریکردنی نووسەرو چاپکەرە بە زمانی کوردی، بۆ ئەوەی ڕێژەو ئاستی بەهرەو شارەزاییو زانیارییە تیۆریو پراکتیکیەکانی خۆی لە بواری نووسنو چاپکردنی دەق بە کۆمپیوتەر زیاتر بکاو بەرزتر بکاتەوە، ئەوەش بە بەکارهێنانی کۆمەڵێ ئامرازی پەیوەندی بۆ بەستنەوەی کۆمەڵێ وشە لە نێو ڕستەدا، یاخود بەستنەوەی کۆمەڵێ ڕستە بە یەکترەوە. هەروەها





ئامانجی ئەم نامیلکەیە ئەوەشە، کە نووسەر یان چاپکەر بتوانێ چۆن کاری خاڵبەندی لە دەقدا بە شێوەیەکی ڕاستو زانستانە بکا. لە هەمان کاتدا هانی بدرێ، کە چۆن بتوانێ بەهرەکانی خۆی لە بواری مۆرفۆلۆجیو سینتاکسو فیلۆلۆجی لە زمانی کوردیدا زیاتر بکاو بتوانێ چۆن بەراودیان لەگەڵ زمانی ستانداردیتری بێگانەدا بکا. هەروەها بتوانێ چۆن فۆنتو کیبۆردی کوردی بە شێوازە ڕاستەکەی بکار بهێنێو هونەرسازیی تیادا بنوێنێ.

## خاڵبەندی:

بەکارهێنانی بۆشاییو نیشانەی نەریتیو یاساو ڕێساییو باوو لە چاپکردن بە وردیو ڕاستی لە سەر ئامێری چاپ، بۆ نموونە (کۆمپیوتەری کەسی)، وەک یارمەتیدەرێ بۆ تێگەیشتنو بە ڕاستی خوێندنەوەی دەقی دەستنووس، یان دەقی چاپنووس، چ بە بێدەنگیو چ بە دەنگەوە، کارێکی یەکجار گرنگە.

هەڵبەت وشەی (خاڵبەندی) لە زمانی کوردیدا وشەیەکی لێکدراوە، کە یەکەمیان (خاڵ)ەو دووەمیان (بەندی)یە. هەردوو وشەکەش پێکەوە واتایەک دەبەخشن، کە بەکارهێنانی خاڵی پێویستن لە ڕستەدا، وشەکانی تیا پێکەوە بە

شێوەیەکی راستو پڕ واتاو ژیربێژانە پێکەوە ببەستێتەوە.

ئەوەی راستی بێ بەر لەوەی ئێمەی کورد وشەی (خاڵبەندی) دابهێنین، زۆر لە مێژووی کۆندا بە زمانی لاتین داهاتووەو ناوی لێنراوە (*punctus*). پاشان بووە بە (point). بەڵام لە سەدەی پانزەهەمەوە تا سەرەتای سەدەی هەژدەهەم، ئەم زاراوەیە بووە بە بابەتێکی جیاو تایبەتو سەربەخو لە نێو زمانی ئینگلیزیداو وەک خاڵبەندی (pointing)و پاشان وەک ئیدیۆمی (punctuation) بۆ یەکەمجار لە نێوەڕاستی سەدەی شانزەهەمدا چۆتە نێو فەرهەنگەوە. بەکارهێنانی ئەو خاڵبەندییە تەنها بە شێوەی خاڵێ نێوان دوو پیتی دەنگدار، کە پیتێکی بێدەنگیان کەوتبێتە نێوانەوە. ئەم کارەش یەکەمجار لە نێو ئەو دەقانەدا بەکارهێنراون، کە بە زمانی عیبری (هیبرۆ) بوون.

لە سەدەکانی شانزەهەمەوە تیۆرو بەکارهێنانی (punctuation) بوو بە دوو لەتەوە لە نێوان دوو ڕێبازی بیرکردنەوەوە: یەکەمیان ( elocutionary school)، واتە ڕێبازی شێوەی وتارخوێندنەوە، یان دووان لە کۆبوونەوەی گشتیدا، یاخود هونەری دەق خوێندنەوە، کە لە دوای سەدەکانی نێوەڕاستەوە خەڵکیان فێرکردووە چۆن بە خاڵ





دانان چارەسەری ئەو جۆرە رستانە بکەن، کە زۆر درێژ بوونو قورسو گران بوون بۆ خوێندنەوەیان. بە تایبەتی ئەو کاتانەی، کە وتاردەرەکان بە دەنگی بەرز دەقیان بۆ بیسەرانو ئامادەبووانیان خوێندۆتەوە. دووەمیان (syntactical school) ڕێبازی تایبەت بە رستەدارِشتن، یان تایبەت بە رستەسازی، کە کەسەکانی خۆیان کەمتر بە سەپێنەر لە ڕێبازەکەیتر دەزانی، بەڵکو خۆیان بە کەسانێ دەزانی، کە رابەر بن لە دارِشتنی رستەی ڕێزمانی. بە تایبەتی لە نیشانەدانانی پشوو، لە نێو ئاخاوتندا، یان بڕین لە نێو رستەی ڕێزمانیدا. ئەم ڕێبازە لە کۆتایی سەدەی هەڤدەهەمەوە لە ئەوروپادا گەشەیکرد. بەڵام، ئەوەی شایانی باسە، ئەم ڕێبازە رۆڵێکی گرنگی نواند لە داهاتووی ئەو سەردەمەی زمانی ئینگلیزیدا، کە بووە هۆی ئەوەی بتوانرێ دەستنیشانی ریتمی جوانی زمانی نووسینو ئاخاوتنی ئینگلیزی بکرێ، لە پاڵ دانانی (خاڵبەندی) بە شێوازێکی راستتر.

ئیمڕۆ ئەو خاڵبەندییەی لە زمانی ئینگلیزیو زمانەکانی ئەوروپای رۆژئاوادا بەکارهاتووە، سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی کلاسیکی زمانی گریکو لاتین. دەستنووسەکانی سەردەمی گریک بەردەوام بە جۆرێ نووسراونەتەوە، کە هیچ

بڕینی لە نێوان وشەو رستەدا نەبووبێ. بەڵام لە هەندێکی کەم لەو دەستنووسانەی، کە کۆنتر بوون لە سەدەی پێنجەمی پێش مێژووی زایینی، بڕگەکانی رستە یان بە هێڵێکی ستوونی، یان دوان، یاخود سێ لە یەکتر جیاکراونەتەوە. لە هەرە کۆنتری دەقی ئەدەبیی گریکەکاندا، لە سەدەی چوارەمی پێش مێژووی زایینی، کە لە سەر گەڵای بەرەدی تۆمارکراوە، هێڵی لاکێشەیی چۆتە نێو رستەوە. ئەمە تاقە شێوەیەکی خاڵبەندی بووە، کە (ئەڕستۆ) باسیکردووە.

خاڵبەندی لە زمانی ئینگلیزیدا لە ١٦٠٠ی مێژووی زایینیەوە دەستی پێکردووە.

لە کۆتایی سەدەی شانزەهەمدا نووسەرانی زمانی ئینگلیزی هەر هەموو کەوتنە لاساییکردنەوەی (ئەلدۆی بچووک younger Aldo)، کە لە ساڵی ١٥٦٦دا کۆمەڵێ نیشانەی خاڵبەندیی داهێنابوو. هەڵبەت ئەو رێبازەی ئەو کەسە گرتوویەتییە بەر (elocutionary) بووە، نەک (syntactical).

لە زمانی (جاپان)یشدا خاڵبەندی بە دوو سیستمی جیاواز بەکاردێ: (کێریتن *kaeriten*)و (کونتن *kunte*)، کە لە سەدەی هەژدەیەمەوە بەکارهاتووە بۆ روونکردنەوەێ واتاکانو بنەمای





رێزمانیی دەق لە نووسینی (چینی)دا. وەک بەرەنجامێکی پەیوەندی دروستکردنیش لەگەڵ ئەوروپیەکاندا لە سەدەی پانزەو شانزەی مێژووی زایینیدا، نیشانەی بەتاڵ ([ ])و نیشانەی لار ( ` ) لە ساڵی ١٦٠٣ تا ساڵی ١٨٦٨ بە هەمان شێوەی ئەوروپیەکان خاڵی کۆتایی ئاخاوتن، یان رستە بەکارهاتووە، یان بە شێوەی (،) وێرگولە بەکارهاتووە. بەڵام لە ساڵی ١٨٦٨ بە دواوە، جاپانیەکان لە بریی ئەو دوو نیشانەیە داش ( - )یان بەکارهێناوە.

مێژووی خاڵبەندی لە زمانە ئافریقاییەکانیش بەشێکە لە مێژووی ئەو دەستنووسانەی، کە لە وڵاتە جیاجیاکانی ئەوروپادا بەکارهاتوون. کەواتە دیسان ئەو شێوازە خاڵبەندییەی لە وڵاتانی ئافریقادا بەکاردێن، بناغەکەیان هەر دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی ئەلفابێتی گریک، بەڵام بە هەندێ گۆڕان، کە زمانی نووسینی ناوچەیی (میللی) دایهێناوە، بە تایبەتی، کە میسرییە کۆنەکان دایانهێناوە، کە لە دەستنووسەکانی زمانی سامیەکانی باشوورەوە داهاتووە، کە پێیاندەگوترێ (ئەتیووبی)، (بەربەری)، (سواهیلی)،

# فەرهەنگی نیشانەکانی خاڵبەندی:

| جۆری نیشانە | لە زمانی کوردیدا | لە زمانی عەرەبیدا | لە زمانی ئینگلیزیدا |
|---|---|---|---|
| (( _ )) | جووتەکەوانە | المزدوجتان | Bracket |
| . | خاڵ | نقطة | Point |
| - | داش | عارضة | Dash |
| ( _ ) | دوو مەحاق | الهلالان | Brackets |
| = | نیشانەی پاشکۆیی | علامة التابعية | Mark of continuity |
| ؟ | نیشانەی پرسیار | علامة استفهام | Question mark |
| " _ " | نیشانەی خواستن | علامة اقتباس | Quotation mark |
| : | نیشانەی روونکردنەوە | علامة توضيح | Colon |
| ... | نیشانەی سڕاوە | علامة حذف | Dots of suspension |
| ؛ | نیشانەی لێکدانەوە | علامة التفسير | Interpretation mark |
| [ _ ] | نیشانەی قەتیس | علامة حصر | Brackets |
| ! | نیشانەی هەڵچوون | علامة انفعال | Exclamationmark |
| ، | وێرگولە | فارزة، فاصلة | Comma |





### دەقی وەرگێڕاو:

# چەند وانەیەکی

# مێژووی بیری رامیاریی نوێ

**کە لە لایەن (ئیحسان عەبدولهادی)ی مامۆستای بابەتی بیری رامیارییەوە بۆ قوتابیانی قۆناغی سێیەمی کۆلێژی زانستەکانی رامیاریی سەر بە زانکۆی سلێمانی وتراونەتەوە**

مێژووی مرۆڤایەتی هەڵبەت تەنها بە ئاماژەکردن بە رووداوە مەزنەکان دیاری ناکرێ، بەڵکو بە ئاماژەدان بەو بیرە رامیارییانەش دەبێ، کە زۆر جار بەشێ بوون لە هێنانەدیی ئەو رووداوانە. رامیاریش وەک شێوەیەک لە شێوەکانی زانین (المعرفة)، نەک وەک شێوەیەک لە شێوەکانی

کردار، بابەتەکەی ڕەفتاری مرۆڤایەتییە لە سنوورێکدا، کە پەیوەندیی بە حوکومڕانیی کۆمەڵانەوە هەیە، چ لە ناوخۆو چ لە دەرەوە. بەڵام ئەم ڕەفتارە دابڕ نییە لەو بیرە ڕامیارییانەی تیایدا ڕەنگ دەدەنەوە. بەڵکو ڕەنگە بەمە بوونو سروشتی مرۆڤ لە ئاژەڵ جیابکرێتەوە. بێگومان ڕەفتاری ئاژەڵی بە سروشت (غریزە) بەڕێوە دەچێ، بەڵام ڕەفتاری مرۆڤی بە بیرو بیرکردنەوە بەڕێوە دەچێ. چونکە مرۆڤ بەر لەوەی هەر ڕەفتارێ بنوێنێ، پێشتر لە مێشکی خۆیدا بە شێوەی ئاوەز (عقل) دەیسازێنێو ئەوجا دەینوێنێ. سەبارەت بە ڕەفتاری ڕامیاریش، مرۆڤ بەر لەوەی بینوێنێ، پێشتر لە مێشکیدا بە شێوەی بیری ڕامیاری دەیسازێنێ.

ئێمە، لەم لێکۆڵینەوەیەماندا هەوڵ دەدەین لەو بیرە ڕامیارییانە بدوێین، کە ڕووداوە مێژووییە ڕامیارییەکانیان بەڕێوە بردووەو ڕەفتاری مرۆڤایەتیی ڕامیاریشیان بەڕێوە بردووە. بە تایبەتی لە چوارچێوەی پەیوەندییەکانی بە حوکومڕانیی کۆمەڵگاکانەوە، هەر لە سەردەمی ڕاپەڕینەوە تا دەگاتە سەرەتاکانی سەدەمی بیستەم.





لەم خوێندنەوەیەماندا هەوڵ دەدەین باس لە بیری ڕامیاریی نوێ بکەین لە چوار بەشدا، کە بەشی یەکەمی تەرخان بکرێ بۆ خوێندنەوەی بیری ڕامیاری لەو لایەنەوە، کە ڕووبەڕووی کێشەی دروستبوونی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمو شێوازی ڕەهای دەبێتەوە. بەڵام بەشی دووەمی تەرخان بکرێ بۆ خوێندنەوەی بیری ڕامیاری لەو لایەنەوە، کە ڕووبەڕووی ئەو ململانێو دژایەتییە ئایینییە دەبێتەوە، کە بزووتنەوەی چاکسازیی ئایینی تەقاندوویەتیەوە. بەشی سێیەمیشی تەرخان بکرێ بۆ خوێندنەوەی بیری ڕامیاری لە سەردەمی هەڵاتنی کازیوەو بەرەبەیانی لیبرالیزم. بەشی چوارەمیشی بۆ خوێندنەوەی بیری ڕامیاری لە سەردەمی ئاڵۆزیو توندوتیژیی لیبرالیزم.

هەڵبەت خوێندنەوەی بیری ڕامیاری لە لایەنە جیاجیاکانیەوە پێویستی بە زانینی بەربڵاوو بەرفرەوان هەیە لە بارەی مێژووی ئابووریو مێژووی ڕامیاریو مێژووی ڕووناکبیرییەوە لە هەموو سەردەماندا. جگە لە زانینی بەربڵاوو بەرفرەوان سەبارەت بەو بیرو باوەڕو فەلسەفەو بۆچوونانەی، کە هەر سەردەمێ لە سەردەمانی پێ دەستنیشان دەکرێ.

## بیری سیاسی لە سەردەمی راپەڕینو لە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمدا

سەردەمی راپەڕین لە ئەوروپادا ئەوکاتو ساتە دەگرێتەوە، کە بە گشتی دەکەوێتە نێوان سەدەی شانزەو حەڤدەوەو قۆناغێکی دیاریکراوی مێژووی گشتی دەخاتە بەرچاو.

بێگومان راپەڕین بە واتای لەدایکبوونی تازە هاتووە. بەڵام، ئەم لەدایکبوونە تازەیە بووژانەوەی وێژەیی باڵای گرتۆتە خۆ، واتە ئەو چەشنە وێژەیەی لە ئامێز گۆتووە، کە دووبارە لەدایکبۆتەوە. هەروەها لەدایکبوونی هونەرەکانی تری وەک هەڵبەستو نووسین. بەڵام ئەم راپەڕینە بووژانەوەیە واتایەکی بەرفرەوانتری بە هۆی زانای سویسری (جاکۆب برکهارت)ەوە وەرگرتووە، کە پێی لەسەر ئەو واتایە داگرتووە، کە مێژوونووسی فەڕەنسی (میشلە) داناوە، کە دەڵێ سەردەمی راپەڕین ئەو سەرهەڵدانی وێژەو هونەرە نییە، کە ئادەمیزاد دایهێناوە، بەڵکو راپەڕینی مرۆڤ خۆیەتی.

(برکهارت) راپەڕینی بەوە دەستنیشان کردووە، کە نموونەی باڵای رووناکبیرییەو لەسەر ئەو بناغەیە دامەزراوە، کە مرۆڤ پێوەی پابەندە پاش





ئەوەی گەشەی پێکردووەو بۆتە هۆی پێشکەوتنی بە ئاڕاستەی کەسایەتیی بەهێزو بە هەستکردنی تەواوی بە تاکیی خۆی بەرابنەر بە ژیان بە شێوەیەکی گشتیو بەرامبەر بە دەوڵەت بە شێوەیەکی تایبەتی. واتە مرۆڤ پێناسەی ئامانجەکانی خۆی دەکا لە رووی کەسایەتییەوەو رێڕەوی ژیانی خۆی وەک تاکێکی سەربەستو ئازاد دەستنیشان دەکا. واش دەبینێ، کە واتای لەدایکبوونی نوێ، لەدایکبوونەوەی سەردەمانی کۆنی گریکە بە تایبەتیو رۆمانییە بە پێی ئەوەی، کە نموونەی قەوارەیەکی رۆشنبیریی تایبەتە، واتە رێبازێکی نەریتییە (کلاسیکە)، کە پەیوەستە بە میراتیی فەرهەنگو کولتوورو رۆشنبیریی ئەو سەردەمو قۆناغانە، هەروەها نموونەی لایەنی کەسایەتییەو هەستە، کە ئامڕازن بۆ دەربڕینی ناخی خودی مرۆڤ. بەڵام (هێنڕی لڤیفەر) بەلایەوە وایە، کە راپەڕین سیماو خاسیەتی وەرچەرخانی قووڵی تیادا بووە لە بناغەکانی ئابووریو ژێرخانی کۆمەڵایەتی. بە واتایەکی تر، لەدایکبوونی داکەوتێکی نوێ، واتە لەدایکبوونی قۆناغی سەرمایەداری.

بەڵام ماوەتەوە سەر ئەوەی دەستنیشانی ئەو قۆناغە بکەین، کە بەشێکە لەم سەردەمە، بە

تایبەتی مێژووی سەرەتای ئەم سەردەمە، کە بە یەک شێوە پێناسە ناکرێ. هەن، کە سەرەتای ئەم سەردەمە دەگەڕێننەوە بۆ سەدەی سیانزەهەم، کە ئیتر دەستبەرداری ئەو نەریتە بیزەنتینیانە بووە، کە لە بواری وێژەو هونەردا بەرچاوبوونو بە رەقو دژواریش ناسراون. کەسانیتریش هەن وا دەبینن، کە سەرەتاکەی لەگەڵ کۆتایی سەدەکانی نێوەڕاستدا بووە، بە تایبەتی لەگەڵ کەوتنی شاری کۆنستانتینەدا بووە. ئیتر لەو سەردەمەوە هونەرو زانستەکان لە وڵاتی ئیتاڵیادا گەشەیانکردووە، بە تایبەتی بە هۆی ئەو خەڵکانەی یۆنانەوە، کە شاری کۆنستانتینەیان بەجێهێشتووەو روویان لە ئیتاڵیا کردووە. بەڵام (برکهارت) سەرەتای سەردەمی راپەڕین دەگەڕێنێتەوە بۆ سەرەتای سەدەی پانزەهەم بە پێی ئەوەی، کە لایەنی کەسایەتیو هەستکردنی توند بە تاکە کەسی لەو مێژووەوە گەشەیان سەندووە.

ئەوەی دەیبینین لە دەستنیشانکردنی سەرەتای راپەڕین (رێنیسانس) هەوڵدان بوون بۆ دەستنیشانکردنی هەندێ لە دیاردەکانی: وەک گەشەکردنی وێژەو هونەر، سەرهەڵدانەکانی رووناکبیریی نەریتانە (کلاسیکی)، پێگەیشتنی





لایەنی کەسایەتیو هەستکردن بە خودی تاکەکەسی، .. هتد. واتە خۆبەستنەوە بە رواڵەتو بێ گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکانی ئەو رواڵەتانە، واتە بێ گێڕانەوەی ئەو دیاردانە بۆ نەژادو بنچینە کۆمەڵایەتییەکانی، کە بوونەتە هۆی پێکهاتنی. کەواتە سەرەتای سەردەمی راپەڕین دەبێ بگەڕێنرێتەوە بۆ سەرچاوە کۆمەڵایەتییەکەی.

هەڵبەت گەشەی وێژەو هونەرو سەرهەڵدانی رووناکبیریی کلاسیکیو گەشەی لایەنی کەسایەتیو هەستکردن بە خودی تاکەکەسی پابەند بووە بە شێوازێکی نوێ لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی، کە ئەویش پەیوەندیی سەرمایەدارییە، کە بەرە بەرە جێگای پەیوەندیی دەرەبەگایەتیی گرتۆتەوە. هەڵبەت پەیوەندیی سەرمایەداری سیماو رووخساری لە ئامێزی کۆمەڵی دەرەبەگایەتییەوە دەرکەوتووە، ئەو سیماو رووخسارەش تا بەر لە سەدەی پانزەهەم روون نەبووە، چونکە لەم مێژووەوە بووە، کە ئەم پەیوەندییە سەرمایەدارییە لە نێو کۆمەڵدا بۆتە باو، بە تایبەتی پاش ئەوەی لایەنی ئابووریی بازرگانی (مێرچەنتلی) هاتۆتە سەر روو. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە پەیوەندیی ئابووری لە هەموو وڵاتانی ئەوروپادا، لە یەک کاتدا، لەو سەردەمەدا

نەبۆتە باو. بۆیە سەردەمی راپەڕین، لە کاتی دەرکەوتنی، وڵات بە وڵات جیاوازیی هەبووە. بەو جۆرە دەردەکەوێ، کە سەردەمی راپەڕین، بە پێی گرێدانی دەرکەوتنی بە دەرکەوتنی پەیوەندیی سەرمایەدارییەوە، خاسیەتی ئابووریو کۆمەڵایەتیو رامیاریو رووناکبیریی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، کە هەر ئەمانەش بەشداربوون لە پێکهاتەکەی. هەر ئەم خاسییەتانەش، بێگومان بوونەتە سەنگی مەحەکی ئەو بیرە رامیارییەی، کە لەم سەردەمەدا دەرکەوتووە.

پێشتر روونمانکردەوە، کە سەردەمی راپەڕین سەردەمێکی لەدایکبوونی پەیوەندیی سەرمایەداری بووەو ئەم پەیوەندییەش لە سەر جۆرە بناغەیەکی ئابووری دامەزراوە، کە پێی دەگوترێ ئابووریی بازرگانی (مێرچنتلی). هەڵبەت ئەم چەشنو دیاردە ئابوورییەش بناغەکەی ئەمانەی خوارەن:

١ـ باوەڕکردن بە گرنگیی سامانی دراو، واتە گرنگیی کانزا بەنرخەکان. هەڵبەت دەستکەوتنی ئەم کانزایانە بوونەتە بناغەی دەوڵەمەندکردنی دەوڵەت. واتە ئەو دەوڵەتەی لە رووی ئابوورییەوە دەوڵەمەند بێ، ئەو دەوڵەتەیە، کە زۆرترین بەشی کانزای هەیە.





٢ـ بەدەستهێنانی کانزای بەنرخ ئەو جۆرە کارو چالاکییانەن، کە دوڵەت دەبێ بایەخیان پێبدا. فرمانڕەوا پێویستە لەسەری کارو هەوڵو ئەرکەکانی میللەت رێکبخاو رابەرایەتییان بکا بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە پێی بڕیارو فرمانی پادشایەتی.

٣ـ دەوڵەت بۆ بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بە پێی نەخشەو پلانێ کار دەکا، کە لەسەر بناغەی پاراستنو پارێزگاریکردنی ئەو کانگا بەنرخانە دامەزرابێ، کە لە نێو خاکەکەیدا هەیەو ئەگەر نەشیبێ، دەبێ بۆ دەوڵەتی پەیدا بکا. بۆیە، کارو چالاکیی ئابووری لە سەردەمی راپەڕیندا بە بەرنامەو نەخشەی دەوڵەت بەڕێوە دەچێ تا دەگاتە دابینکردنی مۆنۆپۆلکردنی کانزاکان لە هەر جێگایەکدا هەبنو دابینکردنی رێگاوبانی هێنانەژوورەوەی زۆرترین بەش لە بەرهەمەکەیو نەهێشتنی چوونە دەرەوەیو گرتنەبەری رێبازێکی رامیارییو ئابووری، کە بە دوو رووی جیاوازدا ئاڕاستە بکرێ: رووی هاندانی ناردنی کاڵا بۆ دەرەوەی خاکی دەوڵەت بۆ بەرانبەری هێنانەوەی بەرهەمی کانزای بەنرخو کەمکردنەوەی هاوردنی ئەو جۆرە کاڵایانەش، کە دەبنە هۆی بردنە دەرەوەی بەرهەمە کانزاییەکان.

٤ـ بۆ گەیشتن بەم جۆرە هاوسەنگییە ئابوورییەش، دەوڵەت دەبێ پشتگیریی کالا ناردنە دەرەوە بکا. بۆ ئەو کارەش هانی بەرهەمهێنانی پیشەسازی بدرێو پشتگیریی لێبکرێ، بۆ ئەوەی بە هەرزانترین نرخ بێتە بەرهەمو پاشان کالا بێتە فرۆشتن بە هەرزانترین نرخ بۆ ئەوەی سەرکەوتنی پێبڕکێ بەدەست بێو زۆرترین بەشی لێ بفرۆشرێ. هەروەها دەوڵەت پێویستە لەسەری تا بتوانێ رێگا لە کڕینی کالا لە دەرەوەی وڵاتەوە بکرێ، بەلام تەنها ئەو کالایانە نەبێ، کە دەبنە هۆی وەبەرهێنانی زیاتر.

٥ـ بەدیهێنانی ئەم ئامانجە پێداویستیی ئەوە دروست دەکا، کە ناچاری ببێ بۆ کۆلۆنیکردنی دەوڵەتو ناوچەی تر لە پێناوی دەستکەوتی کانزای بەنرخو بەربلاوکردنی بازاڕی کالا ناردن بۆیو لە پێناوی دەستکەوتی کەرەستەی خاو.

٦ـ بێگومان لەبەر ئەوەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بەبێ بەربەرەکانێی نێوان بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان نابێ، بۆیە، پێشبڕکێی نێوان دەوڵەتان بوونەتە هۆی پەیوەندیی تایبەتی ئەم سەردەمە. پێشبڕکێش هەرگیز نەبووەتە هۆی هیچ جۆرێ لە جۆرەکانی هاوسەنگی لە نێوان دەوڵەتاندا، چونکە ئەو بناغەیە باو بووە، کە





دەڵێ: "کەس ناتوانێ برەو بباتەوە تا کەسێکی تر برەوەکە نەدۆڕێنێ." بۆیە روون بووە، کە جەنگ هەر دەبووایە هەڵگیرسایە.

بێگومان پەیوەندیی سەرمایەداری لە سایەی (مێرچنتلی)دا کاردانەوەی لە رووی کۆمەلایەتییەوە هەبووە. بە شێوەیەکی گشتی دەکرێ بگوترێ، کە خاوەنی مووچە کەمەکان چوونەتە رێژەی هەژارییەوە. بەلام بازرگانانو خاوەن بانقەکانو بەرهەمهێنەران بە پەیژەی دەوڵەمەندیدا خێرا سەرکەوتوون، کە ئەوەش کاریگەریی لەسەر بنکەی چینە کۆمەلایەتییەکان بووە لە نێو کۆمەڵدا. بە وشەیەکی روونتر، ئەم گۆڕانکارییە لە بنکەو دامو دەزگا ئابوورییەکاندا بۆتە هۆی گۆڕانکاری لە بنکەو دامو دەزگا کۆمەلایەتییەکاندا. چونکە ئاغاکان ئەو پلەو پایە کۆمەلایەتییانەی خۆیانیان لەدەست داوە، کە لە سەردەمەکانی نێوەڕاستدا بوویانەو لە بریی ئەوان چینێکیتر هاتۆتە کایەوە، کە چینی بۆرژوا بووە.

ئەم دیاردەیەش بە هۆی ئەوە روویداوە، کە بەرهەمی زۆری کانزایی گران هاتۆتە نێو دەوڵەتانی ئەوروپاوە، لە ئەنجامی ئەوەش لەپڕ نرخی کالا بەرزبۆتەوەو رەنگە بووبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی چینی ئاغایان ئەگەر جوتیارانیان

لە بریی کرێی زەویەکانیان، واتە زەویی ئاغاکان بەشێ بەرو بوومی زەوی بدەن. بەڵام ئەو جوتیارانە لە بریی ئەوە بڕی پارەیان بە ئاغاکانیان داوە. بە هۆی زۆربوونی بەرهەمی کانزای گرانیش بەهای پارە دابەزیوەو بەهۆی ئەوەوە نرخی راستەقینەی کرێی زەوی دابەزێو نرخی راستەقینەی دەستکەوتی پارەیان دابەزێ.

ئەوەی سوودی لە داڕووخانی ئابووریی چینی ئاغاکاندا دی، چینی بۆرژوا بوو، بە جۆرێ، کە ئاغاکان ناچار بوون بەرە بەرە بۆ بژێویی خۆیان زەویەکان بفرۆشن، تەنها بۆ ئەوەی پلەو پایە کۆمەڵایەتییەکەی خۆیان لە نێو کۆمەڵدا بهێڵنەوە. هەڵبەت ئەو زەویانەش، کە فرۆشراون زۆر بوونو بۆتە هۆی ئەوەی نرخیان بێتە خوارەوە. چینە بۆرژواکەش بووە، کە ئەو زەوییانەی کڕیوە. بەهۆی ئەوەشەوە بژێویی زۆر داهاتووە، نەک هەر وەکو هێزێکی ئابووری بێ، بەڵکو وەکو هێزێکی کۆمەڵایەتی. دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە بەڕێوەبەرایەتیی فەرمانڕەوایی‌و پادشایەتیش ڕۆڵی گەورەیان لە لاوازکردنی چینی ئاغاو بەهێزکردنی چینی بۆرژوادا بینیوە. هەڵبەت ئارەزووکردن بۆ دەرباری پادشایەتیش بۆ فرەوانکردنی سنووری دەسەڵاتی، زۆر جار تووشی بەرنگاربوونەوە





هاتووە لە لایەن خودموختاریی ئاغاکانەوە. ئەو کێشەیەش هەمیشە بە گران چارەسەر کراوە. ئەو گرانیەش زۆر جار گەیشتۆتە شێوازی بەرپاکردنی جەنگو شەڕو شۆڕ. بۆیە دەرباری پادشایەتیش هەمیشە هەوڵی ئەوە بووە لە دەسەڵاتی ئاغا بدا بۆ ئەوەی نەبنە دەسەڵاتی بەرەنگار بۆی.

بێگومان لایەنی سوودوەرگر چینی بۆرژوا بووە. ئەم چینەش چۆتە پێشەوەی کۆمەڵ. لە لایەکی تریشەوە، دەرباری پادشایەتی هێندە بەربەرەکانێی تووشهاتووە، ناچار بووە پۆستو پلەو پایەتی بیرۆکراسی (موچەخۆرانی سەر بە چینی ئاغاکان) بفرۆشێ. ئەم کارەش بواری زۆری بەوە رەخساند، لە بەردەم چینی بۆرژوادا، کە بخزێنە نێوەندی ئەم بیروکراسیەتەوەو پلەی بەرزیان لە بەڕێوەبردنی فرمانڕەوایی‌و پادشایەتیدا دەستکەوێ.

ئەم گۆڕانکارییەی، کە لە سەردەمی راپەڕیندا بەسەر بارو دۆخی ژیانو گوزەرانی چینە کۆمەڵایەتییەکاندا هات، رەنگدانەوەی سەر بەهای کۆمەڵایەتیشدا بوو، بە جۆرێ، کە ئەم سەردەمە کۆمەڵێ بەهای بە خۆوە بینی، کە لە شێوەی پیرۆزکردنی گیانی جوستوجۆو سەرکەشیدا بوو، وەک: دەریاوانی بۆ دۆزینەوەی زەویی تر. هەروەها هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەو گۆڕانکاری لە کەرەستەو

ئامێرەکانی لە ژیانی رۆژانەیدا بەکاری دەهێنان، چونکە بەوەی دەزانین، کە ئامرازی کاریگەرو گرنگ بوون بۆ ئەو پرۆسەی جستوجۆو سەرکەشییانەی. هەروەها کڕینو موڵکایەتیکردنی کانزای گرانبەها بوون بە بەها کۆمەڵایەتیەکەی. مرۆڤی چینی هەرەمەکیش هەر بە جستوجۆو سەرکەشی لە دەرەوەی وڵاتەکەیو ناوەوەی وڵاتەکەیو بە پەیداکردنو دەستکەوتی کانزای گرانبەها دەیتوانی بچێتە ریزی چینی بۆرژواوە.

ئەو گۆڕانکارییە ئابووریو کۆمەڵایەتییانە هاوشانی گۆڕانە فەرهەنگیو رووناکبیرییەکان بوون، کە بەرجەستەی داکەوتی راستەقینەی سەردەمی راپەڕین بوون، وەک: "زانست پەیداکردن لەبارەی بەرهەمی کلاسیکیی گریکیو رۆمانیەوە"و گرنگیدان بە زمانی گریکی. زمانی لاتینی تا ئەو سەردەمە تاقە زمانی باو بوو، بەڵام لەگەڵ بوونی زانای زمانی گریکی (کریزۆ لوڕاس) لە ئیتاڵیاو کۆچکردنی گریکەکان لە کۆنستانتینۆسەوە لە پاش کەوتنی ئیتاڵیا زمانی گریکی بە شێوەیەکی بەرچاو بوو بە باو. بایەخدان بە دەقی گریکیو رۆمانیو بە دەستنووسە کۆنەکان بووە هۆی نیشانەی تایبەتی ئەو سەردەمی راپەڕینە. جگە لە دەرکەوتنی تەوژمی فەلسەفیی بەهێز، کە شایانی باسە، بە درێژایی





سەدەکانی نێوەڕاست تەنها هەر تەوژمی فەلسەفیی ئەریستۆتاڵیس باو بووە. بەڵام پاش ئەوە، لە سەردەمی نوێدا تەوژمی فەلسەفیی ئیفلاتوونی بۆتە باو.

لە رووی دەسەڵاتی رامیاریشەوە، سەردەمی راپەڕین گۆڕانکاریی گەورەی بەسەردا هاتووە. ئەگەرچی پاشا شێوازی گشتیی دەسەڵاتی پادشایەتیی لا ماوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، سەردەمی راپەڕین، بەو گۆڕانکارییە ئابووریو کۆمەڵایەتییانەی، کە بە خۆیەوە بینی، سیستەمێکی نوێشی لە دەسەڵاتی رامیاریی تێدا پەیدا بوو. بە جۆرێ، کە هەر شتێ پاشا بیویستایە بیکا، پێشتر لە رێگای ئەنجومەنەکانیەوە بۆی ئامادەو پێشنیار دەکرا. ئەو ئەنجومەنانەشی زۆربەی زۆریان پیاوە ئەرستۆکراتیە دەوڵەمەندەکان بوونو خەڵکانو جەماوەری زۆریان لە دەور بوون. هەر لە هەمان سەردەمی راپەڕیندا پیاوانی تەکنیکیش بەرە بەرە زۆر دەبوون. ئەو ئەنجومەنانە ژمارەیان زۆر بوون. گرنگترینیان ئەنجومەنی دارایی بوو. هەروەها ئەنجومەنی بەشەکانی، کە کارو باری دادوەرییان دەسازاند. جگە لەوە ئەنجومەنی گشتیش هەبوون، کە تا رادەیەک سروشتی نوێنەرایەتییان هەبووە. لە پاڵ

ئەو ئەنجومەنە گشتییانەش، پارلەمان داهاتووە، کە هەموو دامو دەزگای بێ هێز بوونو کاریان لە پارێزگاریکردنی یاسا سەرەکییەکان تێپەڕی نەکردووە. هەڵبەت ئەم ڕێکخراوە رامیارییانە ئەو راستییە نیشان دەدەن، کە دەوڵەت لەم شێوە دەوڵەتە نوێیانەی ئێستا چەکەرەی کردووە. هەرچی گشتی بووە جێگای تایبەتیەکانی، وەکو تایبەتیی پاشایەتیی گرتۆتەوە.

هەڵبەت دامەزراندنی دەوڵەت بە واتای نوێی، بۆتە خولیای بیرمەندانی سەردەمی راپەڕین. هەرە باشترین بیریش ئەوە بووە، کە لەم لایەنەی کۆڵیبێتەوە.

## مایکیاڤیللیو دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم

هەڵبەت دەوڵەت بە درێژایی سەردەمی رۆم واتایەکی گەیاندووە، کە دەسەڵات بە بەردەوامی بهێڵێتەوەو پاڵپشتی دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆر بێ. واتە رۆڵی ئیمپڕاتۆر پیشە بووە بۆ دەوڵەت خۆیو بۆ جێبەجێکردنی بەرژەوەندیی خەڵکی بووە. بەو جۆرە، دەوڵەت لە سەردەمی رۆمدا هەر بەردەوام بووە، ئەگەر چی ئیمپڕاتۆریش گۆڕابێ. دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریش هەر بالاترین بووە، چونکە خۆی دەوڵەتی نواندووە. بەڵام ئەم واتایە لە سەردەمی





نێوەڕاستی دەرەبەگایەتیدا نەماوەو بەسەر چووە. ئیتر دەوڵەت بۆتە یەک شت لەگەڵ کەسایەتیی پاشا. واتە دەوڵەت پاشا بووەو پاشاش دەوڵەت بووە. هیچ واتایەکیش نەماوە سەبارەت بە بەرژەوەندیی گشتی، یاخود دەسەڵاتی گشتی، کە قسەی لەسەر بکرێ. پاشا، کە دەسەڵاتی بەڕێوە بردووە، لەبەر ئەوە، کە خۆی بەهێزترین کەسی دەوڵەت بووەو هەرە گەورەترین دەرەبەگ بووە. هەر کارێ کردبێتی هەر لە بەرژەوەندیی خودی خۆیدا بووە. بەو جۆرە دەبینین دەوڵەت بوونێکی سەربەخۆی نەبووە، کە لە خودی پاشا جیابێتەوە. نەک هەر ئەوە، بەڵکو دەبینین دەوڵەت لە بوونی کڵێسەش جیانەکراوەتەوە. واتە تێکەڵاوییەکی قووڵ لە نێوان دەوڵەتو کڵێسەو پاشادا هەبووە. هەر وەکو (سانت ئۆگستینۆس) گوتوویەتی: دەوڵەت شاری خودا بووە.!" پیاوانی ئایین دەست وەرداری کارو باری رامیاریو بەڕێوەبەرایەتی دەوڵەت بوونو یاساکانی کڵێسەش یاساکانی دەوڵەت بوون. ئەو باجو خەراجەش، کە کڵێسە بەسەر خەڵکیدا سەپاندوویەتی، بە زەبر سەپاندوویەتی. بەو جۆرە ئاسان نەبووە ئەو دوو دەزگایە: دەوڵەتو کڵێسە لە یەکتر جیابکرێتەوەو دەسەڵاتی یەکێکیان لەوی تریان کەمتر بێ. بەڵام لە سەردەمی

راپەڕین بەولاوە دەوڵەت بە ئاستێکی تردا گەشەی کردووە. ئیتر بەرە بەرە سەربەخۆیی خۆی بووەو لە بوونی کەسایەتیی پاشا جیاکراوەتەوە. بە ڕێژەیەکی کەمیش لە دەسەڵاتی کڵێسەش جیاکراوەتەوە. بەوە ئیتر دەوڵەت شێوازی دەزگای پۆزەتیڤیزمی وەرگرتووە، کە دەسەڵاتی بەرزتری لە سەرووەوە نەبێ، چ کەسی بێو چ ئایینی بێ.

دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم دوو لایەنی سەرەکیی لەخۆ گرتووە، لایەنێ، کە مەکەزی بووە، لە رووی بەڕێوەبردنو لەشکرو باج سەپاندن. لایەنێکیتر، کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی بووە لە رووی دەسەڵاتی ناوخۆو دەرەکیشدا.

مایکیاڤیللی هەمیشە بیری لە تیۆر دانان کردۆتەوە سەبارەت بە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم، بە تایبەتی بە هۆی داکەوتی شاری (فلۆڕانس)ەوە لە ئیتاڵیا.

### مایکیاڤیللیو مێژینەی شاری (فلۆڕانس)

(فلۆڕانس)، کە مایکیاڤیللی (١٤٦٩ـ ١٥٢٧)ی تیادا لەدایک بووە، یەکێ بووە لە شارە گرنگەکانی ئیتاڵیا، کە لەو سەردەمەدا لە رووی ئابوورییەوە گەشەی زۆری کردووە، بە تایبەتی لەسەر ئاستی بازرگانی. شوێنی ئەم شارە لەسەر هێڵی بازرگانیی





دەریای سپی نێوەڕاست، بەرەو رۆژهەڵات، وای لێکردووە سەرمایەیەکی زۆری تێبکەوێو چالاکیی بانقو ئاڵوگۆڕی دراوی تیادا بەرفرەوان بێ. هەروەها وای کردووە هەندێ لە خێزانە دەوڵەمەندە بەناوبانگەکان دەسەڵاتیان تیادا هەبێ، بە تایبەتی خێزانی (میدیتچی)، بە هۆی سامانەکەیانو پەیوەندیی خزمایەتیی توندیان لەگەڵ پاپاو بە هۆی سوودوەرگرتنیان لە هەندێ ئاژاوەی، کە زاڵبوون بەسەریداو ئاساییشیان بۆ شارەکە گەڕاندۆتەوەو بەرامبەر بەوە دەسەڵاتی رامیارییان دراوەتە دەست.

خێزانی (میدیتچی) بە شێوازی (ئۆتۆکراتی) فەرمانڕەوایی ئەو شارەیان کردووە، هەموو ئاسانکارییەکو زەمینە خۆشییەکیان بۆ (ئۆلیگارشیە) خاوەن بانقەکان کردووە، کە بە ئاسوودەییو ئاساییشو دەوڵەمەندانەو بە رابواردنو لە پلەی دارایی و رۆشنبیریی باڵادا بژین، بەڵام چینەکانیتر، بە تایبەتی بۆرژواکان ژیانیان چۆتە بێدەرەتانییەوە.

بەڵام کاتێ دەسەڵات کەوتۆتە دەستی (پیرۆ دی مدیچ)یەوە، کە بە لاوازی ناوی دەرکردووە، ئاژاوەی زۆر لە (فلۆڕەنس)دا بڵاوبۆتەوەو گرنگیی پێشووی لەدەست داوە. هەموو ئەوانە ڕێگایان بۆ

لەشکری فەڕەنسا خۆشکردووە، کە پەلاماری شارەکە بدەنو (پیرۆ مدیچی) لە دەسەڵات لابەرن. بە هۆی ئەوەوە، ئیتر فەرمانڕەوایی خێزانی (مدیچی) سرڕاوەتەوەو کۆتایی هاتووەو لە بریی ئەوە (کۆماری عیسا) دامەزراوەو (سافونارۆلا)ی قەشە بۆتە سەرۆک کۆمارو لەگەڵ ئەنجومەنێکدا بەڕێوە چووە، کە بۆ ماوەی سێ ساڵ هەڵبژێرراوە. ئەو قەشەیە دەستی بە چاکسازی کردووەو بۆتە پەسەندبووی خەڵکی ئەو شارە. بەڵام دیارە، کە کڵێسە ئەو قەشەیەی پەسەند نەبووە، بە تایبەتی، کە ویستوویەتی چاکسازی بخاتە نێو کڵێسەشەوە. پاش ئەوەی کڵێسە نەیتوانیوە بە لای خۆیدا رایکێشێ، پاپا بڕیاری بە دەرکردنی لە کڵێسە داوە بە تاوانی ئەوەی خەریکی بڵاوکردنەوەی بیرو باوەڕی گومڕاییو بۆگەن بووە. پاشان هەر لە لایەن کڵێسەوە لە قەنارە دراوەو لاشەکەشی سووتێنراوە. بە مردنی ئەو قەشەیە، ئیتر قۆناغێکی نوێ لە ژیانی رامیاریی (فلۆڕانس) دەستی پێکردووەو مایکیاڤیللی لەسەر شانۆی رامیاری لەو شارەدا دەرکەوتووەو دوایی وەک فەیلەسووفێکیش نێوبانگی دەرکردووە.

لەم قۆناغە نوێیەدا دامودەزگای کۆماری گەڕاوەتەوە شاری (فلۆڕانس)و دەسەڵات چۆتە





دەستی نوێنەرانی یەکێتییەکانو بانقەکانو بازرگانییە گشتیو تایبەتیەکانو پیشەسازانو هەندێ لە کارکەران. دیارە نزیکەی هەزار کەس لە نەوەت هەزار شاری بە خول لە حوکومڕانیدا بەشدار بوون. بەڵام ئەوانەی ماون لە دەرەوەی بازنەی ئەو یارییەدا بوون. واتە دەسەڵات کەوتۆتە نێو دەستی بۆرژواکانەوە، بە تایبەتی بۆرژوای گەورە. بەڵام دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین، کە ئەو بۆرژوایانە لەو شێوە بۆرژوایانە نەبوون، کە لە پاش سێ سەدەوە دەرکەوتوون. هەڵبەت ئەو بۆرژوایانە زیاتر لەو خێزانانەوە بوون، کە دەوڵەمەندو دەرەبەگو خاوەنی سامانی زۆر بوون، نەک لەو خێزانانەوە بووبن، کە هەڕەمەکی گەل بوون.

مایکیاڤیللی پلەی سکرتێری (کۆنسوڵی دووەمی) پێ بەخشراوە. بەو پلەیە بەردەوام بووە تا ساڵی ١٥١٢ ئەوجا دەرکراوە. واتە تا ئەو ساڵەی خێزانی (مدیچی) دووبارە دەسەڵاتیان گرتۆتەوە دەست.

مایکیاڤیللی لە خێزانێکی کۆنی دەربەگی بچووکی (فلۆڕانس) بووە، کە بەرەو هەژاری چوون. بۆیە خۆی لە ریزی چینی بۆرژوادا بینیوەتەوە. باوکی پارێزەر بووە، بۆیە بێتەرخەمیی لێی نەکردووە بۆ

خوێندنی باش. لەبەر ئەوە مایکیاڤیللی خوێندنی یاساو فەلسەفەو مێژووی تەواو کردووە.

ئەو ماوەیەی مایکیاڤیللی تیایدا پۆستی رامیاریی بووە، بە شێوەیەکی گشتی بە هەرە ناهەموارترین ماوە دەژمێررێ لە مێژووی ئیتاڵیا. چونکە لەو ماوەیەدا کەوتۆتە بەر شاڵاوی لەشکری فەڕەنساو ئیسپانیاو ئەڵمانیا. هەروەها (فلۆڕانس) رۆڵی ئابووریو بازرگانیی تەنگترو کەمتر بۆتەوەو تووشی قەیرانو چەڵەمەی دژوارو زۆر بووە. هەروەها نرخی زێڕ لە خەزێنەی بانقەکاندا چۆتە هەرە نزمترین رادە.

مایکیاڤیللی زۆر بە قووڵی بیری لەو داکەوتە ناهەموارە کردۆتەوە کە ئیتاڵیا بە گشتیو (فلۆڕانس) بە تایبەتی تووشی بووە. ئەنجام گەیشتۆتە ئەو بڕواو راستییە بنەڕەتییە، کە (فلۆڕانس)، یاخود ئیتاڵیا بە گشتی تووشی بارو دۆخی زۆر لاواز بووە. لە روانگەی ئەو راستییەوە بۆ بری (ئەڵتەرناتیڤ) پرۆژەیەکی داڕشتووە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزمی بەهێز. ئەو پرۆژەیەی لە زۆربەی نامیلەکەکانیدا بڵاوکردۆتەوە، بە تایبەتی لەم کتێبانەیدا: (میر)و (رووبەڕووبوونەوە)و (هونەری گەنگ)و مێژووە فلۆڕانسییەکان)، هەروەها لە زۆر لە نامەکانیشیدا.





## بناغەکانی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمی بەهێز

مایکیاڤیللی، کاتێ ئەم پرۆژەیەی داناوە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزمی بەهێز، خۆی نەهاویشتۆتە جیهانی روانگەیی رووتەوە، بەڵکو ئەم بەر لە هەر شتێ مرۆڤی رامیاری بووەو لەو پیشەیەیدا کارامەیی نواندووە. ئیتاڵیاش ئەو کێڵگەیە بووە، کە ئەم ئەو کارامەییەی تیادا نواندووە. لە هەمان کاتدا بەراوردکردنی ئەم وڵاتەی لەگەڵ وڵاتانی تردا پشتگوێ نەخستووە. بەڵکو بە هۆی پیشە رامیارییەکەیەوە گەشتی بە نێو زۆر لە وڵاتە ئەوروپییەکان کردووە. لەو سەردەمەشدا زۆربەی ئەو دەوڵەتانە گەیشتوونەتە پلەی زۆر بەهێز. وەک: فەڕەنساو ئیسپانیاو ئەڵمانیاو هۆڵاندو... هتد. مایکیاڤیللی هەوڵی داوە ئەو هۆکارانە نیشان بدا، کە بوونەتە هۆی بەهێزکردنی ئەو وڵاتانە.

دەکرێ بگوترێ، پرۆژەکەی مایکیاڤیللی سەبارەت بە دامەزراندنی دەوڵەتیکی پۆزەتیڤیزم لە سەر دوو کۆلەکەی جیاواز لە یەکتر دامەزراوە، یەکەم: ئەو داکەوتە لاوازەی، کە ئیتاڵیا ئەو سەردەمە تووشی هاتووە، دووەم: ئەو داکەوتە بەهێزەی دەوڵەتانی ئەوروپا تیادا بوون. مایکیاڤیللی، وەک پیاوێکی

رامیار، سەودای لەگەڵ ئەو دوو کەڵەکەیە کردووە، بە تایبەتی لە کتێبی (میر)ەکەیدا.

یەکەم: (میر): مایکیاڤیللی لەو کتێبەیدا وای بۆ چووە، کە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم ناکرێ دامەزرێ بە بێ بوونی پیاوێ، کە تایبەتمەندیی نەبێ. بەڵام ئەو تایبەتمەندییانە چین؟

١ـ ئەو پیاوەی، ئەو جۆرە پرۆژە گرنگە بهێنێتە دی، واتە بتوانێ دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزم دابمەزرێنێ، هەر دەبێ مرۆڤێکی نائاسایی بێو تایبەتمەندیی نائاساییشیی تیادا هەبێ.

٢ـ بەو جۆرە (میر) وەها خۆی دەبینێتەوە، کە ناچار بێ خۆی لە بەهاکانی دڵپاکیو چاکە دوورخاتەوە. چونکە "هەر مرۆڤێ بیەوێ لە هەموو شتدا دڵپاکیو چاکە بنوێنێ، ئەوا بێگومان تووشی خەمو پەژارەو نەهامەتی دێو دەکەوێتە نێوەندی ژمارەیەکی زۆر لە مرۆڤ، کە چاکەیان نەبێ."

٣ـ رەنگە (میر)ی لە کاتی کارکردنیدا تووشی هەندێ هەڵە ببێ. بە هۆی ئەو هەڵانەشیەوە رووبەرووی رەخنەو نارەزایی ببێتەوە، بە تایبەتی، کە ئەو هەڵانەی لە لایەنی رەوشتیەوە بن. واتە کاری نارەوشتیی کردبێ. "ئەگەرچی هەندێ جار هەندێ کاری رەوشتیش، ئەگەر پەیرەو بکرێن، دەشێ ببنە وێرانکردنی ژیانی سروشتی مرۆڤو ئێشو





ئازاردانی. هەندێ کاری نارەوشتیش رەنگە ببنە هۆی بەختەوەریو کامەرانیی زیاتری مرۆڤ." بۆ نموونە رەنگە پیاوێ هەبێ کاری دادوەری بکا بەڵام کەسایەتیی ناپەسەندو نارەوشتانەی هەبێ.

٤ـ (میر) پێویستە بەزەیی نیشان نەدا. بۆیە نابێ گوێ بداتە هەر ناتۆرێ لێی بنرێ، کە بە مرۆڤێکی دڵرەق نێو لێببرێ. ئەگەر بێتو ئەو دڵرەقییەی ببێتە هۆکارێ بۆ یەکبوونی وڵاتییانیو بیانخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. چونکە هیچ (میر)ێ نییە ئەو ناتۆرەی نەخرێتە پاڵو ناوی دڵرەقو توندوتیژی لێنەنرێ. بە تایبەتی لەو ماوانەدا، کە وڵاتەکەی تووشی دژواریو جەنگ دێ. لە راستیدا ئاسان نییە (میر) لە یەک کاتدا خەڵکی خۆشیان بوێو لێشی بترسن. بەڵکو چاکتر وایە هەمیشە لێی بترسن. چونکە زۆر وڵاتی هەن، ئەگەر چی (میر) خۆشەویستیش بێ لایان، بەڵام هەر دەیانەوێ زەبری لێ بوەشێنن."

٥ـ (میر) لە هیچ کاتێکدا گوێ نادا بە هەرچی پەیمانو وەفادارییەک، کە بۆی دەدرێو پێی دەدرێ. " بە پێی ئەزموون سەلمێنراوە، کە ئەو میرانەی بە کارێ هەڵساون، زۆر گوێو بایەخیان بە پەیمانو وەفاداری نەداوە، کە پێیان دراوە، بەڵکو هەردەم بە فێڵو زیرەکیی خۆیان بە بیرو ئاوەزی خەڵکی

پێکەنیون‌و شڵەژاندوویانن‌و بەسەر ئەوانەشدا زاڵ بوون، کە پەیمان‌و وەفادارییان نیشان داون."

٦ـ مایکیاڤیللی هەمیشە بە مەرجو پێویستی زانیوە، کە (میر) خۆی لەگەڵ هەر بارو دۆخێکدا بگونجێنێ. "هەر بە پێی ئەوەش (میر) دەبێ بتوانێ خۆی بە پیاوی بە سۆزو بە بەزەیی نیشان بداو بە درۆ خۆی وەها نیشان بدا، کە میرێکی پەیمان پارێزەو هەستی بەرزی مرۆڤانەی تیادا هەیەو خاوەن رەوشتی بەرزەو مرۆڤێکی ئایین پەروەرە. بەڵام لە کاتی ناچاری‌و تەنگانەدا هەرگیز ئەو روخسارانەی نەنوێنێ. بەڵکو بە پێچەوانەی ئەوەوە بێ."

٧ـ مایکیاڤیللی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە بە گرنگ دەزانێ، کە لە (میر)دا بوونی هەبێ بۆ ئەوەی بە هۆیەوە توانایی هەبێ رۆڵی هەرە گرنگی هەبێ لە دامەزراندنی دەوڵەتێکی پۆزەتیڤیزم‌و لە هێنانەدیی دروشمی (ئامانج پاساوی ئامراز دەداتەوە). واتە (هەر ئامرازو رێگایەک هەبێ با بەکار بێ، گرنگ گەیشتنە بە مەبەست)و بە کارهێنانی ئەو دروشمە لە کارو باری هەموو خەڵکو بە تایبەتی میران. کە ئەوە راستییەکە لێ لادانی نییە.





دووەم: سوپاو لەشکر: بە پێی بۆچوونی (مایکیاڤیللی ـ کە خۆی لە سەردەمەکەیدا بینیویەتی، کە چۆن لەشکرانی فەرەنساو سویسراو ئەڵمانیا، بۆ جێبەجێکردنی ئامانجو مەبەستی تایبەت چوونەتە نێو شارە ئیتاڵیەکانەوەو پەلاماریان داوەو داگیریانکردووە ـ بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی (دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم) پێویست بە سوپاو لەشکرێکی تایبەتمەند دەکا. مایکیاڤیللی هەروەها ئەوەشی بینیوە، کە ئەو خەڵکەی هێرشیان کراوەتە سەر، شارەکانیان بەجێهێشتووەو رزگاریان بووە لە کوشتارو مردن بەرانبەر بەوەی، کە یان شارەکانیان لەدەست چووەو یان باجو سەرانەیان داوە. بۆیە لای ئاسان بووە وا لێکیبداتەوە، کە ئیتاڵیەکان خۆیان رابەرایەتیی کاروباری رامیاریی خۆیانیان کردووە. بەڵام سەبارەت بە جەنگ، جاشو بەکرێگیراویان بووەو پارەیان داونەتێ لەشکرکەشییان بۆ بکەن.

هەڵبەت ئەو جاشو بەکرێگیراوانەشیان هیچ زیرەکییان نەویستووە، بەڵکو وەها فێرکرابوون، کە جەنگ دەبێ درێژخایەن بێ بۆ ئەوەی سوودو قازانجی زۆرتری لێ بکەن. بۆیە، ئەو جەنگانەیان لە کاتی بەرپابوونیاندا کۆمیدیا بوون‌و لە پاش پیرۆزی‌و سەرکەوتنیشیاندا بوونەتە تراژیدیا،

چونکە ئەو جاشو بەکرێگیراوانە، کە پیرۆزی سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە، یەکسەر بە ڕەواو بە حەڵاڵیان زانیوە هەر تاڵانییەک بێ لە شارەکاندا بیکەن. بەڵام مایکیاڤیللی بە چاکی هەستی بەو دیاردە هەڵەیە کردووە، هەر بۆیە بە پێویستو بە مەرجی زانیوە، کە لەشکرو سوپای نیشتمانی بێتە دامەزراندن.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێ، کە سەرۆکی حکومەت لە شاری (فلۆڕانس) بیرو پێشنیاری مایکیاڤیللیی پەسەند کردووە بۆ هەوڵدان بۆ بەدیهێنانی لەشکرێکی نیشتمانی. بەڵام مایکیاڤیللی سەختیی لە جێبەجێکردنی ئەو بیرو پێشنیارەی بۆ هاتۆتە دی. بە تایبەت لەو بارەیەوە، کە نەیتوانیوە سەرباز کۆبکاتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، تووشی بەرهەڵستی هاتووە، بە تایبەتی لە لایەن جوتیارەکانەوە. هەڵبەت ئەو بەرهەڵستکارییەش هۆکاری خۆی هەبووە لەو داکەوتو بارودۆخەی ئەو سەردەمەی ئیتاڵیادا. چونکە بۆ ئەوەی سەرباز کۆ بکرێتەوە، دەبووایە میللەت بوونی هەبێ، واتە سەرباز دەبووایە هەست بەوە بکا، کە وڵاتییەو نەتەوەی خۆی هەیە. بەڵام شاری (فلۆڕانس) وڵات نەبووە، تەنها بۆ فلۆڕەنسیەکان خۆیان نەبێ. هەروەها ئەو شارە بە





تەنها هەر وڵاتی فلۆڕەنسیەکان خۆیان نەبووە. بەڵکو بەو جۆرە بووە، کە هەر کەسێ مافی ئەوەی نەدرابێتێ ڕامیاریی ئەو شارە بکا، بە وڵاتی نەژمێرراوە.

بەڵام باوەڕی مایکیاڤیللی بە پێویستکردن بە دامەزراندنی لەشکرێکی نیشتمانی نەگۆڕاوە، بەڵکو بەردەوام بە ئیتاڵیەکانی گوتووەو ئامۆژگاریی کردوون، کە پێویست بووە، کە نەریتی لەشکری جاشایەتیو بەکرێگرتەیی نەهێڵرێو لە بریی ئەوە نەریتی لەشکری بەرگریی میللی بێتە کایەوە. هەر بۆ ئەو مەبەستەش کتێبێکی داناوە بە ناونیشانی (هونەری جەنگ). جگە لەوە، لە کتێبی (میر)ەکەیدا دووپاتی کردۆتەوە، کە (میر) ئەگەر پەنا بەرێتە بەر جاشو بەکرێگرتە، ئەوا هەرگیز هەست بە ژیانی ئارامیو ئاسوودەیی ناکا. هەروەها دووپاتی کردۆتەوە، کە (میر) ئەگەر پەنا بەرێتە بەر جاشو بەکرێگیراو لە کاتی جەنگدا، ئەوا لە کاتی ئاشتیدا وڵاتەکەی هەر لە لایەن ئەو جاشو بەکرێگیراوانەوە تووشی تاڵانی دەبێ. لە ڕۆژانی جەنگیشدا لە لایەن دوژمانیەوە تووشی تاڵانی دەبێ. چونکە جاشو بەکرێگیراو هەرگیز هەستی لایەنگرییان بۆ وڵاتەکەیان نابێو ئەو جەنگانەی دەیکەن لە پێناوی پاراستنی وڵاتەکەیان نابێ، تەنها بۆ مووچەیەکی

کەم نەبێ، کە وەریدەگرن. واتە هیچ هەستێکیان تێدا نییە بۆ قوربانیدانو گیان بەختکردن لە پێناوی وڵاتەکەیاندا. کەواتە لێرەدا دەگەینە ئەو ئەنجامە، کە مایکیاڤیللی، کە بیری لە دامەزراندنی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمی بەهێز کردۆتەوە، لەبەر ئەوە بووە، کە باوەڕی وەها بووە، کە ئەم پڕۆژەیە جێبەجێکردنی مەحاڵ بووە، تەنها بەوە نەبێ، کە (میر)ێ هەبێ تایبەتمەند بێو لەشکرو سوپایەکی تایبەتی هەبێ. هەر ئەو باوەڕەشی بەستراوە بەوەی، کە دەوڵەتێکی ئیتاڵیی یەکگرتوو بێتە ئاراوە، لە بریی ئەو داکەوتەی ئەو سەردەمەی تیایدا ژیاوە. ئەو دەوڵەتە ئیتاڵییە یەکگرتووەشی بە مەرجی بناغەیی داناوە بۆ گەشەکردن لە مێژووی نەتەوەکاندا.

## کۆسپەکانی دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم نەتەوەیی

بێگومان پەرۆشیی زۆری مایکیاڤیللی لە دامەزراندنی دەوڵەتی پۆەتیڤیزمی بەهێز، بە واتایەکی روونتر لە دامەزراندنی دەوڵەتی ئیتاڵیای یەکگرتوو بەرچاویشی نەگرتووە، لە بینینی ئەو کۆسپو تەگەرانەی، کە هاتوونەتە بەردەمی ئامانجی جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیە. مایکیاڤیللی توانیویەتی ئەو کۆسپو تەگەرانەش لە بەر





رۆشنایی داکەوتی راستەقینەی ئیتاڵیای ئەو سەردەمەیدا دەستنیشان بکاو هۆکارەکەی لە کڵێسەو چینی دەرەبەگدا کۆبکاتەوە.

یەکەم: کڵێسە: مایکیاڤیللی دوو هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ئایینو کلێسە تێکەڵ بە یەکتر نەکردووە. ئەگەر چی بیرو باوەڕی دنیایی هەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەها تەماشای ئایینی کردووە، کە پلەو پایەی گرنگو بەرزی هەبێ لە نێو دەوڵەتدا لەبەر ئەوەی ستوونو کۆڵەکەی کۆمەڵایەتییە. بۆیە گوتوویەتی، کە: "هەر میرنیشینێ، یان کۆمارێ بیەوێ بمێنێتەوەو بە دوور بێ لە بەڵای رووخانو دارمان، پێویستە پاکیی کەشو نزا ئایینیەکان بپارێزیو وەک خۆیان بیانهێڵێتەوەو هەمیشە بیانخاتە بریی شکۆمەندیی خۆی. بێگومان باشترین نیشانەو بەڵگەی رووخانی هەر وڵاتێ لە وڵاتان روونەکردنە لە ئاسمانو یەزدان." پاشان گوتوویەتی، کە: "لەبەر ئەو هۆیە پێویستە دەسەڵاتدارانی هەر کۆمارێ، یاخود شانیشینێ بنەما سەرەکییەکانی ئەو ئایینە بپارێزن، کە بوونو یەکێتییان دەپارێزێ. بۆیە پێویستە هانی هەر کەسێ بدەن، کە یارمەتییان دەدا بۆ گەیشتن بەو ئامانجە، ئەگەر چی ئامانجەکەشیان بە دڵ نەبێو لایان پەسەند نەبێ.

چونکە چەند زیاتر کار بۆ ئەوە بکەن، ئەوەندە زیاتر هۆشیارتر دەبن پێیو زیاتر لە یاساکانی سروشت تێدەگەن." هەروەها گوتوویەتی: "دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی کرستیان، ئەگەر پارێزگارییان لەو گیانە ئایینییە بکردایە، کە دامودەزگای کرستیانی بۆی داڕشتبووین، ئەوا ئەو کاتە ئەم دەوڵەتە زۆر یەکگرتووتر دەبووو کامەرانیو بەختەوەریی زیاتری لە ئێستا." دیارە مایکیاڤیللی خەمی بۆ ئەوە خواردووە، کە ئەو گیانە ئایینییە لەدەست چووە. لەم روانگەیەوە ئیتر هەوڵی داوە هەڵوێستی خۆی سەبارەت بە کڵێسە دەستنیشان بکا، کە بە لایەوە وەها بووە، کە هۆی سەرەکی بووە بۆ رووخانی گیانی ئایینی لە ئیتاڵیادا."

دیارە کڵێسەش لە لایەکەوە بە هۆی ئەو داکەوتنەوەو لە لایەکیترەوە بە هۆی کاریگەریی نەگەتیڤیەوە لەسەر ئایین تووشی ئەو بارە نالەبارە هاتووە. چونکە کڵێسە بەو داکەوتەی هەیبووە، بێگومان ئیدی گونجاو نەبووە بۆ ئەوەی ئامرازێکی چاک بێ بۆ پاراستنی گیانی ئایینی لە کەوتنو دارمانی.

مایکیاڤیللی لای وا بووە، کە کڵێسە رۆڵێکی نەگەتیڤی راستەوخۆی بینیوە سەبارەت بە





دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتاڵیا. بۆیە گوتوویەتی: "کڵێسە بۆتە هۆی پەرتکردنی ئیتاڵیاو بەردەوامیش هەر لە پەرتکردنیدایەتی. راستتر وایە بگوترێ، کە هیچ نیشتیمانێ یەکێتیو کامەرانی بە خۆیەوە نابینێ، تا هەمووی نەچێتە ژێر سایەی دەسەڵاتێکی کۆماریی یەکگرتووەوە، یاخود ژێر دەسەڵاتی یەک میر، رێگری ئەوەش کڵێسەیە.."

مایکیاڤیللی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە: "کڵێسە هەرگیز رۆژێ لە رۆژان توانایی ئەوەی نەبووە، کە دەسەڵاتی بەسەر سەرانسەری ئیتاڵیادا بسەپێنێ. نەک هەر ئەوە، بەڵکو بواریشی نەداوە ئیتاڵیەکان خۆیان ئەو دەسەڵاتە سەرانسەرییەیان هەبێ. بۆیە هۆی نەهێڵانی بوونی ئیتاڵیا لە سێبەری دەسەڵاتی یەک سەرگەورەداو پەرتکردنی بۆ ژمارەیەک لە میرنشینی هەر کڵێسە بووە. هەر بۆیە ئەو میرنشینانەش لاواز بوونو کەوتوونەتە بەر پەلاماری بەربەرە بەهێزەکانو هەر لایەنیتر، کە هێرشیان بۆ بردوونو تالانیان کردوون. بەو جۆرە، کڵێسە، بە پێی بۆچوونی مایکیاڤیللی، بۆتە کۆسپێ لەبەردەم دروستبوونی دەوڵەتی یەکگرتووی ئیتاڵیا."

دووەم: چینی دەرەبەگ: مایکیاڤیللی لەو باوەڕەشدا بووە، کە بۆ ئەوەی دەوڵەتێکی

پۆزەتیڤیزمی بەهێز دروست بێ، پێویستە دەسەڵاتی دەرەبەگەکان نەهێڵرێو لە نێو ببرێ. تاکو ئەو دەرەبەگانە قەڵاو شوورەو دەستو پێوەنیان هەبێ هەر دەبنە کۆسپی گەورە لە ڕێی دروستبوونی ئەم جۆرە دەوڵەتە. ئەمە لە لایەک، لە لایەکی ترەوە، ئەو دەرەبەگانە مەترسییان بۆ سەر میر خۆیشیدا هەبووە، بە تایبەتی، کە لە ڕێگەیانەوە دەسەڵاتی سەپاندووە. یان بە لایەنی کەمەوە بە پشتگیریی ئەو دەرەبەگانەوە ئەو دەسەڵاتەی سەپاندووە. چونکە هەر میرێ بە پاڵپشتی ئەو دەرەبەگانەوە دەسەڵاتی گرتبێتە دەست، هەڵبەت تووشی کێشەو چەڵەمەی زۆرتر هاتووە، کاتێ، کە ویستوویەتی دەسەڵاتەکەی بپارێزی. بەڵام ئەو میرەی گەل هەڵیبژاردووە، کەمتر تووشی کێشەو چەڵەمەی دەستیان هاتووە.

مایکیاڤیللی، کە ئەم چینی دەرەبەگەی بە خەتەرناک زانیوە، ئامۆژگاریی میری کردووە، کە بە یەکێ لەم دوو ڕێگایە مامەڵەیان لەگەڵدا بکا، یان ئەوەتا دەسەڵاتیان پێ بدا بە مەرجێ بە تەواوی پشت ببەستن بە خۆشەویستییان بۆی، یان ئەوەتا ئەو دەرەبەگانەی بە بێ بەرژەوەندی لەگەڵی دەبن جیایانکاتەوە لەوانەی بۆ بەرژەوەندی لەگەڵی دەبن. دەبێ ئەوانە بە دوژمن





بزانێ. جگە لەوە، مایکیاڤیللی وەها تەماشای دەرەبەگەکانی کردووە، کە کەسانی تەوەزەلو بێ کار بنو هیچ سوودێکیان بۆ دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم نەبێ.

بەڵام ئەگەر هاتو دەوڵەتی پۆزەتیڤیزم بە راستی دامەزراو دروست بوو، ئایا سروشتی ژیانی رامیاری تیایدا چۆن دەبێ.؟

### ژیانی رامیاری لە دەوڵەتی پۆزەتیڤیزمدا

چەند کلیلێکی تایبەت هەن، کە دەبنە مەرجی ژیانی رامیاری:

**یەکەم**: یەک بە دوای یەک هاتنی رژێمەکانی حوکومڕانی: رامیاری لەم گەوهەرەیدا دوور نابێ لەو رژێمانەی، کە چالاکییەکانیان لە تۆێی حوکومڕانیی جۆراوجۆردا جێبەجێ دەکەن. رامیاری بەشێکە لەو خولە مێژووییانەی دۆڕانو سەرکەوتنیان، رووخانو پیرۆزییان، چاکەو خراپەکارییان تیادا دەبینرێ. ئەم بۆچوونەش هەڵبەت تازە نییە، بەڵکو (ئەرِیستۆ)ش گوتوویەتی. بەڵام دیارە مایکیاڤیللی ئەم بۆچوونەی لە ئەرِیستۆوە نەخواستووە، چونکە خوێندنەوەی تەواوی لەبارەیەوە نەبووە، بەڵام خوێندنەوەی لەبارەی (بۆلیبۆس)ەوە هەبووە، کە

لە ژێر کاریگەریی (ئیفلاتوون)دا بووەو فەلسەفەی مێژووی لێوە وەرگرتووە. هەڵبەت فەلسەفەکەی ئیفلاتوون لەسەر تیۆری خولەکان دامەزراوە. "شۆڕشەکان ئەوەیان دەرخستووە، کە هەرگیز هیچ شتێ لەم سەرزەمینەدا نەمر نابێ." (بۆلیبۆس) ئەم خولانەی خستۆتە داڕشتنێکەوە، کە بەهۆیانەوە شانشینی لە خۆوە دێتەدیو دەسەڵاتیش دەکەوێتە دەستی تاکە کەسێکەوە. بۆ ئەوەی بشبێتە هێز دەبێتە پاشایەتیو هێز دەگۆڕێ بۆ شکۆییو ئەزموونو مەزنیی سەرۆک، پاشان دەبێتە زۆرداری تا دەبێتە هۆی لەدایکبوونی دەسەڵاتی ئەرستۆکراتی، "پاشان (ئۆلیگارشی) واتە سامانداریو پاشان دیموکراتیو دوای ئەوە کەسێ دێ سوود وەرگرێ دوای ئەوەی دیموکراتی دەگۆڕێ بۆ ئاژاوە بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتی پاشایەتی." ئەمەش شۆڕشی ڕژێمەکانی دەسەڵاتدارانەو ئەو ڕژێمانەیە، کە بە هۆیانەوە سروشتی شێوازی دەوڵەت دەگۆڕێن.

مایکیاڤیللی ئەم خولانەی کردووە بە بناغەی فەلسەفەی تایبەتی سەبارەت بە مێژوو. هەر نموونەیەک لە دەسەڵات مەرجی دارمانی هەیەو هەر دەبێ دەسەڵاتێکی تر بێتە شوێنی. کاتێ خەڵکی لە یەکترەوە نزیک دەبنەوە بۆ ئەوەی ئامرازی چاکتر





بێننە دی بۆ پارێزگاری کردن لە بوونو ژیانی خۆیان، روو لە مرۆڤێکی بەهێزیش لە خۆیانو ئازاتریش لە خۆیان دەکەن لە نێو خۆیاندا، کە بیکەن بە سەرۆک بەسەر خۆیانەوە. یاساش دادەنێنو سزای هەر کەسێکیش دەدەن، کە سەرپێچی لەو یاسایانەیان بکا. بەڵام کاتێ، کە ئەو میرانەیان لە بریی هەڵبژاردنیان بە میراتگری پەسەند کردووە، ئەو میراتگرانە لەسەر رەوتی پێشینیان نەچوونو شوێنپێیان هەڵنەگرتوون، بەڵکو بەرەو رمان چوونو وازیان لە کاری چاکەو چاکسازی هێناوە. ئەوەش بۆتە هۆی رقی گەلو خەڵک لێیان. ئەوەش دیسان بۆتە هۆی کاری زەبرو توندوتیژیو توندڕەویو زۆرداری. بەو جۆرە زۆرداری بۆتە سەرچاوەیەک بۆ رووخانی ئەو میرانە لە لایەن جەماوەرەوە بە هاندانی سەرکردە بەهێزەکانیان، کە دوایی دەسەڵاتیان گرتۆتە دەستو ئەوانیش یاسایان لە جۆریتر داناوەو بەرژەوەندیی چاکەیان کردووەو رژێمیان پاراستووە. بەڵام لە دواییشدا، کاتێ، کە دەسەڵات لە دەستیاندا ماوەتەوە، بە هۆی نەشارەزاییانەوەو بە هۆی تەماحیانەوە دەسەڵاتی کەمایەتی بۆتە (ئۆلیگارشی)و مافەکانی وڵاتیی تیادا خراوەتە ژێر پێ. ئەو کاتە ئەو دەسەڵاتدارە نوێیانەش هەمان

شتیان بەسەر دێ، کە بەسەر زۆردارەکاندا هاتووە، چونکە مرۆڤان بە پاڵپشتو بە هۆی جەماوەرانەوە لە نێویان بردوونو ئیتر روویان لە رژێمی حوکمی گەل (دیموکراتی) کردووە. چونکە رژێمی دیموکراتی خۆی پاراستووە، بەڵام بۆ ماوەی درێژ نا، بەڵکو دووبارە ئاژاوە روویداوەتەوەو رێز بۆ مرۆڤی تاکەکەس نەماوەتەوە. خراپەکاریو سەرپێچیکاری لە یاسا هەڵیداوەتەوەو ئەنجام (میر) دووبارە گەڕاوەتەوە سەر تەختو دەسەڵاتو خولەکە دووبارە بۆتەوە.

مایکیاڤیللی گەیشتۆتە ئەو پوختی ئەنجامەی، کە ئەمە ئەو خولانەوەیەیە، کە هەموو حکومەتەکان پیایدا تێدەپەڕن. بەڵام بە دەگمەن دەبێ هەمان حکومەت بە هەمان چەشنی حوکومڕانیو دەسەڵاتی پێشتری دووبارە بگەڕێتەوە، چونکە بە دەگمەن حکومەت هەن بتوانن بە بەردەوامی گەشە بکەنو بەرەو پێشەوە بچنو بمێننەوە. واتە ئەو خولەیە بە بازنەیی بەرەوپێشەوەچوونی نییە. بەلای مایکاڤیللی ئەوە هەرگیز مەحاڵە. بەڵکو بە لایەوە ئەو خولانەوەیە لوولەیی دەبێ نەک بازنەیی.

**دووەم**: رژێمی حوکومڕانیی پاشایەتیو رژێمی حوکومڕانیی کۆماری: مایکیاڤیللی جیاوازیی لە





نێوان رژێمی پاشایەتیو رژێمی کۆماریدا کردووە بە پێوانەی ئەوەی، کە ئەگەر هاتو دەسەڵات بە دەستی تاقە کەسێکەوە بێ، ئەوا رژێمە رامیارییەکە پاشایەتی یاخود وەکو خۆی گوتوویەتی (میری) دەبێ. بەڵام ئەگەر رژێمە رامیارییەکە کۆماری بێ، ئەوا دەسەڵات بە دەستی نوێنەرانی هەڵبژێرراوی گەل دەبن، کە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو پۆست دەگرن، تەنها سەرۆک نەبێ، کە تا ژیانی دەبێ هەر بە سەرۆکی دەمێنێتەوە.

مایکیاڤیللی دژی بوونی رژێمی پاشایەتی بووە لەبەر ئەوەی بە میراتی بەڕێوە چووە نەک بە هەڵبژاردن. ئەو میراتگرانەش یەک بە دوای یەک لاوازتر بوونو کاری چاکەیان لێنەوەشاوەتەوەو تەنها هەر خەریکی پارەو خەرجکردن بوون بۆ رابواردنی خۆیانو دەستو پێوەندەکانیان. جگە لەوە، پاشایەتی کەوتۆتە چەوساندنەوەی ئەو چینانەی ویستوویانە بە دەستو بازوویانو بە ئارەقەی نێوچەوانیان نانێکی رۆژانە پەیدا بکەن. بەرامبەر بەوەش مایکیاڤیللی رژێمی کۆماریی بە باشتر زانیوەو بە چاکی زانیوە، کە ئەو جۆرە رژێمە مەرجی ئەوەی تێدا بێ دوو ئەنجومەنی هەبێ، یەکەمیان بۆ پیران بێو دووەمیان بۆ گەل. هەرچی کارو ئەرکی یاسادانانیش لە دەستی ئەو

دوو ئەنجومەنەدا بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مایکیاڤیللی بیری لە دژایەتیش کردۆتەوە لە نێوان ئەو دوو ئەنجومەنە بە هۆی رقایەتیو ململانێیان لە سەر پۆستەکانیان. رژێمی کۆماری لەم بارەدا بێگومان تووشی کێشەی توندو تیژ دێ. بۆ خۆ رزگارکردن لەو کێشەیەش، پێویستە شێوازی ئەو رژێمە کۆمارییە لە شێوازی رژێمی پاشایەتی بچێو شیر هەڵکێشێو دیکتاتۆریەتیش بکا بە هۆکارێ تا لەو کێشەیە رزگاری بێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مایکیاڤیللی ئاگاداریی ئەوەی خواستووە، کە نەکرێ ئەو دکتاتۆریەتە ببێتە هۆی نەهێڵانی رژێمی کۆماریو دەسەڵاتی زۆرداری لێوەی بێتە دی. بۆیە مایکیاڤیللی داوای کردووە دیکتاتۆرییەت تەنها بۆ ماوەیەکی کاتی، کە لە پێنج ساڵ تێپەڕ نەکا، کاری پێ بکرێ. بۆ مەبەستێکی دیاریکراویش بکرێو مەرجی بۆ دابنرێ، کە دەسەڵاتی نەگاتە سەرووی دەسەڵاتی دەستوورەوە.

**سێیەم**: رژێمی حوکومڕانیی گەل: مایکیاڤیللی لە کتێبی (موتارەحات)ەکەیدا گوتوویەتی، کە: "ئەو جۆرە حوکومەتە بەختەوەر دەبێ." دیارە گەل، بەر لە مایکیاڤیللی، لە لایەن زوربەی بیرمەندو فەیلەسووفانەوە فەرامۆشکراوە. گوتوویەتی: "ئامانجی گەل لە ئامانجی دەرەبەگەکان پیرۆزترە.





ئامۆژگاریی (میر)یشی کردووە، کە بە بێ داوای گەل نەیەتە سەر تەختو هەمیشە هاوڕێی گەل بێو ئەوەی گەل لێی داوا بکا هەڵبەت نەکردنی زۆردارییە. بەڵام ئەگەر هاتو میرێ دەرەبەگەکان هەڵیبژێرن، ئەوا بێگومان بۆ مانەوەی پێویستی بە ویستی گەلیشەو دەبێ گەلیش خۆشی بوێ. خۆشەویستیی گەل بۆی دەبێتە ئەوپەڕی دڵنیایی، بە تایبەتی لە کاتی هەر پەلامارێکی دوژمن بۆ سەر وڵاتەکەی. هەروەها بۆ ئەوە ئەو میرە دووربێ لە بەڵای پیلان بۆ لەناوبردنی، پێویستە جەماوەری گەلەکەی خۆشی بوێو رقو قینی لێی نەبێ. گوتووشیەتی، کە هەر رامیاریەک راست نابێ ئەگەر جەماوەری گەلی تیادا بەشدار نەبێ. هەروەها گوتوویەتی، کە هەر گەلێ یاسا بەڕێوەی بەرێ، ملکەچ نابێ. هەر گەلێ یاسا بەڕێوەی بەرێ باوەڕی بە کارە چاکەکانی میرەکەشی دەبێو دڵسۆزیی بەرامبەر دەردەبڕێ. هەروەها گوتوویەتی، کە هەمیشە گەل کەمتر تووشی مەترسی دێ. بە دەگمەن شۆڕشی گەلان دەبنە هۆی بەدەستنەهێنانی ئازادی بۆیان. بۆیە باشتر وایە (میر) هەمیشە پشت لە گەل نەکا.

مایکیاڤیللی لەگەڵ ئەوەی گرنگیی بەوە داوە، کە گەل ببێتە کۆڵەکەی حوکمو دەسەڵات، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا، کە بیری لەوە کردۆتەوە دەوڵەتێکی بەهێزی پۆزەتیڤیزم دابمەزرێ، حوکمو دەسەڵاتی گەلی بێ بایەخ کردووە. باوەڕی وا بووە، کە باشترین حوکومڕانی تێکەڵە بووە، کە هەمووان تیایدا بەشداربن. میرو دەرەبەگو گەل هەموو پێکەوە حوکومڕانی بکەنو هیچ لایەکیان نەبن بە چاودێر بەسەر لایەکەیتریانەوە. بۆ ئەوەش نموونەی (ئیسپارتە)ی بە نموونەی حوکمی گەلی (دیموکراتی) لە ئەسینادا بەراورد کرووە.

مایکیاڤیللی پشتگیریی لە حوکومڕانیی کۆماری کردووە، بەڵام حوکومڕانیی گەلیی نەکردووە. واتە داوای رژێمێکی هاوسەنگو پارسەنگی کردووە، کە دەستوورو یاسا ناتوندڕەوییەکەی ڕێگا بە هەژارانو دەوڵەمەندان پێکەوە بدا بۆ چاودێرکردنی یەکترو مانەوەیان لە دەسەڵاتدا، هەر یەکەیان لە شوێنی خۆیدا بێ. هەر بۆیە ستایشی جۆری حوکومڕانیی رۆمای کردووە.

کەواتە ئەی هەڵوێستی راستی بەرامبەر بە گەل چی بووە؟

دەکرێ بگوترێ، فەرامۆشکراوترین چین لە چارەسەری کێشەو بابەتی حوکومڕانی لە لای مایکیاڤیللی گەل بووە. لە کتێبی (میر)ەکەیدا زۆر لەسەر باسی (میر) درێژەی داوە. گەلیش لە لای





هیچ پەیوەندییەکی بە ئامانجو ئامرازەکانی (میر)ەوە نەبووە. بەڵام لە (موتارەحات)ەکەیدا هەندێ جار ناوی گەلیشی هێناوە زۆر بە کەمی باسی لێوە کردووە. بەڵام بە لابەلاییو نەک بە تایبەتی. بە توخمێکی گرنگو چالاکیشی نەزانیوە نە لە بزاڤی مێژووییو نە لە ژیانی رامیاریدا.

رەنگە ئەوەش بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە مایکیاڤیللی بە باوەڕەوە لێی نەڕوانیوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ، کە باوەڕی زۆر کەمی بە توانایی مرۆڤ هەبووە. مرۆڤ بەلایەوە ئێشو ئازار گەیەنەر بوونو نمەک حەرام بوونو زوو زوو رەنگی خۆیان دەگۆڕن، پیسکەو سپڵەن.. هتد. هەتا چاکەیان لەگەڵدا بکەی، ئەوان لەگەڵتان، بەڵام ئەگەر هاتو کێشەیەک بێتە پێشەوە، ئەوان خێرا لێت هەڵدەگەڕێنەوەو لێت یاخی دەبن. مایکیاڤیللی گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی، کە "جیهان تەنها سپڵەی تیایە. سپڵە جەماوەری خەڵکە." مایکیاڤیللی ئەگەر لە کتێبی (موتارەحات)ەکەیدا گەلی لە ئاستی زۆرداران داناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تیوری تایبەتی لێوە هەڵێنجاندووە، کە چینە میللیەکان بێ تواناو بێ بەهرەنو چەپەڵو سپڵەنو نێگەتیڤنو رەنگی خۆیان زوو زوو دەگۆڕن. هەموو مایکیاڤیللیزمی مایکیاڤیللی لەم پوختەیەدا

کۆدەبێتەوە: "ژمارەی کەمی بە تواناو لێهاتووەکان جێیان ناگیرێتەوە تەنها ئەو کاتە نەبێ، کە ژمارە زۆرەکان (سپڵەکان) بتوانن هەل بپەرستنو پشتگیرییان لێوە بکرێ. سپڵەکان هەر بۆ ئەوە هەن، کە لێهاتووەکان فەرمانڕەواییان بکەن.

بێگومان ئەم بۆچوونەی، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە ناتوانێ لە ناوەڕۆکی چالاکیی ئادەمیزاد بگا، بە تایبەتی کاتێ، کە دەبنە جەماوەری بەرفرەوان. ئەو بۆچوونە تەنها دەتوانێ رەفتاری تاکەکەسەکان بخوێنێتەوە، کە تەنیاو گۆشەگیربنو تەریک بن لە دەوروبەر. بەڵام بە هەر حاڵ، مایکیاڤیللی رۆڵی جەماوەری لە مێژوودا فەرامۆش کردووەو پشتگوێ خستووە، یاخود خستوویەتییە ئاستێکی هەرە نزم، کە زۆر بە دەگمەن رۆڵی هەبێ.

لەم روانگەیەوە، کە پەیوەستە بە سروشتی مرۆڤەوە، مایکیاڤیللی ناچار بووە ئەرکی دارشتنی رۆڵی مێژوو بە هەندێ پیاوان بسپێرێ، کە هێزو چاکەی تایبەتیان بووە. بۆیە (میر)ی مایکیاڤیللی دەبووایە رۆڵی دارشتنی مێژوو بگرێتە ئەستۆ، بەڵام بە بێ ئیمپڕاتۆرو بە بێ پاپاو تەنانەت بە بێ گەلیش. گەلیش لە سایەی ئەم بۆچوونەدا دیارە شایەنی ئەوە نەبووە خۆی دەسەڵاتدارو حوکومڕان





بێ. دەشبێ ئاماژە بۆ ئەو جێگایە بکرێ، کە گەل لە بیری مایکیاڤیللیدا داگیری کردووە، کە گەل واتایەکی تایبەتی لە لای ئەم فەیلەسووفەدا هەبووەو تەنها چینێکی تایبەتی گەیاندووە. مایکیاڤیللی گەلی لە خەڵکانی بندەستو هەڕەمەک جیاکردۆتەوە، بۆیە باسی لە (پارتی گەل)و (پارتی خەڵکی هەڕەمەک)یش کردۆتەوە. گەلی تەنها بەو کەسانە گوتووە، کە پیشەسازو بازرگانان بوون، یاخود ئەو کەسانە بوون، کە بە زمانی ئەم سەردەمە پێیان دەگوترێ بۆرژوای سەرەوە. بەڵام پاڵەو جووتیارانی بە بەشێ لەو خەڵکی هەڕەمەکە زانیوە.

مایکیاڤیللی بیری لەوە نەکردۆتەوە چینی بۆرژوا نوێنەرایەتیی هەبێ، چونکە دیارە لەو سەردەمەیدا چینی بۆرژوا لە ئیتاڵیادا لاواز بووەو چۆتە قۆناخی دارمانەوەو بوونێکی کاریگەرانەی نەبووە.

دەتوانین لە پوختەی ئەوەی پێشوو وەها تێبگەین، کە مایکیاڤیللیزم لە لای زۆر لە رووناکبیران نەبۆتە فەلسەفەیەک بۆنی شۆڕشگێڕانەی لێ بێ.

ئەمەش لایەنێکە لەو لایەنانەی، کە تایبەتمەندیی بیرو فەلسەفەی مایکیاڤیللی دەردەخا، کە نزیکە لە بیرو فەلسەفەی (مۆنۆکڕاتە

میللیەکان)، کە لای پەسەند نییە گەل خۆی خۆی بەڕێوە بەرێ. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا حەزی لێبووە پەسەندی بکا. مایکیاڤیللی جێبەجێکردنی بەرژەوەندیەکانی گەلی بە ئامانجی حوکومڕانی زانیوە. گرنگیی گەل لە چوارچێوەی ئەم پەیوەندییانەی، کە دەسەڵات دەیانسەپێنێ لایەنی پۆزەتیڤیە، کە بەرامبەر بە گەل هەڵوێستی لە ئاستیدا نیشانداوە.

بە کورتی، هەڵوێستی مایکیاڤیللی بەرامبەر بە گەل گۆڕانی تیادا بووە، لەلایەکەوە هەڵوێستی نەگەتیڤی نواندووە، کە چەمکی حوکومڕانی لە لایەن گەلەوە هاتۆتە پێشەوە. لە لایەکیترەوە پۆزەتیڤ بووە کاتێ، کە پشتگیری لە مەسەلەی حوکومڕانی کراوەو باوەڕی پێ هێناوەو ئامانجە بنچینەییەکانی بۆ دەستنیشان کردووە.





# رودۆڵف کارنەپ: نوێنەری پۆزنتیڤیزم

رودۆڵف کارنەپ Rudolf Carnep لە بەناوبانگترین نوێنەرانی فەلسەفەی پۆزەتیڤی لۆجیکییە. لە ساڵی ١٨٩١ لە گوندێکی بچووکی ئەلمانیا لە ناوچەی بارمن لە ئەلمانیا لەدایکبووە. لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری کالیفۆرنیا، لە ئەمریکا مردووە.

ئەم مرۆڤە لە ساڵی ١٩١٠ەوە تا ١٩١٤ لە هەردوو زانکۆی فرایبۆرخو یینا خوێندوویەتی. پسپۆڕیی لە فیزیکو ماتماتیکو فەلسەفەدا هێناوە. پاش ئەوە بۆتە سەربازو بەشداریی جەنگی جیهانیی یەکەمی کردووە. لە ساڵی ١٩٢١دا خوێندنی باڵای بە پلەی دکتۆرا لە فەلسەفەدا لە زانکۆی یینادا تەواو

کردووە. نامیلکەکەی بە ناونیشانی (شوێن: بەشدارییەک لە زانستناسی)، کە لەساڵی ١٩٢٢ لە گۆڤاری (لێکۆڵینەوە کانتییەکان)دا بڵاویکردۆتەوە. لەم نامیلکەیەدا، کارنەپ جیاوازییەکانی سروشتی لۆجیکیی لە نێوان بۆچوونەکانی ماتماتیکناسەکانو فیزیکناسەکانو دەروونناسەکاندا لەسەر کێشەی شوێن شیکردۆتەوە. ئەو جیاوازییانەشی گەڕاندۆتەوە بۆ هۆی سروشتی وشەی (شوێن)، کە جۆرەها واتای هەیە لای هەر یەکێ لەو گروپە زانایانە. واتە ماتماتیکناس بە جۆرێ لە واتای (شوێن) تێدەگاو فیزیکناس بە جۆرێکیترو دەروونناسیش بە جۆرێکیتر. کارنەپ خۆیو فەیلەسووفێکیتر، کە (مۆریس سخلیک Moritz Schlik)ە، بۆ ئەو کێشەیە بنەمایەکی ژیربێژیی پۆزەتیڤی دادەنێن، کە مەبەستەکەیان ئەوەیە بڵێن: "کێشەو ناکۆکیو ڕێکنەکەوتنی بیروباوەڕی فەلسەفی لەسەر ئەوەیە، کە فەیلەسووفەکان بە ڕاستی ناتوانن بیروبۆچوونەکان لەسەر کێشەکان بە شێوەیەکی لۆجیکییانە (ژیربێژییانە) شیبکەنەوە.

کارنەپ لە ساڵی ١٩٢٦دا، لەسەر داوای سخلیک بۆتە مامۆستای یاریدەدەر لە زانکۆی ڤیێنناو بەهۆی ئەو نزیکبوونەوەیەشەوە بەشداریی چالاکییەکانی





بازنەی ڤیێنا بووە، کە سخلیک دایمەزراندووەو بووە بە یەکێ لە ناودارەکانی. هەر لەو سەردەمەشدا لەگەڵ ئەندامانی ئەو بازنەی ڤیێنایە نامیلکە فەلسەفییەکەی (لۆدڤیج ڤچنشتاین Ludwig Wittgenstein)یان بە قووڵی خوێندۆتەوە، کە کاریگەرییەکی بەهێزی لە پێشخستنی بیرە فەلسەفییەکەی کردووە.

لەساڵی ١٩٢٨دا یەکەمین پەڕتووکی بە ناونیشانی (بنەمای لۆجیکیی جیهان) بڵاوکردۆتەوە.

لە ساڵی ١٩٣٠دا بە هاوکاری لەگەڵ (هانز ریشنباخ)دا گۆڤارێکی نێودەوڵەتییان بە ناونیشانی (زانین) دەرکردووە. ئەو گۆڤارە نزیکەی دە ساڵ (١٩٣٠ ـ ١٩٤٠) بە بەردەوامی دەرچووەو بۆتە زمانی تایبەتی فەیلەسووفەکانی لۆجیکی پۆزەتیڤی ئەو سەردەمە.

کارنەپ لە ساڵی ١٩٣١دا بووە بە مامۆستای فەلسەفەی سروشتی لە بەشی زانستە سروشتییەکان لە زانکۆی پراگی ئەو سەردەمەی ئەلمانیا. بەڵام پەیوەندیشی بە بازنەی ڤیێناوە هەر ماوە. لەو ماوەیەشدا بایەخی زۆری بە کێشەکانی لۆجیکو زمانو بناغەی ماتماتیک داوە.

بۆ ئەوە دووەم پەڕتووکی بە ناونیشانی (سیستمە لۆجیکییەکانی زمان) لە ساڵی ١٩٣٤ بڵاوکردۆتەوە.

کاتێ کە نازییەکان دەسەڵاتیان لە ئەڵمانیادا توند بووە، کارنەپ، لەبەر ئەوەی جوولەکە بووە، ناچار بووە واز لە زانکۆی ئەلمانی بهێنی لە پراغو لە مانگی دیسەمبەری ساڵی ١٩٣٥ چووە بۆ ئەمریکاو لەوێ پاش چەند مانگێ بووە بە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی شیکاگۆو لەو دانشگەیەدا تا ساڵی ١٩٥٢ ماوەتەوەو جارجاریش وانەی لە دوو زانکۆی هارڤەردو ئیلینۆی‌دا وتۆتەوە. پاشان لە ساڵی ١٩٥٤ بووە بە مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی کالیفۆرنیا لە لۆس ئەنجلسو کورسیی (هانز ریشنباخ)ی گرتووە، کە لەوێ مردووەو ئەم تا ساڵی ١٩٦١ لەو زانکۆیەدا ماوەتەوە.

لەو ماوەیەدا، کە لە شیکاگۆ بووە، بە هاوکاری لەگەڵ (ئۆتۆ نیورات Otto Neurath)و (چارلس مۆریس Charles W. Morris)دا ئینسایکلۆپیدیایەکی جیهانیی لە زانستی یەکگرتووی بڵاوکردۆتەوە.

کارنەپ لەو ماوەیەی لە ئەمریکا ژیاوە، چەند پەڕتووکێکی فەلسەفیی هێناوەتە بەرهەم. لەوانە: (دەروازەیەک بۆ واتاناسی – سیمانتیکس) (١٩٤٢)و





(واتاو پێداویست) (١٩٤٧)و (بناغەلۆجیکییەکانی گریمانە) (١٩٥٠).

هەڵبەت تایبەتمەندیی کارنەپ لە مێژووی فەلسەفەی سەردەمدا ئەوەیە، کە رۆڵێکی هەرە گرنگی لە رێبازی، یاخود قوتابخانەی پۆزەتیڤی لۆجیکیدا بینیوە، کە لە راستیدا بە تەواوی ناخرێتە خانەی زانستی فەلسەفەوە، چونکە هەر لە بناغەوە دژی فەلسەفە دەوەستێتەوەو بە بیروباوەڕی میتافیزیکییانەی دەداتە قەڵەمو میتافیزیکیش بە کاری بێ واتا دەزانێ، ئەگەرچی میتافیزیکیش گەوهەری فەلسەفەیە.

رێبازی پۆزەتیڤی لۆژیکی رێبازی شیکردنەوەی زمانە؛ چ زمانی سروشتیی ئاسایی بێو چ زمانی زانستیو چ زمانی فەلسەفی بێ، چونکە هەڵگرانی شوێنپێی ئەو رێبازە باوەڕیان وایە، کە هۆی سەرەکیی ناکۆکیو جیاوازیی نێوان قوتابخانە فەلسەفییەکان، دەگەڕێتەوە بە هەڵە تێگەیشتن، یاخود بە هەڵە شیکردنەوەی بیروبۆچوونە فەلسەفییەکان، وەکو ئەوە وابێ، کە هەرچی کێشە فەلسەفییەکان هەیە، هەمووی بەهۆی بە جیاوازی تێگەیشتن بێ لە زاراوە فەلسەفییەکان.

بۆ نموونە، کارنەپ لە نامیلکەیەکی بچووکیدا، کە ناونیشانەکەی (کێشە ئەندێشەییەکانی

فەلسەفە: ئاوەزی کەسانی دیو ململانێ لەسەر ریالیست)ە (١٩٢٨) دەڵێ: "کێشە میتافیزییەکان بە گشتیو کێشە ریالیستیو ئایدیالیەکان بە تایبەتی، دەبێ وەک کێشەی ئەندێشاویو پووچ تەماشا بکرێن." بۆ سەلماندنی ئەو وتەیەشی، کارنەپ پەنا دەباتە بەر فەلسەفەکەی (لۆدوڤیک فچنشتین)، کە دەڵێ (واتای هەر رستەیەک لە زماندا بەهۆی هەندێ ئامرازەوە دەردەبڕرێ. رستەش تەنها ئەو کاتە واتای راستی دەبێ، کە لە بناغەوە بەجێ بێ. کارنەپ ئەم بۆچوونە فەلسەفییەی هەندێ راستکردۆتەوەو دەڵێ، راستیی رستەش بۆ دەربڕینی راستو بەجێبوونی، بەهۆی ئەزموونیشەوە دبینرێ. واتە، هەر رستەو دەربڕینێ، ئەگەر بە پێی ئەزموون راستی نەپێکێ، ئەوا ئەو رستەو دەربڕینە هەڵەیەو بێ واتایە. لەمەوە کارنەپ دەگاتە ئەو بۆچوونەی، کە هەرچی بابەتەکانی (میتافیزیکو رەوشتو جوانناسی) هەن، هەموو پووچو بێ واتانو هیچ واتایەک نابەخشنو ناگەیەنن. ئیتر لەو بۆچوونەوە، کارنەپ ئێمە رادەکێشێ بەلای ئەوەی بڕوا بکەین، کە زۆری مەسەلەی فەلسەفی هەیە، ئەگەرچی پەیوەندییان بە ئەپستمۆلۆجیەوە، بەڵام مەسەلەی بێ واتان. بۆ نموونە: کێشەی راستەقینەیی





جیهانی دەرەکی. کارنەپ دەڵێ بیرکردنەوە سەبارەت بە میتافیزیک، هەر بە هەمان شێوەی بیرکردنەوەیە سەبارت بە هونەر، یاخود ئایین، کە هەموو هەوڵی مرۆڤن بۆ دەربڕینی هەستو نەستی خۆیان لەم ژینەدا. دەڵێ، ئەم مەسەلانەش، واتە میتافیزیکو هونەرو ئایین، بەس نین بۆ دەرخستنی راستەقینەیی ژین. تا ئەو رادەیەش دەڵێ: میتافیزیکستەکان هەر وەکو مۆسیقاوانن، بەڵام بە بێ بەهرەی مۆسیقایی، یاخود وەک هۆنەر بن، بەڵام بێ ئەوەی بەهرەی شیعراندنیان هەبێ. لە دوای ئەوە، کارنەپ، وەکو ئەندامانی تری ناو بازنەی ڤیینا، زۆر بایەخی بە بیرۆکەی یەکێتیی زانست داوە. واتە کەسێ بووە لەوانەی وایان کردووە، تاقە زمانێکی یەکگرتوو بۆ زانست بێتەکایەوەو دابمەزرێ. لەبەر ئەوە تیورەکەی خۆیو (نیورات)یش بە تیۆری فیزیکی ناسراوە، کە دەبێ زمانەکەی زمانی (شت) بێ، یاخود زمانی جیهانی تەن (ئەستوو) بێ. دەڵێ: زمانی (شت)یش دەبێ یەکەمین مەرج بێ لەنێو خەڵکیدا بۆ تێگەیشتن لە یەکتریو سازبوون لەگەڵ یەکتری.

# لۆدڤیچ فچنشتاین: گەمەی زمان

لۆدڤیچ فچنشتاین Ludwig Wittgenstein یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی لۆجیکو زمان. لە ٢٦ی ئەیپڕڵی ١٨٨٩دا لە شاری ڤیینا لەدایکبووە. خوێندنی زانستی ئەندازیاریی لە ئەڵمانیا لە بەرلینو لە بریتانیا لە ماچستەر خوێندووە. لە ماوەی خوێندنیدا زۆر بایەخی بە بابەتی ماتماتیکو بناغەکانی لۆجیک (ژیربێژی) داوە. لە ساڵی ١٩١٢ لە زانکۆی کمبریچ لۆجیکی ماتماتیکی لەسەر دەستی فەیلەسووفی بەناوبانگ (برتراند رەسڵ) خوێندووە. بە هۆی ئەوەوە، ئەو فەیلەسووفە کارتێکردنی گەورەی لەسەر فچنشتاین بووە، کە لە لێکۆڵینەوەیەکیدا تۆماری کردووە بە ناونیشانی (لێکۆڵینەوەیەکی لۆجیکی – فەلسەفی) لە ساڵی ١٩٢١دا بڵاویکردۆتەوە.



بیر . ئاوەز . زمان ..........................................

فچنشتاین لە ساڵی ١٩٢٩دا بۆتە لێکۆڵەر لە زانکۆی کمبریچو لە ساڵی ١٩٣٩دا، هەر لەو زانکۆیە، بووە بە مامۆستای فەلسەفە. لە ساڵانی جەنگی گێتیی دووەمیشدا لە نەخۆشخانەی لەندەن بووە بە برینپێچ. لە ساڵی ١٩٤٧دا بە تەواوی وازی لە کاری مامۆستایەتی هێناوە. لە ٢٩ی ئەیپڕڵ ی ١٩٥١دا لە شاری کامبریج لە بریتانیا مردووە.

چالاکییە فەلسەفییەکەی فچنشتاین لە دوو قۆناغدا دەستنیشانکراون: یەکەم قۆناغی لێکۆڵینەوەی لۆژیکی – فەلسەفی، کە تیایدا شوێنپێکی رەسڵ هەڵدەگرێ بۆ قووڵکردنەوەی شیکردنەوەی زمان لە رووی ئەزموونگەریو ئاوەزگەرییەوە. واتە شیکردنەوەی سروشتی زمانو توانایی زمان لە بەرجەستەبوونی لە هێماو لۆجیکو ماتماتیکدا، کە بەهۆیەوە راستیەقینەیی واقع دەربکەوێ. دووەم: قۆناغی مامۆستایەتی لە زانکۆی کمبریچو ئۆکسفۆردو بۆچوونی خۆدوورخستنەوەی لە پۆزەتیڤیی نوێو هەروەها لە کێشە فەلسەفییە تەقلیدییەکان، کە ناگونجێن، نە لەگەڵ زانستو نە لەگەڵ لۆجیکدا. ئەو کێشە فەلسەفییانەی، کە نەک هەر هیچ واتایەک نابەخشن، بەڵکو هیچ مەعقولییەتیشیان تێدا نابینرێ. فچنشتاین دەڵێ، فەلسەفە رێباز نییە،

بەڵكو چالاكییە بۆ نیشاندانی جیاوازییەكانی نێوان واقیع (بابەت)و وێنە (فۆرم). دەڵێ: ئامرازی ئەو چالاكییەش (گەمەی زمان)ە. واتە گەمەی جۆری دەربڕینو جۆری تێگەیشتن لە واتاكانی ناو زمان. بۆ ئەوەش دەڵێ: فەلسەفە جەنگێكە دژی داگیركردنی ئاوەزمان بەهۆی زمانمانەوە. ئەم فەیلەسووفە، ئەگەرچی زۆر لە ئەندامانی بازنەی ڤییەناوە نزیك بووە، بەڵام هەمیشە نكوڵی لەوە كردووە، كە یەكێ بووبێ لەوان.





# ئەلفرێد جولێس ئایێر: زمان، حەقیقەت، لۆجیک

ئەلفرێد جولێس ئایێر Alfred Jules Ayer فەیلەسووفێكی بریتانییە، سەر بە قوتابخانەی پۆزەتیڤی لۆجیكییە. لە ساڵی ١٩١٠ لەدایك بوو. سەرەتا خوێندنی لە كۆلێجی ئیتۆن بووە، پاشان چۆتە كۆلێجی كنیسەی مەسیح لە شاری ئۆكسفۆرد. پاش تەواوكردنی خوێندنی، هەر لەو كۆلێجەدا بۆتە مامۆستا. لە ساڵانی جەنگی جیهانیی دووەمدا بۆتە سەرباز لە سوپای وێڵزو لە ساڵی ١٩٤٥دا بۆتە كارمەندی رۆشنبیری لە باڵوێزخانەی بریتانی لە فەرەنسا. پاش دوو ساڵ مانەوەی لە پاریس، دیسانەوە گەڕاوەتەوە بۆ

بریتانیاو لە کۆلێژی زانکۆی لەندەن بووە بە مامۆستای فەلسەفە.

لە ساڵی ١٩٥٢دا هەڵبژێرراوە بە ئەندام لە ئەکادیمیای بریتانیو لە ساڵی ١٩٥٩ بووە بە مامۆستای لۆجیک لە زانکۆی ئۆکسفۆرد.

ناسراوترین پەرتووکی ئایر بە ناونیشانی (زمان، حەقیقەت، لۆجیک)ە، کە لە ساڵی ١٩٣٦دا بڵاویکردۆتەوە، تیایدا بەرهەڵستییەکی گەرم لە ڕێبازی لۆجیکی پۆزەتیڤی لە کێشەی دیاردەدا دەکا. پوختەی بیروبۆچوونی ئایر لەم پەڕتووکەدا ئەوەیە، کە میتافیزیکا مەحاڵە، چونکە هەرچی مەسەلەیەی میتافیزیکی هەیە، واتای بەتاڵ دەبەخشێ. دەڵێ: "بۆ نموونە رستە لە راستیدا هیچ واتایەک ناگەیەنێ، ئەگەر ئامرازێ نەبێ، کە مرۆڤ بەکاری بهێنێ بۆ سەلماندنی راستو هەڵەی ئەو رستەیە. ئەگەر هاتو ئەم ئەزموونە نەیتوانی ئەو کێشەیە یەکلایی بکاتەوە، ئەوە واتای ئەوەیە، کە کێشەکە خۆی لە خۆیدا واتای بەتاڵی هەیەو لە داکەوتدا هیچ ناگەیەنێ." لەبەر ئەوە بە بۆچوونی ئایر هیچ کێشەیەکی فەلسەفی واقعیەتی تیا نییە، بەڵکو تەنها زمانەوانییەو برێ پێناسەیە دێتە سەر زمانو هەندێ دەربڕینە بۆ مەبەستی پێناسە داهێنان. هەر بڕیارێ لەسەر هەر نرخو بەهای شتێ





دابنرێ، نە راستەو نە ناراستە، بەڵکو تەنها دەبڕینی هەستو نەستی خاوەنەکەیەتی.

ئایر لە ڕێبازەکەیدا زۆر لە فەلسەفەی رودۆڵف کارنەپ نزیک دەبێتەوە، کە هەرگیز باوەڕی بەوە نەبووە، کە دیاردەی وا لە دنیادا هەبووبێ، کە مەسەلە میتافیزیکییەکان بسەلمێنێ. وەک مەسەلەی (جیهانی هەستی، واتە نا واقیعی). یاخود دەڵێ: هیچ دیاردەیەکیش نییە کە بۆمان دیاری بکا، کە جیهان تاقە بنەمایەکی رەهای هەبێ، یاخود لە چەندین بنەما پێکهاتبێ.

ئایر پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ، کە فەلسەفە، لەبەر ئەوەی ناتوانێ پەی بە راستییەکان بەرێ، لەبەر ئەوە دەبێ کاری هەر (شیکردنەوە) بێ؛ شیکردنەوەی زمانەوانیی رووتو دۆزینەوەی ئەو ئامرازانەی، کە پێناسەی واتای هێماکانمان بۆ بکەن. واتە هێماکان وەرگێڕن بۆ رستەو لەو کێشەی تێنەگەیشتن لەو هێمایانە رزگارمان بکەن.

ئایر لە ساڵی ١٩٨٩ مردووە. ئەم پەڕتووکانەی لە دوای بەجێهێشتووە:

١ـ (زمان، راستی، لۆجیک) ساڵی ١٩٣٩. ٢ـ (بنەماکانی زانینی ئەزموونی) ساڵی ١٩٤٩. ٣ـ (کێشەکانی زانین) ساڵی ١٩٥٦.

# ئێریک هۆبزباوەو نوێکردنەوەی مێژوو نرخاندنەوەی پرسیارەکانی مارکس[١٦]

هەمیشە زۆر بە درەنگ دەگەینە بیرو بۆچوونو خاوەن تیۆرە نوێیەکان، زۆر جاریش ئەو درەنگ گەیشتنەمان رەنگە هۆکاری دەرەکیی هەبێ، کە پەیوەستبێ بە بەرگرو بەربەستەکانی جیۆگرافیاو زمان، بەڵام ئاخۆ هۆکاری ئەم درەنگییە چییە، کە وامان لێدەکا لە دە ساڵی رابردوودا ئاهەنگ بۆ (سامۆئێل هینتینگتۆن) بگێڕین وەکو ئەو پیاوە هیچی نەنووسیبێ تەنها (ململانێی شارستانیەتەکان) نەبێ؟ ئەگەر چی لە ساڵی ١٩٦٨دا

[١٦] ـ ئەم وتارە لە نووسینی موهەننەد موبیزینە مامۆستای مێژووو شارستانی لە زانکۆی فیلادلڤیایە وەرمگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.





باسی روخسار شێوانی ترسناکو ئەنجامەکانی کردووە، کە ناسێنراوە بە تیۆری: "شارستاندن یاخود شارستانیکردنی بە زەبرو زۆرداری"و ئەو تیئۆرە رێگەی داوە بە راکێشکردنی ڤێتنامییەکانو گەلانیتر بۆ شارەکانو خزانیان بۆ نێو ئۆردوگا زۆرەملێکانو کۆمەڵکوژییان بە بۆردومانکردنیان.

لە پێنجی ئاداری ساڵی ١٨٥٢، کارڵ مارکس نامەیەکی بۆ یەکێ لە هاوڕێکانی نووسیوە، کە نێوی (ویدمیر) بووە، تیایدا گوتوویەتی: "ـ هیچ رۆڵێکم نییە، نە لە دۆزینەوەی بوونی چینەکان لە نێو کۆمەڵداو نە لەو دژایەتییانەش، کە لە نێوانیاندا روو دەدەن، زۆر لەمێژتر بەر لە من مێژووناسە بۆرژواکان باسیان لە بەرەپێشچوونی مێژوویی ئەم دژایەتیی چینایەتییە کردووە."

مارکس دژی ئەو کەسانە بووە، کە ویستوویانە کۆمەڵگا بەرەو جیهانگەری ئاڕاستە بکەن، بەڵام نەیەزانی رۆژێ دادێ ناوەکەی دەبێتە خێوێ، هەر وەک (ئێریک وەڵف) لە کتێبە نوێیەکەیدا بە نێوی (ئەوروپاو ئەوەی مێژووی نییە) دەڵێ:"ـ کە وەک خۆی دەڵێ زۆر قەرزاری بیری (مارکس)ە، کە ئیمڕۆ خەریکە دەبێتە کەلاوەیەک لە پاشماوە."

لێرەدا ئەم سەرەتایانە دەخەمە پێش خۆم تا بتوانم خۆم ئامادە بکەم بۆ دۆزینەوەی، رەنگە بە

لامەوە درەنگیش بووبێ، (ئێریک هۆبزباوم Eric Hobsbawm)ی مێژووناس، پرسیاری ئەوە بکەم ئایا، ئێمە بۆچی هەندی لەبارەوە نازانینو بۆچی مامۆستایانی زانینی مێژوویی ناوی ئەم زاتەیان نەهاتۆتە سەر زمان، کە ئێمە قوتابییان بووین؟ نازانم بۆچی ئەو کاتە ئەو جۆرە خەڵکانە دەناسین، کە ئەم دنیایە بەجێ دەهێڵن، بۆچی لە ماوەی پانزە ساڵدا، نە مامۆستایەکی مێژوو، نە هیچ باسکارێ، کە تێکەڵاویان دەبووم، پەنجەیان بۆ ئەم پیاوە درێژ نەکرد. ئەمە ئەم پرسیارە دەورووژێنێ: "ـ ئاخۆ ئێمە بە راستی زانستی ناسینی مێژوومان دەخوێند؟" لەو بڕوایەدام نەخێرو دەبێ وانەکانی مێژوو لە زانکۆکانماندا دووبارە راست بکرێنەوە، چونکە بەو جۆرە بووبێ هیچ سوودێکمان نەبینیوە.

هۆبزباوم ئەگەرچی زۆریش گرنگ بووە، بەڵام بە داخەوە، ئێمە هیچ خوێندنەوەیەکمان لە بارەیەوە نەبووە. بەڵام ئەوانەی لە رۆژهەڵاتی کیشوەری ئاسیاوەن، ناسیویانە. وەک هۆبزباوم خۆی دەڵێ: "ـ لەبەر زۆر هۆکاری تەمومژاوی، کە لەبەردەم جووڵانەوە کۆمەڵایەتییە دیموکراتییەکانو کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕییەکاندا قوتبوونەتەوە، چاوەڕوانی ئەوە ناکرێ تەکانو راپەڕینێکی نوێ لە





رێبازی مارکسزمی هەڵگری نەریتی رامیاریدا روو بدا، بەڵام دەبێ ئاگامان لەو زیادڕەوییەش هەبێ، کە لە جیهانی رۆژئاواییدا بۆتە باو. بۆ نموونە، ئەگەر بڕوانینە لایەنی ئەوەی، کە نووسینەکانی من سەبارەت بە بابەتی مێژووی چەند بایەخیان پێ دەدرێن، من بۆم دەرکەوتووە، کە لە هەشتاکانی سەدەی رابردووەوە خوێنەریان زیاتر لە (کۆریای باشوور)و (تایوان)دا هەن، لە وڵاتی (تورکیا)شدا لە نەوەتەکانەوە. هەروەها بەڵگەی واش هەن، کە خوێنەریان لە جیهانی عەرەبیدا ئێستا زیاتر بووە."

بێگومان هەر دەزگایەکی چاپو بڵاوکردنەوە بێ، یاخود هەر وەرگێڕێ بێ، بە پەرۆشە، کە کار لەگەڵ بەرهەمەکانی (هۆبزباوم)دا بکا. بەڵام گرنگ ئەوەیە ئیستێ لە ئاستی تێڕوانینی بۆ نوێکردنەوەی مێژوودا بکەین.

هۆبزباوم لە ساڵی ١٩٦٢ دەربارەی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازی نووسی، لە ساڵی ١٩٦٧یش لێکۆڵینەوەیەکی بە ناونیشانی (خوێندنەوەیەک بۆ مێژووی کرێکاران) بڵاوکردەوە، بە دوایدا لێکۆڵینەوەیەک بە ناونیشانی (پیشەسازیو ئیمپراتۆری)، کە لە ساڵی ١٩٦٩ بڵاوبۆتەوە. لە ساڵی ١٩٧٣شدا کتێبێکی بە ناونیشانی (مێژووی

ژیانی کارڵ مارکس) بڵاوکردەوە. هەر لە هەمان ساڵدا کتێبی (سەردەمی سەرمایەداری)ی بڵاوکردەوە. ئیدی نووسینو لێکۆڵینەوەکانی ئەم مرۆڤە تاکو ئیمڕۆ هەر بەردەوامە. هەڵبەت ئەو هەموو زانیارییەی لە ساڵی ١٩٦٢، ١٩٦٩، ١٩٧٥دا لای ئەم مێژووناسە کەڵەکە بووە، رۆڵێکی گەورەی لە پێشکەشکردنی نەخشەو وێنەی دەزووەکانی پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی جیهانیو پێشکەوتنو بەرەوپێشچوونی پیشەسازیدا بینیوە.

ئیمڕۆ (ئێریک هۆبزباوم) هاتۆتە نێو جیهانی ئێپستمۆلۆجییەوە، داوا لە مێژووناسان دەکا نوێکردنەوە لە مێژوودا بکەن، بە لایەوە وایە ئەو ئەرکە تەنها ناکەوێتە ئەستۆی فەیلەسووفەکان، کە بێن لێکدانەوەی جیهان بکەن، بەڵکو مێژووناسان دەبێ گۆڕانی بەسەردا بهێنن. دیارە ئەم دوو وتەیەش لە فەلسەفەکەی (لۆدڤیگ فیۆرباخ)ەوە خوازراوە، کە بۆتە سەرچاوەی سرووشی مێژووناسە مارکسیەکان. لە هەشتاکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، زۆربەی زۆری ئەو رووناکبیرانەی، کە بوون بە مارکسی، بە تایبەتی مێژوونووسە مارکسیەکان، لەبەر ئەوە بووە، کە ویستوویانە بە هۆی مارکسیەتەوەو بە هاوکاریی لەگەڵ





بزووتنەوەی کرێکارانو بزووتنەوەی سۆشیالیستی ئەم جیهانە بگۆڕن.

بە رای هۆبزباوم بیرو بۆچوونێ هەیە بۆ نوێکردنەوەو بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژوو، هەروەها پێویستییەکیش هەیە بۆ هاوکاریی هەرەوەزی. ئەو هاوکارییەش ئەو کۆمەڵە مێژوونووسانە رووەو کێڵگەی لێکۆڵینەوە دەبا، کە ویستوویانە گۆڕان بەسەر جیهاندا بهێنن. بە تایبەتی سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی لەسەر مێژووی گەلان، یاخود چینی کرێکار، کە لە بنچینەدا هیچ پەیوەندییەکی تایبەتیان نەبووە بە روانگەی مارکسیزم، ئەگەر چی بە شێوەیەکی سروشتی چەپەکانی بەلای خۆیدا راکێشاوە. بە پێچەوانەشەوە، ئەم رووناکبیرانە کاتێ، کە وازیان لە شۆڕشگێڕێتیی کۆمەڵایەتیی خۆیان هێناوە، هەر لە نەوەتەکانی سەدەی نۆزدەهەمەوە، ئیتر وازیشیان لە مارکسیزمەکەی خۆشیان هێناوە.

هۆبزباوم رستەیەکی (لۆرانس ستوون)ی خواستووە، کە دەڵێ: "ئامانجی مێژوو دەبێ کردنی ئەو پرسیارە گەورەیە بێ، کە (بۆچی؟)یە." بە لای (هۆبزباوم)ەوە ئەم گۆرانکارییە کۆمەڵایەتییە لە لایەن زانستی مێژووەوە نەهاتۆتە دی، بەڵکو لە لایەن زانستە کۆمەڵایەتییەکانەوە هاتۆتە دی.

هەڵبەت ئەو زانستانە کۆمەڵایەتییانەش هەندێکیان تازەپێگەشتووبوونو ئەو سەردەمەش وەک ڕێبازی (گەشەکاری)، واتە مێژوویی خۆیان سەپاندووە. دیارە هۆبزباوم مارکسی بەلاوە زۆر زۆر گرنگ بووە، نەک هەر لەو ڕووەوە، کە بە باوکی کۆمەڵناسیی ئێپستمۆلۆجی ناسراوە، بەڵکو مارکسیزم بێگومان ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە یەکەمین پێکهێنانی بزووتنەوەی وەڵامدانەوەی (بۆچی) بۆ لێکدانەوەی مێژوو.

مارکس بە شێوەیەکی سەرەکی بە هۆی مێژووناسانو باسکارانەوە لە سەر زانستە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی سەرەکیی لە سەر مێژوودا هەبووە. هۆبزباوم دەڵێ: "ـ زۆر بە پەرۆشم ئەو ڕۆژە ببینم، کە خەڵکی ئیتر ئەو پرسیارەیان لەلادا نەمێنێ بیکەن، کە ئایا نووسەران مارکسین، یان نا. بەڵام من هەمیشە باوەڕم بەوە هەبووە، کە هێشتا هەر دووریـن لە یۆتۆبیاوە. ئیتر هەر لەو کاتەوە، بە پێچەوانەوە پێویست زیاتر بوو بەوەی بزانرێ، کە مارکسیزم چیی پێشکەش بە زانستی مێژوو کردووە. مێژوو پێویستی بەوە بووە، کە بەرهەڵستی لە خۆی بکاو دژی ئەو کەسانە بێ، کە باوەریان نییە، کە یارمەتیمان بدا لە تێگەیشتنی مێژوو."

## بلاّوكراوەكانی مەكتەبی بیروهۆشیاری (ی. ن. ك)
## ساڵانی ( ۲۰۰۸ ـ ۲۰۰۹)

| ز | ناوی بڵاوكراوە | ناوی نوسەر | ساڵی دەرچوون |
|---|---|---|---|
| 251. | هـــەرێمی كوردســـتان و توركیا | مامۆستا جەعفەر | ۲۰۰۸ |
| 252. | پارتی سۆسیال دیموكراتی سویدی | عوسمـان حەمــە رەشـید گورون | ۲۰۰۸ |
| 253. | جلال طالباني رجل القرار | حوار الفضائية العراقية | ۲۰۰۸ |
| 254. | لەكییــە هاردییـــەوە بــۆ گۆردن براون | سلێمان عەبدوڵلا یونس | ۲۰۰۸ |
| 255. | دەسەڵاتی دادوەری | گـــۆران ئـــازاد حەمـــە گەمخان | ۲۰۰۸ |
| 256. | جەنگی دەرونی | ئاراس فەریق زەینەڵ | ۲۰۰۸ |
| 257. | كركـوك بموجـب أحصـاء عام ۱۹۵۷ | قســـم البحـــــوث واستطلاعات الراي | ۲۰۰۸ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| 258. | مـــام جـــەلال جێگـــری ســـەرۆكی سۆسیالـــت ئەنتەرناسیۆنال (ی. ن. ك) ئەندامی هەمیشەیی | مەكتەبی بیروهۆشیاری | ۲۰۰۸ |
| 259. | گۆڤاری نۆڤین ـ ۱۳ ـ | | ۲۰۰۸ |
| 260. | پــــرۆژەی قــــانونی بەگژداچوونەوەی گەندەڵی | كاوسێن بابەكر | ۲۰۰۸ |
| 261. | دەروازەیەك بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكان | د. ئەنوەر محەمەد فەرەج | ۲۰۰۸ |
| 262. | كردســـتان والسياســـة الســـوفيتية في الشـــرق الأوسط | تأليف: فاضل رسول<br>ترجمة: غسان نعسان | ۲۰۰۸ |
| 263. | ئاشـــنابوون بەسۆســـیال دیموكراتی | كارزان كاوسێن | ۲۰۰۸ |
| 264. | جیهـــانێكی دادپـــەروەر شیاوە | كارزان كاوسێن | ۲۰۰۸ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| .265 | لێپرساوێتی و خۆشگوزەرانی هاوبەش | کارزان کاوسێن | ٢٠٠٨ |
| .266 | پێ بەپێی مێژوو بەرەو بەهەشت | کاوسێن بابەکر | ٢٠٠٨ |
| .267 | کردستان والحقوق القومیة للترکمان | د. مکرم الطالبانی | ٢٠٠٨ |
| .268 | قەیرانەکانی دیموکراسی | رالف دارن دۆرف<br>و. لەئەڵمانییەوە: ئیسماعیل حەمەئەمین | ٢٠٠٨ |
| .269 | قضیة إبادة الأرمن امام المحکمة أو قضیة طلعت باشا | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |
| .270 | ئیرلەندای باکوور | سلێمان عەبدوڵلا یونس | ٢٠٠٨ |
| .271 | ناوچەکانی ململانێ لەنێوان کوردو حکومەتەکانی عیراقدا | هەورامان کەمال میرزا عەبدوڵلا<br>تاریق رەئوف محەمەد | ٢٠٠٨ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| .272 | نوروز عید الأمجاد ومفخرة الأحفاد | د. احمد عبدالعزیز محمود | ٢٠٠٨ |
| .273 | الکرد في تجارب الأمم وتعاقب الهمم | د. احمد عبدالعزیز محمود | ٢٠٠٨ |
| .274 | نیچەو مەسیحیەت | و: لەفارسییەوە:<br>مەسعود بابایی | ٢٠٠٨ |
| .275 | مێژووی قەدەغەکردنی کتێب لەکتێبخانەی گشتیی کەرکوکدا | حەمەدیان | ٢٠٠٨ |
| .276 | علمینی یا کرکوک کیف ابکیكِ | محمد شوان | ٢٠٠٨ |
| .277 | چوار رۆژ لەکوردستانی ئازاددا | موکەرەم تاڵەبانی | ٢٠٠٨ |
| .278 | مسألة إبادة الأرمن امام المحکمة ـ الطبعة الثانیة | ترجمة: غسان نعسان<br>مراجعة: ماموستا جعفر | ٢٠٠٨ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 279. | پرۆژە یاساکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی | سمكۆ ئەسعەد ئەدهەم | ٢٠٠٨ |
| 280. | یەکگرتووی ئیسلامی لەنێوان ئیسلامیبوون و نەتەوەییبووندا | بەختیار عبدالرحمن | ٢٠٠٨ |
| 281. | پیسبوونی بینین و کاریگەری لەسەر رەفتاری کۆمەیەتی | هەوراز محەمەد | ٢٠٠٨ |
| 282. | شارەزوورو لورستانی باکوور | د. حسام الدین نەقشبەندی | ٢٠٠٨ |
| 283. | خانی ـ شاعیرو بیرمەند، فەیلەسوف و سۆفی | پرۆفیسۆر. د. عیزەدین مستەفا رەسووڵ | ٢٠٠٨ |
| 284. | زاراوەکانی کۆنفرانس | نەجاتی عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| 285. | دەرکەوتنی رێکخراوی قاعیدە لەکوردستانی عیراقدا | یونس گۆران | ٢٠٠٩ |





| | | | |
|---|---|---|---|
| 286. | سیاسەتی شیعەکان دەرهەق بە کەرکوك و فیدراڵی | ئارام رەفعەت | ٢٠٠٩ |
| 287. | مشكلة تقييد السلطة السياسية بالقانون | زانا رۆوف حمه كريم | ٢٠٠٩ |
| 288. | یاسای پارێزگا رێکنەخراوەکان لەهەرێمێکدا | و: خلیل عەبدوڵڵا | ٢٠٠٩ |
| 289. | سجالات عربية كردية | د. هلكوت حكيم | ٢٠٠٩ |
| 290. | ئیدارەی کوردی ئاستەنگ و ئاسۆی گەشەکردن | مامۆستا جەعفەر | ٢٠٠٩ |
| 291. | سۆسیال دیموکراسی (مێژوو، تیۆری، رەخنە) | د. ئەکرەمی میهرداد | ٢٠٠٩ |